# ئایندەناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات. ژمارە (٢١) ساڵی پێنجەم، ئابی ٢٠٢٤

دۆسییەی ژمارە

## ڕووسیای نوێ

- کاریگەرییەکانی ڕووسیای نوێ لە سەر سیستمی نێودەوڵەتی
- هێزی نەرمی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست عێراق وەک نموونە
- پێگەی ڕووسیا لە ململانێ جیۆسیاسی-ئیکۆنۆمییەکاندا
- گەمەی گەورەوارەکان ئایندەی ڕووسیا لە نێوان دەرفەت و ئاڵنگاریدا



# ئایندەناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (٢١) ساڵی پێنجەم، ئابی ٢٠٢٤

**خاوەنی ئیمتیاز:** سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

**سەرنووسەر:** د. هەردی مەهدی میکە

**بەڕێوەبەری نووسین:** ئەژی ئازاد ئەبوبەکر



**بۆردی ڕاوێژ**

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول



**هەڵەگر:** باخان ئەحمەد
**نەخشەساز:** ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G, شووقەی 4

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

SCAN ME

# ئایندەناسی

ئایندەناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات. وەرزی جارێک دەردەچێت، ئامانجی گرنگی دانە بە لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژی و ئاییندەیی بە تەوەرێتی و گرنگیدانی بە کوردستان و هەرێمایەتی و دۆخی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ناوچەکەوە بە ئامانجی تێگەیشتن لە ئێستا و ئایندەی وەرچەرخانە جیهانیی و هەرێمییەکان و کاریگەرییان لەسەر کوردستان، بواری توێژینەوەی بریتی دەبێت لە سیاسەترێژی کورتمەودا و دورمەودای کوردستانی، شرۆڤەی سیاسەتی وڵاتانی هەرێمایەتی، توانای ئێستا و ئاییندەیی سەربازیی و سیاسیی وڵاتان، هەل و هەڕەشەکان، توانا و نەرمەهێز و سەختەهێزی هەرێم و هەرێمایەتی، ئاستەنگ و هۆکار و ڕێکارەکانی بە دامەزراوەییکردنی دەزگاکانی سیاسەت، یاسادانان، میریی و توانا بەرگرییەکان...تاد. مەرجیشە هەر بابەتێکی بڵاوکراوە لە خۆگرییگریمانە و سیناریۆی ئاییندەیی و گریمانەیی بێت ئەمەش لەپێناو هاوکارییکردنی سیاسەترێژیی و شرۆڤەی دۆخی ئێستا و هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی ڕوویداوە و ڕوودەدات.

میتۆدی کارپێکراوی توێژینەوەکان بریتی دەبێت لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چەند پسپۆڕێتی (Multidisciplinary) و نێوپسپۆڕیی (Interdisciplinary)، بە سوودوەرگرتن لە زانست و لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان، لە ڕێگەی بە پشتبەستن بە زانیاریی و ئاماری نوێی ناوچەیی و جیهانی و دەوڵەمەند بە گرافیک و چارت ئاماریی.

هەوڵدەدرێت هەر ژمارەیەکی ئایندەناسی لە خۆگری توێژینەوە، وەرگێڕان، شرۆڤە و ڕاپۆرتی ئاماریی و گریمانەسازیی بۆ وەرچەرخان و گەشەکردنەکانی کەرتەجیاوازەکانی حکومەتداری و کۆمەڵگە، چاوپێکەوتنی پسپۆڕ و خاوەن بۆچوونەکان، بێت.

# پێڕستی ناوەرۆك

سەروتار

کاریگەرییەکانی ڕووسیای نوێ لە سەر سیستمی نێودەوڵەتی ● پ.د. ئومێد ڕەفیق فەتاح ......................... ٤

تویژینەوەی ناوخۆیی

بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەکتەرە بێدەوڵەتەکاندا؛ هەرێمی کوردستان بە نموونە
● د. دڵسۆز جەلال حسێن ........................................................................................ ٩
هێزی نەرمی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست عێراق وەک نموونە ● کەیوان سدیق محەمەد ..................... ٢٧
پێگەی ڕووسیا لە ململانێ جیۆسیاسی-ئیکۆنۆمییەکاندا ● د. ڕەنج نەوزاد ............................................. ٤٨
گەمەی گەورەوارەکان ئایندەی ڕووسیا لە نێوان دەرفەت و ئاڵنگاریدا ● د. زانا کەریم .............................. ٦٩

تویژینەوەی وەرگێڕاو

تێڕوانینی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بۆ ڕووسیا وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ● کەیوان سدیق محەمەد ........... ٨٦
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چۆن بوو بە مەیدانی ململانێی پۆتین لەگەڵ ئەمەریکا ● وەرگێڕان: سامان سەلاح ...... ٩٥
بەڕێوەبردنی تەنگژەکان ڕووسیا لە نێوان گەمارۆکانی ڕۆژئاوا و ئاڵنگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا
● ........................................................................................ وەرگێڕان: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد ١٠٦

ڕاپۆرت

ڕۆڵی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا لە پرۆسەی بەرهەمهێنان لە عێراقدا ● ئامادەکردن: ئایندەناسی .......... ١٣٠

کتێبی ئایندەیی

گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست: بونیادنانی کۆشکی لمی ● ئامادەکردن: ئایندەناسی ............... ١٤٧

فەرهەنگی ئایندەناسی

کۆمەڵەی ڤاگنەر ● ئامادەکردن: د. جەلیل عومەر عەلی ............................................................... ١٥٣



پ.د. ئۆمێد ڕەفیق فەتاح

# کاریگەرییەکانی ڕووسیای نوێ لە سەر سیستمی نێودەوڵەتی

زۆربەی شیکارییەکان گۆڕانی ڕۆڵی ڕووسیا دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ و بە دیاریکراوی دوای داگیرکردنی دوورگەری قرم، بەڵام ئیدراکی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسی بە گشتی و تێڕوانینی پۆتین بۆ سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧، کە بە ساڵی پیاچوونەوە و هەڵگەڕانەوەی ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا ناسراوە. پۆتین بیروڕاکانی خۆی لە بارەی سیستمی ئابووری و ئاسایش و باڵانسی هێز و سیستمی سیاسی و لیبراڵی خستە ژێر ڕەخنەوە، بەم پێیە بۆ هەموو ئەم سێکتەرانە جێگرەوەی ڕووسیی خستە ڕوو، ئەوەش لە چوارچێوەی چەمکێکدا بە ناوی «جیهانی ڕووسی». لە بارەی ئاسایشی جیهانەوە، بڕوای وایە جیهان گەیشتووە بە خاڵێکی یەکلاکەرەوە، بونیادی ئاسایشی جیهانی لە مەترسیدایە. لە سایەی تاکجەمسەری و هەژموونی ئەمەریکادا، ئاسایشی تاک و دەوڵەت و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە مەترسیدایە.

لە بواری ئابووریدا بە هۆی بوونی سەرچاوەکانی وزە، بە تایبەت گازی سروشتی لە ڕووسیا، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، کۆنترۆڵکردن و چڕکردنەوەی دەسەڵاتی ئابووری لە لای پۆتین و گرێدانی چەندین هاوپەیمانیی ئابووری، بە تایبەت لەگەڵ چین و هیند، فراوانکردنی هاوپەیمانی بریکس، ڕووسیا لە ڕووی ئابوورییەوە پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە.

لە ڕووی سەربازییەوە جگە لەوەی لە دوای شەڕی درێژخایەنی ئۆکراین و داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی ئۆکراین، ئاڵنگارییەکی گەورەی هاوپەیمانیی ناتۆی کردووە، سەرکەوتوو بوو لە هەڕەشەکانی لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا.

لە ڕووی سیاسییەوە خەریکی فروانخوازییە لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە دوو ئاڕاستە، ئاڕاستەیەک کە وەکوو هێزی نێوەندگیری لە نێوان ئەو وڵاتانەی لە ململانێدان لە ناوخۆ و دەرەوە، یاخود نێوەندگیری نێوان وڵاتان. ڕووسیا بە ڕووی سیاسییەوە توانیی بگاتە ئەوە ئامانجەی کە «هێزی گەورە»یە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زۆر لە کێشەکانی ئاسیا و ئەفەریقا، ئەمەش ئامانجی سەرەکیی ڕووسیای نوێیە.

لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە خەریکی فراوانکردنی هاوپەیمانیی سەربازی و ئابووریی نوێیە، بە تایبەت لەگەڵ ئەو هێزانەی کە نەیاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکان.

ڕووسیا بۆ ئەم مەبەستە سوود لەو پاشخانە مێژوویيەی وەردەگرێت کە لەگەڵ وڵاتان لە سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو هەیبووە. ڕاستییەکی تر هەیە کە دەبێت ئاگامان لێی بێت ئەوەش ئەوەیە سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک پەیوەستە بە توانا و ئەندازەی ئەو سەنگ و هێزەی کە هەیەتی، بۆ ئەمەش ڕووسیا زۆر واقیعیانە مامەڵەی کرد و ڕەچاوی دووبارە بونیادناوەی خۆی لە سەر بنەمای توانا ئابووری و سەربازی و دیپلۆماسییەکانی کردووە.

پۆتین زۆر بە ڕوونی ئەمەی وتووە کە جیهان زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت. جیهانگیری و قەیرانەکان و پێکدادانەکان ئەوە دەردەخەن کە هەندێک دەوڵەت کێشەکانیان بە ڕێگەی سەربازی و هێز چارەسەر دەکەن، بۆیە دەرکەوتنی هەندێک هێزی ڕووخێنەر لە هەندێک ناوچەی جیهاندا هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی گەلان. هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە باس

لە ناردنەدەرەوەی دیموکراسی دەکەن و گوێ بە سەروەریی دەوڵەتان و یاسای نێودەوڵەتی نادەن، وەکوو هەوپەیمانی ئەو هێزانە دەمێننەوە کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی گەلان.

لە ڕێگەی ئەم پەیامانەوە دەیان جار ئەمەریکا و ئەورووپای ئاگادار کردووەتەوە کە دروستکردن و فراوانکردنی دەستتێوەردانیان بۆ سنوورەکانی نزیك ڕووسیا مەترسیدارە.

لەگەڵ ئەم فاکتەرانەی کە ڕووسیا پشتیان پێ دەبەستێت بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوە، بەڵام گرفتارە بە دەست کۆمەڵێک تەحەداوە، لەوانە سیستمی نێودەوڵەتی لە قۆناغی دەرکەوتن و هاتنەپێشەوەی هێزی گەورە و کاریگەری ترە جگە لە ئەمەریکا. هەڕەشەکانی ڕووسیا لە سەر ئەورووپا وەکوو مەترسیی گەورە لە سەر ئاسایشی ئەورووپا، وای کردووە کە ئەورووپا جگە لە ناتۆ؛ خەریکی دروستکردنی سوپای ئەورووپایە بۆ دروستکردنی چەتری ئاسایشی ئەورووپا، بۆ ئەم مەبەستە سەرجەم دەوڵەتانی ئەورووپا لە دوو ساڵی ڕابردوودا بودجەی بەرگرییان لە ٪٥ بۆ ٪١٠ لە بودجەی گشتیدا زیاد کردووە بۆ بودجەی بەرگری. هەروەها بۆ ڕووسیا ئاسان نییە لەمە زیاتر فراوانخوازی بکات، چونکە پێویستی بە بودجەیەکی گەورە هەیە و ئەمەش لە سەر حیسابی سیاسەتی ناوخۆ و بودجەی گشتی دەبێت.

یەکێکی تر لە ئاڵنگارییەکانکە کاریگەریی لە سەر ڕووسیا و گەشەکردنی خێرای دروست کردووە، ئەزموونی شەڕی تەقلیدیی ئۆکراین بوو کە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە یەکلاییکردنەوەی ململانێکانی.

ئەوەی چانسی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتێکی دروست نییە، نێوچەکە تا ڕادەیەک بێزار بووە لە سیاسەتێکی ناڕوونی ئەمەریکا، ئەمەش چانس دەدات بە ڕووسیا ئامادەیی زیاتری هەبێت.



دۆسیێی ژمارە

# ڕووسیای نوێ

توێژینەوەی ناوخۆیی

# ئایندەناسی

# بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەکـتەرە بێدەوڵـەتەکـاندا؛

## هەرێمی کوردستان بە نموونە



نوسینی: د. دڵسۆز جەلال حسێن
پسپۆر لە زانستی سیاسی و خوێندنی هەرێمایەتیدا

**بەرایی**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی شیکارییانە لەو ئامانجە سەرەکییانە دەکۆڵێتەوە کە هاندەری دەوڵەتی ڕووسیای فیدراڵ بوون لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە دووبارە دروستکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا دراساتی دوایین ئەدای سیاسەت و دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی ڕووسیای فیدراڵ خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە چۆن ئەکتەرە نادەوڵەتییە ناوخۆییەکانی ڕووسیای فیدراڵ دەستیان کردووە بە ڕۆڵگێرانێکی بەرچاو لە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لە بنیاتنانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکاندا (چ دەوڵەتی بێت یان نادەوڵەتی). لە توێژینەوەکەماندا هەرێمی کوردستانی عێراقمان وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی و کەیسێکی تایبەت هەڵبژاردووە کە ڕووسیای فیدراڵ پەیوەندییەکی هەمەجۆر و تۆکمەی لەگەڵدا بنیات ناوە، لە هەمان کاتدا ئەم پەیوەندییانە بوونەتە هۆی دەرخستنی کۆمەڵێ بنەمای ڕاستی و بەرپەرچدانەوەی فیکرەی چەمکە کۆنەکانی نێو دنیای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (بە تایبەتی هەردوو چەمکی ڕیالیزم و نیوڕیالیزم)، ئەمەش بە تیشکخستنەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای هەریەکە لە هۆکارە ئابووری، ئەمنی و ئایینییەکان وەک سێ هۆکاری بنەڕەتی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ کە تێیدا ئامانج لێیان دامەزراندنی بناغەیەکی پتەوی پەیوەندییەکان بووە.

## دووبارە هەڵسانەوەی ڕووسیا

ماوەی دوو دەیە بوو ڕۆڵ و ئامادەییە بەرچاوەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وون بوون. دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠، وڵاتێکی نوێ بە ناوی ڕووسیای فیدراڵەوە لەدایک بوو و ئەم وڵاتە نوێیەش زۆر سەرقاڵی بارودۆخ و ئاریشە ناوخۆییەکانی خۆی بوو. دەشێت بوترێت لەم ماوەیەدا دەوڵەتی ڕووسیا زۆر لە پەراوێزدا بوو، لە لایەکی دیکەوە لانی کەم وا دەردەکەوت کە لە پڕۆسەی دووبارە خۆبنیاتنانەوە و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی خۆیدا بووە. ئەم بارودۆخەی ڕووسیا درێژەی کێشا تا سەرەتای ساڵانی (٢٠٠٠)ەکان. دواتر دوای ڕوودانی زنجیرەیەک ڕووداوی گرنگی ناوخۆیی ڕووسیا و نێودەوڵەتی، کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر سیاسەتی ڕووسیا دروست کرد کە بارودۆخی ڕووسیای بە تەواوەتی گۆڕی، ئەوانیش هەریەک لە ڕووداوەکانی وەک: هاتنی ڤلادیمێر ڤلادیمرۆڤیچ پۆتین بۆ سەر کورسیی سەرۆکایەتی، ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣دا و دواتر بڕیاری هەناردەی هێزی ڕووسی بۆ ناو خاکی سووریا لە ساڵی ٢٠١٥ کە وایان لە ڕووسیا کرد وەک «game changer»ێکی کاریگەر دەربکەوێتەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی نێودەوڵەتیدا [١]. لە ئەمڕۆدا ڕووسیا بە هێز و بەرگێکی نوێوە هاتووەتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی، زۆر بە تایبەتی ناو گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بێگومان ئەکتەرێکی سەرەکییشە و لە زۆربەی ئاریشەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاو وکاریگەر و یەکلاکەرەوەشی هەیە.

ڕووسیا لە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەیدا پشتی بە هەندێ بنەمای یەکلاییکەرەوە بەستەوە، لەوانەش: فراوانکردنی پەیوەندییەکانی، دۆزینەوەی دۆستی نوێ، دۆزینەوەی کڕیار بۆ چەک و تەقەمەنییەکانی، دروستکردنی لینکی وەبەرهێنان و دووبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوبەش و دۆستە دێرینەکانی یەکێتیی سۆڤیەتدا. ئەوەشمان بیر نەچێت کە دەوڵەتی ڕووسیای فیدراڵ خۆی بە میراتگری سەرەکیی یەکێتیی سۆڤیەت دادەنێت، بۆیە دۆستە دێرینەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بە دۆستی ئێستای خۆی دەزانێت. لە هەمان کاتدا لە ئەمڕۆدا ڕووسیا زۆر بە ڕژدی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیڕەوی سیاسەتێک دەکات کە هەڵگری پەیامێکی زۆر تایبەتە لە پەیوەندییەکانیدا، ئەوەیش ئەوەیە کە دەوڵەتی ڕووسیا دەتوانێت دڵنیایی بدات کە هەمیشە دۆست و هاوبەشێکی

متمانەپێکراوە.

لە توێژینەوەیەکدا کە دامەزراوەی «Rand Corporation» لە ٢٠١٧دا بڵاوی کردووەتەوە، پاڵپشتیی ئەم بیرۆکەیەی کردووە کە لەم دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووسیا هەوڵی بەرچاوی لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی داوە لەگەڵ زۆرێک لە ئەکتەرە دەوڵەتییەکان و نادەوڵەتییەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵی داوە کە زۆربەی پەیوەندییەکانی لە باشترین شێوەدا فۆڕمەلە بکات و لە چوارچێوەی مامەڵەیەکی تایبەتیشدا هەوڵێکی زۆری داوە کە بەربەستەکان بشکێنێت یان بە لایەنی کەمەوە هیچ نەبێت بەربەستەکان کەم بکاتەوە و کەمترین سنووردارکردنیشی لە بەردەم خۆیدا هێشتووەتەوە [٢]. «Rand Corporation» زیاتر وردتر بووەتەوە و بە دیاریکراوی هەرێمی کوردستانی عێراقیان (وەک ئەکتەرێکی بێدەوڵەت) هەڵبژاردووە بۆ لێکۆڵینەوە و قسەلەسەرکردن کە تێیدا ئاماژەیان بەوە داوە هەرێمی کوردستان وەک ئامانجێکی زێڕین لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا جێگیر کراوە.

لە ڕووی مێژوویەوە، بە تایبەتی لە چەمکە سیاسییە کۆنەکاندا (Traditional theories)، لە نێو کایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پەیوەندیی نێوان وڵاتانی خاوەن سیادەت و ئەکتەری بێدەوڵەت هەمیشە شتێکی نامۆ بووە، بە تایبەتی کاتێک زۆرێک لە چەمکە کۆنەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان دەبێت تەنها لە سەر ئاستی دەوڵەتان بنیات بنرێت و لە نێوان وڵاتانی خاوەن سیادەتدا بێت. لە هەمان کاتدا ئاماژەش بەوە دەدەن کە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە ئابوورییەکان، ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتووری و هەموو چالاکییەکانی تر تەنها لە چوارچێوەی دەوڵەتە خاوەن سیادەتەکاندا کۆ دەبنەوە و ئەنجام دەدەرێن. کەیسی هەرێمی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی لە سەر ئاستی جیهان؛ گومانی لە سەر بنەما فیکرییەکانی ئەم بیردۆزانە دروست کردووە، بە تایبەتی کاتێ کە ڕووسیا لەم دواییانەدا ئاواتەخوازی داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی بووە لە ناوچەکەدا و بە فەرمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق لە سەر بنەمای ئامانجە ستراتیژییە درێژخایەنەکان ئاشکرا کردووە و داڕشتووە [٣]. لێرەدا لەم بابەتەدا بە کورتی لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوە

دەکەین کە بۆچی ڕووسیا دووبارە ڕووی وەرگێڕاوە لە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە بێدەوڵەتەکاندا -بە تایبەتی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرێک کە هەندێک وەک «**смутьяни**» (کێشەدروستکەر) ناوی دەبەن.

ئەم توێژینەوەیە لە سەرەتادا کورتەیەک لە سەر هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە مێژووییەکانی لەگەڵ ڕووسیا شی دەکاتەوە، دواتر خاڵە سەرەکییە هەنووکییەکان دەستنیشان دەکات کە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستانی لە سەر بنیات نراون. لە کۆتاییدا هەندێ سەرنج دەخەینە ڕوو بۆ هەردوو لا (هەرێمی کوردستان و ڕووسیای فیدراڵ)، تاکوو پەیوەندییەکانیان زیاتر پەرە پێ بدەن و فراوانتریان بکەن.

## مێژوویەکی کورت لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕووسیا

هەندێ فاکتەری سەرەکی دەربارەی هەرێمی کوردستانی عێراق

- شوێنی جوگرافیای: باکووری عێراق
- جوگرافیاکەی: ٤٠٦٤٣کم٢، کە لە ١٨٪ی سەرجەم خاکی عێراق پێک دێنێت.
- دانیشتووان: ٦ ملیۆن کەس، کە بە نزیکەی ١٧٪ دانیشتووانی عێراقە لە ساڵی ٢٠١٨.
- سەرچاوەکانی نەوت و غاز: BBL45 نەوت و 100-200 TCF غاز

کۆدەنگییەکی باش لە نێوان لێکۆڵەرانی سیاسیدا هەیە کە ڕووسیای فیدراڵ هەڵگری نازناوی زلهێزی جیهانی هەڵگرتووە[٤]، لێرەدا لەم توێژینەوەیەدا هەمان ناو و نازناومان بۆ ڕووسیای فیدراڵ دووبارە کردووەتەوە، بەڵام هەر چی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراقە زۆر ئەستەمە ناو یان زاراوەیەکی تەواو بدۆزرێتەوە بۆ ناوهێنانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش پەیوەستە بەو ڕاستییانەوە کە کورد بە درێژایی مێژوو، زۆر بەتایبەتیتر هەر لە سەرەتای ساڵانی (١٩٠٠)ەکانەوە چەندین شۆڕشی گەورەی ئەنجام داوە، بەڵام نەگەیشتووەتە کیانێکی سەربەخۆی خۆی. هەر چەندە بە شێوەیەکی فەرمی ڕژێمی سەددام ئەتۆمی دایە کوردستانییانی باکووری عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠)کاندا (کە بە ڕێککەوتنی یانزەی ئازار ناسراوە)، وە لە ساڵی (١٩٩٠)ەکاندا کوردستانییانی عێراق توانیویانە خاکەکەیان بەڕێوە بەرن، حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی و دادوەری

دابمەزرێنن. دەستووری عێراقیش لە ٢٠٠٥دا هەرێمی کوردستانی وەک هەرێمیکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقێکی سەربەخۆدا ناساندووە.

لە سەر بنەمای ئەم ڕاستییانە، دەسەڵاداران و سەرکردەکانی کوردستان توانییان سیستمێکی بەڕێوەبردن بنیات بنێن (هەرێمی کوردستانی عێراق ١٩٩٢) و پەیوەندییەکی ئاڵۆزی هەمەجۆر لە گەڵ ئەکتەرە جیهانییەکاندا دروست بکەن. ئەم شێوازە ئاڵۆزەی خۆبەڕێوەبردن و پەیوەندییە هەمەجۆر و فراوانەی هەرێمی کوردستان، وای لە لێکۆڵەران کردووە ناو و نازناوی جۆراوجۆر بەم قەوارەیە ببەخشن: quasi-state [٥]و unrecognized state [٦] و 'de facto-state' [٧] و 'separatist', 'contested'[٨].

لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی ڕووسیای فیدراڵ لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق، دەکرێت تەنها بە ئاوڕدانەوەیەک لەو پرۆژە گرنگەی کە لە ژێر ناونیشانی «Netgovru project»دا ئەنجام دراوە، زۆرێک لەو هۆکارانە دەستنیشان بکرێن کە لە پشت ستراتیژیەتی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵن، وە چۆن ئەم هۆکارانە هانی ئەم وڵاتە زلهێزە دەدەن لە هەڵپەهەڵپی دروستکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکاندا. ئەم پرۆژەیە لە لایەن تیمێک لە لێکۆڵەرانی نەرویجی، ڕووسی، ئەڵمانی، فینلەندی و بەریتانییەوە ئەنجام دراوە. لە پرۆژەکەدا تێزی تۆڕی حکومی (network governance theory) وەک چەقی لێکۆڵینەوەکانیان دەستنیشان کراوە و بەکار هێنراوە، بە ئامانجی ئەوەی کە وەک مەتریالێک بەکار بهێنرێت بۆ دراسەکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و سیاسەتی فیدراڵی و هەرێمی و ناوخۆیی دەوڵەتی ڕووسیا. دەرئەنجامی ئەم پرۆژەیە دەرخستەی ئەو ڕاستییە بوو کە ڕووسیا هەڵسوکەوتی «unitary actor» ناکات، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە «پارتی ناوەند لە سەر بنەمای پاوانخوازیی ژێر نەتەوەیی» (centralized party based on subnational authoritarianism) کاری کردووە، بەڵام سەرکردەکانی ئێستای پارتی دەسەڵاتدار، پارتی ڕووسیای یەکگرتوو **(Идиная Россия)**، زۆر باش لەوە تێگەیشتوون کە دەبێت لەگەڵ ئەکتەرە ناوخۆییە نادەوڵەتییەکانی ڕووسیا (بازرگانی، کۆمەڵایەتی، دینی و کولتووری و... هتد) بەرژەوەندییەکانی وڵات دابڕێژن و دەستنیشان بکەن، ئەمەش لە چوارچێوەی کارکردن و هاوبەشیکردنە لەگەڵ

ئەکتەرە ‹‹دەوڵەتی و نادەوڵەتی››یە بیانییەکاندا. لەم نێوەندەدا ئەکتەرە نادەوڵەتییە ڕووسەکان توانیویانە ڕۆڵێکی کارا بگێڕن و ئەم دەرفەتە بە جوانی بقۆزنەوە و فۆڕمەڵەی ویستەکانیان لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا دەستنیشان بکەن و هاوتاکان و بەرژەوەندییەکانیان لە دەرەوەی سنووری ڕووسیادا بدۆزنەوە و پەیوەندییان لەگەڵ دروست بکەن، وە لە کۆتاییدا ئەمەش وای لە دەسەڵادارانی ڕووسی کردووە کە پرسوڕا بە کارەکتەرە بێدەوڵەتە ناوخۆییەکانی خۆیان بکەن و هاوبەشییان پی بکەن لە دەرکردنی بڕیارەکاندا [٩].

لە ئێستادا ئەکتەری بێدەوڵەت زۆر بە باشی شوێنی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵی قایم کردووە و ڕۆڵەکانیان زۆر بەهەند وەردەگیرێن، هەر چەندە بیرۆکەی ئەکتەری بێدەوڵەت لە مێژووی دەوڵەتی ڕووسیادا زۆر هەستیار بووە و تەنانەت زۆر جار بە ‹‹**смутьяни**›› (کێشەدروستکەر) ناو هێنراون، وە ئەگەر پەیوەندییەکیشی لەگەڵ ئەم ئەکتەرانە هەبووبێت زۆر بە نهێنی هێشتوویەتەوە. بەڵام ڕووسیای ئێستا باز بەسەر ڕابردووی خۆیدا دەنێت، بە ئاشکرا پەیوەندی لەگەڵ ئەکتەرە بێدەوڵەتە بیانییەکاندا دروست دەکات. ئەم گۆڕانکاری و ئاوڕدانەوە گەورەیەش لە سەر خواست و ویستی ناوخۆیی ڕووسی (بە تایبەتی خواستی ئەکتەرە نادەوڵەتییە ناوخۆییەکانی خۆی) لەدایک بووە و چەکەرەی کردووە.

لەم نێوەندەدا کوردەکان، بە تایبەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەک کارەکتەرێکی بێدەوڵەت هەمیشە لە لایەن ڕووسیاوە وەک ئامرازیکی گرنگ بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی کۆمەڵێک ویست و ئارەزووی خۆی بینراوە. پەیوەندیی نێوان ڕووسیا و کوردەکان لەگەڵ لەدایکبوونی (حکومەتی) هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا دەستی پێ نەکردووە، بڕوا وایە کە سەرەتای ئەم پەیوەندییانە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵانی (١٨٠٠)ەکان، کاتێ کە پێکدادان و ململانێی سەربازیی توند لە نێوان ئیمپڕاتۆرەکانی عوسمانی و سەفەوی و ڕووسەکان هەبوو، بە تایبەتی لە شەڕی کرایما (١٨٥٣-١٨٥٦). هەریەک لە ئیمپڕاتۆڕەکانی عوسمانی و سەفەوی ناوچەیەکی فراوانی زەوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقایان داگیر کردبوو و خستبوویانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، نەتەوەی کوردیش

خاکەکەی دەکەوتە ئەم ناوچەیەوە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپڕاتۆریەتانەدا دەژیا. هەریەک لەم ئیمپڕاتۆریەتانەش هەمیشە ویستی فراوانکردنی سنوورەکانیان هەبووە، هەر بۆیە چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ڕووسی و سەفەوی و عوسمانییەکاندا ڕووی دا. لەم ماوەیەشدا کوردەکان لە لایەن هەریەکە لەم ئیمپڕاتۆرانەوە وەک ئامێرێکی زۆر باشی ‹‹**прокси войны**›› (شەڕی لەجیاتی) دەبینران و بەکار دەهێنران، بە تایبەتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە کوردەکانی هان دەدا بۆ وەستانەوە لە دژی هەریەکە لە ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و سەفەوییەکان. لەم نێوەندەدا ڕووسەکان کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانیان ناو نابوو «نەتەوەیەکی خەمناک» (Melancholic Nation)[١٠]. ئەگەر بە زمانێکی بازاڕی بیڵێین، ڕووسەکان مەبەستیان ئەوە بوو کە کورد نەتەوەیەکی زۆر گوناح و جێگەی بەزەییە.

سەرئەنجام ئەمە هاوکارێکی باش بوو بۆ ڕووسیای «تزار» لە فراوانکردنی لینکی سیاسەتەکەی لە ناوچەکەدا و دەستی بگات بە دۆست و هاوپەیمانیەتی لە ناو کورداندا.

لەم سەردەمەشدا دەکرێت بوترێت ڕووسیا هەمان ڕێڕەو و سیاسەت دووبارە دەکاتەوە، بەڵام لە ژێر ماسکێکی نوێدا. لە ڕابردوودا ئامانجی سەرەکیی ڕووسیا بریتی بوو لە فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی لە ڕێگەی فراوانکردنی جوگرافیاکەی، ئەمەش بە بەکارهێنانی چەندین ئامرازی هەمەجۆر، لە نێویشیاندا کورد یەکێ بوو لە ئامرازە هەرە گرنگەکان. لەم ساڵانەی دواییدا ڕووسیا لە ڕێگەی چالاکیی ئابوورییەوە هەوڵی زیادکردن و چەسپاندنی دەسەڵاتەکانی لە ناوچەکەدا داوە. بۆ نموونە ڕووسیا چەند ڕێککەوتنێکی ئابووریی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٢دا مۆر کردووە، دواتر لە ٢٠١٦دا ڕێککەوتنەکانی فراوان و هەمەچەشن کردوون و هیچ گرنگییەکیشی بە نیگەرانییەکانی هەریەکە لە وڵاتانی دەسەڵاتدار لە ناوچەکەدا نەداوە و بگرە ڕکابەرییشی کردوون، وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەمەریکا و تورکیا و عێراق. بە گوێرەی لێکۆڵەرە سیاسییەکان، ئەمە کاردێک و گوشارێکی سیاسییە کە ڕووسیا بەکاری دەهێنێت لە دژی هێزە ڕکابەرەکانی لە ناوچەکەدا. ڕووسیا تەنانەت لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ئەنجامی داون، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە تاوەکو بەرپەرچ و تەگەرە لەبەردەم ئەو بیرۆکە ڕۆژئاواییە

دایبنێت کە دەیویست تورکیا لە ڕێگەی کڕینی ووزەی هەرێمی کوردستانەوە ویست و خواستی تورکی تاڕادەیەک لە سەر وزەی ڕووسی کەم بکاتەوە [١١]؛ بیرمان نەچێتەوە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا تورکیا یەکێکە لە و کڕیارانەی کە زۆرترین بەرهەمی ڕووسی هاوردەی ووڵاتەکەی کردوە.

کاتێ دەڵێین ڕووسیا مێژوو دووبارە دەکاتەوە، نموونەیەکی تری بەرچاوی مێژوویی گرنگمان لە بەر دەستە، ئەویش کاتێ لە ساڵی ١٩٤٥دا یەکێتیی سۆڤیەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی محەمەد ڕەزا پەهلەویی ئێرانی تێک چوو، دەستی کرد بە هاوکاری و پاڵپشتیکردنی جووڵانەوە سیاسییە ناوخۆییەکانی دژی سیاسەتی پەهلەوی. بۆ نموونە، پاڵپشتیی تەواوی خۆی دەربڕی بۆ هەریەک لە هێزی خەڵکی ئازربایجانی (١٩٤٥) کە لە لایەن سەعید جافر پیشەڤاری سەرکردایەتی دەکرا [١٢] و هەروەها کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٦ (کە بە یەکەم دەوڵەتی کوردی ناسرابوو) کە قازی محەمەد پێشەوایەتیی دەکرد. هەر چەندە شا پەهلەوی سەرکەوتوو بوو لە تێکشکاندنی هەردوو جووڵانەوەکە (هێزەکانی خەڵکی ئازربایجان و کۆماری مەهاباد) و ئەنجامیش هەندێ لە سەرکردەکانی هەردوو جووڵانەوەکە دەستگیر کران و لەسێدارە دران، بەڵام سەرکردەکانی تر، لە نێویاندا مەلا مستەفا بارزانی و یاوەرانی، ئاوارەی یەکێتیی سۆڤیەت بوون، لەوێ داڵدە دران کە ١٢ ساڵ دەربەدەرییان لە یەکێتیی سۆڤیەتدا بەسەر برد [١٣]. دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێت کە بارزانی بنیاتنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانە، کە لە ئێستادا یەکێ لە گەورەترین و بەهێزترین پارتی سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا. دەکرێت بوترێت یەکێتیی سۆڤیەت هاوکاریی ئەم دوو جووڵانەوەی کرد تەنها بە مەبەستی سەرئێشە دروستکردن و لاوازکردنی دەوڵەتی پەهلەویی ئێرانی.

دوای جەنگی جیهانیی دووەمیش، یەکێتیی سۆڤیەتی جاران فۆڕمەلەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی جیهان کرد لە سەر بنەمای پرۆگرامی «Societies of Friendship and Cultural Relations» (کۆمەڵگە دۆستەکان و پەیوەندییە کولتوورییەکان). بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی ناوەندی هەواڵگریی ئەمەریکی (CIA) کە لە ساڵی ١٩٥٧ بڵاو کراوەتەوە، ئامانجی ئەم پرۆگرامەی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ بڵاوکردنەوەی فیکرەی (**Коммунизм**) کۆمیۆنیسم

بووە لە نێو نەتەوە جیهانییەکاندا و ڕاکێشانیان بۆ ناو ئەو شێوازی بەڕێوەبردنە کە نزیکە یان هاوتای بەڕێوەبردنە لە یەکێتیی سۆڤیەتدا. سەرئەنجام ئەم پرۆگرامە کاریگەریی زۆر گەورەی دروست کردووە و ئاراستەی هەندێ لە سەرکردە کوردەکانی کرد بە دروستکردنی پارتی سیاسی لە سەر بنەمای فیکری کۆمیۆنیستی، لەوانەش: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان - ١٩٧٥، پارتی کرێکارانی کوردستان - ١٩٧٨ و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - ١٩٨٤ و... هتد).

کاتێکیش کە ململانێی جەنگی سارد گەیشتە بەرزترین ئاستی، یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵی پێناسە و شێوازی دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی خۆی دا لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندییە هاوبەشەکانی دا، لەم نێوەندەشدا زۆر سەرکەوتووانە توانیی بگاتە دەوڵەتی عێراق و پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵدا بنیات بنێت. لە هەمان کاتیشدا کورد لەو سەردەمەدا تاوی کۆمەڵی شۆڕشی دابوو لە دژی ڕژێمی عێراقی؛ وە یەکێتیی سۆڤیەت سەرەڕای هەبوونی پەیوەندییە دۆستانەی لەگەڵ عێراقدا، بەڵام هەرگیز کوردەکانی پشتگوێ نەخستبوو، بەڵکوو بە نهێنی بەردەوام بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردە کوردەکان -بە تایبەتی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و جەلال تاڵەبانیدا. هەر چەندە هەمیشە هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکاندا بە نهێنی بهێڵێتەوە، بە ئامانجی ئەوەی بتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و بەغدادا بە سەلامەتی و بە هێزی بهێڵێتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٩٠، پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتی عێراق زیاتر پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی و بەهێزتر بوون. لە ماوەی ئەنجامدانی هەردوو تاوانە گەورەکەی ڕژێمی سەددام بەرامبەر کوردانی عێراق -کیمیاییبارانکردنی شار و دێیەکانی کوردستان، ١٩٨٨، تاوانی ئەنفال لە نێوان ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٨٨ ئەنجام درا کە تێیدا ١٨٢٠٠٠ کەس بوونە قوربانی، یەکێتیی سۆڤیەت بڕیاری بێدەنگیی هەڵبژاردبوو. دواتر کاتێک کە ملیۆنان کورد چیتر قبووڵی ئەو هەموو تاوانەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعسیان نەکرد و دەربەدەر و ئاوارەی سنوورەکانی تورکیا و ئێران بوون، لەم نێوەندەدا یەکێتیی سۆڤیەت هاوشان لەگەڵ وڵاتانی تری

ڕۆژئاوایی، سەرکۆنەی سیاسەت و کردەکانی سەددامیان کرد بە ئامانجی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی زیاتری تاوانی مرۆیی[١٤].

لەگەڵ لەدایکبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩٢، ڕووسیای فیدراڵ لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا بوو، ئەمەش بە هۆی هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و دروستبوونی پانزە دەوڵەتی نوێ، لە نێویشیاندا ڕووسیای فیدراڵ، وە سەرکردە نوێیەکانی ڕووسیای فیدراڵیش زۆر سەرقاڵی کاروباری ناوخۆی وڵات بوون، زۆر نەیاندەپرژایە سەر کاروباری دەرەوە، هاوشان حکومەتی هەرێمی کوردستانیش حکومەتێکی تازەلەدایکبوو بە بارودۆخی زۆر ناسەقامگیردا تێدەپەڕی، لە بەر ئەوەی لە لایەکەوە کوردەکان بە ئەزموونێکی نوێی خۆبەڕێوەبردندا تێدەپەڕین و لە لایەکی تریشەوە ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئابڵووقەیەکی زۆر قورسی لە سەر عێراق دانابوو بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە هەمان کاتیشدا هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨دا شەڕیان لە دژی یەکتر دەکرد، بە کورتی هەرێمی کوردستان لە شەڕی ناوخۆدا بوو. لەم نێوەندەشدا ڕژێمی سەددام ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبینی لە زیاتر ناسەقامگیریی هەرێمی کوردستاندا، بە حوکمی ئەوەی زۆر دڵخۆش نەبوو بە شێوازی خۆبەڕێوەبردن لە لایەن کوردانی هەرێمی کوردستانەوە. لەو لاشەوە ڕووسیای فیدراڵ سەرەڕای دەردەسەرییە نێوخۆییەکانی خۆی، بەڵام ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە پرۆگرامی نەوت بەرامبەر بە خۆراکدا. هەر چەندە چەندین ڕەخنە لە سەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکە هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە یەکێ لە پرۆگرامە هەرە باشەکانی هاوکاریی مرۆیی لەقەڵەم دەدرێت کە توانیی ملیۆنان کەسی عێراق (بە کوردەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە) لە قەیرانێکی گەورەی مرۆیی ڕزگار بکات کە هەڕەشەی مردنی لە ملیۆنان کەس دەکرد بە هۆی کەمیی خۆراکەوە.

## سیاسەتی دوو دەیەی ڕابردووی ڕووسیای فیدرال لە هەمبەر هەرێمی کوردستانی عێراق

### ١. ئامانجی ئابووری

دوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣دا سەرپەرشتیی هاوپەیمانیەتێکی گەورەی کرد لە داگیرکردنی عێراق و دواتر ڕۆڵی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراقی لەئەستۆ گرت، بەڵام وڵاتانی تر، بە تایبەتی ئەوانەی بەشدار نەبوون لە هاوپەیمانێتییەکەی ئەمەریکا، بێبەش نەبوون لە ڕۆڵی بنیاتنانەوەدا، لەم نێوەندەدا ڕۆڵی ڕووسیا زیاتر بەلای ئابوورییەکەدا شکایەوە و زیاتر ویستەکانی لەم بوارەدا دۆزییەوە. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وەک گاز پرۆم و لوک ئۆیل و ڕۆست نەفت ژمارەیەک گرێبەستی جۆراوجۆریان لە بلۆکەکانی نەوتدا مسۆگەر کرد. ڕووسیای فیدراڵ زیاتر ئاوڕی لەو ناوچانە دایەوە کە کوردەکان بەڕێوەیان دەبرد، بە تایبەتی کاتێ کە هەستیان کرد کە هەرێمی کوردستانی عێراق شوێن ستراتیژیەتێکی تایبەت بە خۆی کەوتووە لە بواری ئابووریدا و تا ڕادەیەکیش ئابووریی سەربەخۆی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو. ئەم ستراتیژە هەندێ ڕاستیی زۆر گرنگی لە پشتەوە بوو، لەوانەش یەکەم: دوای ٢٠٠٣، ئاستی ناسەقامگیریی سیاسی و ئاسایش و خراپیی بەڕێوەبردن و گەندەڵی لە عێراق گەیشتبوونە بەرزترین ئاست. دووەم: هەرێمی کوردستانی عێراق ڕێژەیەکی زۆری نەوت و گازی لە خاکەکەیدا دۆزیبووەوە. وەک بەشێک لە ستراتیژەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەستی کرد بە دروستکردنی کاری دیپلۆماتیی فراوان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و دروستکردنی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ وڵاتان. هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی سەربەخۆی پەیوەندیی ئابووریی پەیڕەو دەکرد و هەوڵی ئەوەی دەدا کە وزەکەی هەنارده بکات بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی لە بەغدادەوە -هەندێ ناوی ئەم سیاسەتەی هەرێمیان نابوو بە «easy money for global consumers» (پارەی ئاسان بۆ کڕیارە نێودەوڵەتییەکان). لە ڕاستیدا ڕووسیا نەیدەویست بێبەش بێت لەم دەرفەتە باشە کە هەرێمی کوردستان ڕەخساندوویەتی بۆ وەبەرهێنانی بیانی، هەر بۆیە کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە هەر زوو پشکداریان لەم پرۆسەیەدا کرد. ویست و سوودی ئابووری هاندەرێکی گەورەی ڕووسیای فیدراڵ بوو تاوەکوو هەمەجۆریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات.

ڕاستەوخۆ دوای دەوڵەتی ئێران، ڕووسیا کۆنسوڵگەریی گشتیی لە هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٧دا کردەوە. وردە وردە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستانی عێراق فراوانتر بوون. لە ٢٠١٣دا سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان (مەسعوود بارزانی) بە فەرمی بانگهێشتی ڕووسیا کرا و چاوی بە هەریەکە لە ڤلادیمێر ڤلادیمرۆڤیچ پۆتین سەرۆکی ڕووسیا و سێرگیی ڤیکتۆرۆڤیچ لاڤرۆڤ وەزیری کاروباری دەرەوە کەوت. کەمێک دوای چاوپێکەوتنەکە، پۆتین وتی: «پەیوەندیمان لەگەڵ کوردستان و کوردەکان پەیوەندییەکی مێژوویی و دوورودرێژ و زۆر باشە و لە هەمان کاتدا لە سەر بنەمای متمانە پەیوەندییەکانمان بنیات ناون»[١٥]. ئەم دیدار و سەردانەی سەرۆکی پێشووی هەرێم دەرفەتی زیاتری بۆ کۆمپانیا ڕووسییەکان ڕەخساند تا زیاتر چالاکییەکانیان فراوانتر بکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. بۆ نموونە گازپرۆم نێفت دەرفەتی بەدەستخستنی دوو پشکی گەورەتری بۆ ڕەخسا: ٤٠٪ لە بلۆکی گەرمیان و ٨٠٪ لە هەڵەبجە[١٦]. تەنانەت ئەمە هاندەرێکی باش بوو بۆ ڕووسیا لە ٢٠١٤دا لە ماوەی شەڕی دژی تیرۆرستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، هاوکاریی سەربازیی هێزی پێشمەرگە بکات کە هاوکارییەکانی بە ٢٨٠ جۆری چەک و تەقەمەنیی وەک پێنج تۆپی ئۆتۆماتیکیی دژەتانک و ٢٠٠٠٠ گوللەی تر دەخەملێنران[١٧]. دواتر لە ٢٠١٧دا کاتێک کە گەمارۆیەکی گەورەی ئابووری لە سەر هەرێمی کوردستان هەبوو لە لایەن حکومەتی فیدراڵیی عێراق و وڵاتە دراوسێکانی ترەوە، ئەمەش دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، ڕووسیا و کۆمپانیای ڕۆست نەفت دەستی هاوکاریان گەیاندە هەریم و قەرزێکی ٣.٥ ملیار دۆلاریی پێشکەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لە هەمان کاتدا گرێبەستێکی وزەی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا واژوو کرد[١٨].

ئۆکتۆبەری ٢٠١٩، لە چوارچێوەی سەردانە دیپلۆماتییەکانیدا، وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیا سێرگیی ڤیکتۆرۆڤیچ لاڤرۆڤ سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، دواتر جێگری وەزیری دەرەوە ڕایگەیاند: «لاڤرۆڤ چاوی بە بەرپرسانی کورد کەوت بۆ تاوتوێکردن و زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان، پەرەپێدان لە بواری وەبەرهێنانی وزە و ئاڵوگۆڕە بازرگانی و هاوکارییە سەربازییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەی باشتر بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و هەولێر»[١٩].

### ٢. ئامانجی ئایینی

یەکێکی تر لە فاکتەرە سەرەکییەکان بۆ ڕووسیا بریتییە لە ئایین. لەم نێوەندەدا، ئایینزانی ئۆرسۆدۆکسی مەسیحی (کریستیانی) ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت، هەروەک لە ٧١٪ی ڕووسەکان لە مەسیحیی ئۆرسۆدۆکسن. لەم دواییانەشدا، کڵێسەی ئۆرسۆدۆکسی ڕووسی ڕۆڵێکی بێوێنەی گێڕا و زۆر چالاکانە کاروبارەکانی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی فراوان کردووە. هەر چەندە لە مێژوودا هەوڵێکی زۆر درا کە کڵێسە لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە، بەڵام دەوڵەتی ڕووسیا بێوچان ئایینی وەک کارتێکی سیاسی بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە جیهاندا. لە ڕووی چەمکی سیاسییەوە، بە تایبەتی قوتابخانەی ئینگلیز (English School) زۆر بە فراوانی ئاماژەی بە هەوڵە ئایینییەکان داوە لە چوارچێوەی کارە سیاسییەکاندا و ئامرازی ئایینیی وەک یەکێك لە ئامرازە بۆ یەکخستن و یەکبوونی کۆمەڵگە جیهانییەکان دەستنیشان کردووە. لەم نێوەندەدا، کریستیانە عێراقییەکان بوونە ئیلهامبەخشێکی گەورەی ڕووسەکان و سەرنجی ڕاکێشان. ئەم کەیسە لە لای ڕووسەکان زیاتر گرنگیی پێ درا، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە کریستیانەکانی عێراق بوونە ئامانجی گرووپە تیرۆرستەکان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٥، کە لە ئەنجامدا ژمارەی کریستیانەکانی عێراق کەمبوونەوەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی، لە ١،٤ ملیۆن کەسەوە بۆ ٣٥٠٠٠٠ کەس دابەزی، زۆربەی ئەو ژمارەیەش بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا هەڵهاتن و دەربەدەر بوون [٢٠]. بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و پاڵپشتیی خۆیان، نوێنەری کڵێسەی ئۆرسۆدۆکسی ڕووسی سەردانی هەرێمی کوردستانی عێراقی لە ٢٠١٨دا کرد و ڕایگەیاند کە کڵێسە ئامانجی پاڵپشتیکردنی کریستیانەکان و هەرێمی کوردستانی عێراقە [٢١]. ڕاستەوخۆ دوای ئەم سەردانە، کڵێسەی ئۆرسۆدۆکسی لە شاری هەولێر کراوەتەوە.

یەکێکی تر لەو ئایینانەی کە ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستانی عێراق، بریتی بووە لە ئێزیدییەکان. ئەم ئایینە بە ئایینێکی کوردی ناوزەند دەکرێت و بنکەی سەرەکیی پەرستگاکەیان دەکەوێتە هەرێمی کوردستان بە ناوی لالشەوە. بە هۆی ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی کە لە مێژوودا هەتاوەکوو ٢٠١٤ ڕووبەڕووی ئاسایشی ئێزیدییەکان بوویەوە، ژمارەیەک لە شوێنکەوتووانی ئێزیدی



دەربەدەری وڵاتانی تر و بە تایبەتی ڕووسیا ببن. ئەم ئێزیدییە ئاوارانەش توانیویانە هەندێ کۆمەڵگەی ئێزیدی لە ناو شارە جیاوازەکانی ڕووسیادا دروست بکەن، وەک لە مۆسکۆ، نیژنی نۆڤگۆرەد، ڕۆستۆڤۆن دۆن، تامبۆڤ، نۆڤۆسیبریسک و یارۆسلاڤل. ئەم کۆمەڵگانە هەرگیز دەستەووەستان نەوەستان، هەمیشە هەوڵی هاوکاریی هاوئایینەکانیان لە کوردستان داوە. کاتێکیش کە جینۆسایدی دژ بە ئێزیدییەکان لە ٢٠١٤ لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ئەنجام درا، کۆمەڵگەکانی ئێزیدی لە ڕووسیا زۆر هانی دەوڵەتی ڕووسیا و بە تایبەتی سەرۆک پۆتینیان دا تاکوو پاڵپشتیی ئێزیدی و هەرێمی کوردستان بکات. زۆرێک لە لێکۆڵەران ئێزیدییەکان بە هۆکاری سەرەکی لە زوو هاتنە سەر خەتی ڕووسیا لە پێشکەشکردنی هاوکارییە سەربازی و مرۆییەکانی بە هەرێمی کوردستان دادەنێن [٢٢].

## دەرئەنجام

ویست و ئارەزووی ڕووسیا بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەری بێدەوڵەتەدا لە سەر بنەمای: یەکەم: هۆکارە ئەمنییەکانە (ئاسایشە)، کە تێیدا ئامانج لێی بەکارهێنانی کەیسی کوردەکانە وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لە ناوچەکەدا. مێژوو بەرچاوڕوونییەکی باشی بە ڕووسیا داوە، هەر کات کورد هێز و دەسەڵاتی فراوان بووبێت و دەستی گەشتبێتە دەسەڵاتەکان، ئەوا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر وڵاتانی ناوچەکە دروست کردووە. هەر بۆیە کورد هەمیشە وەک کاردێکی گرنگی دیپلۆماتی لە ناو سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا جێی خۆی قایم کردووە. بنەمای دووەم پەیوەستە بە هۆکارە ئابوورییەکانەوە. ڕاستییەکی حەشاهەڵنەگرە کاتێ کوردانی هەرێمی کوردستان بۆ گەیشتینیان بە بازاڕە جیهانییەکان؛ گەڵاڵەی ستراتیژیەتی ئابووریی سەربەخۆیان کرد، کە لەم چوارچێوەیەدا دەرفەتێکی گرنگ درا بە کۆمپانیا بیانییەکان تاکوو بە سانایی دەست بە بزنسەکانیان بکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. هەر چەندە لە ئێستادا، بە تایبەتی لە دوای ڕیفراندۆمی کوردانی عێراق لە ٢٠١٧ و وەستاندنی هەناردەی نەوتی هەرێم لە ٢٠٢٣دا، تا ڕادەیەک سستی بە پرۆژە و ستراتیژیەتی ئابووریی سەربەخۆی هەرێمی کوردستانەوە دیارە، بەڵام بە گشتی پرۆژەکەی هەرێم هەر بەردەوامە. کۆمپانیاکانی بواری نەوتی ڕووسی هەر زوو بۆنی پارەیەکی زۆریان لەم ستراتیژەی هەرێم کرد، بۆیە هەڵپەهەڵپی بەدەستهێنانی گرێبەست بوون لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراقدا. کۆمپانیاکانی ڕۆس نەفت و لوکۆئۆیل هەتا ئێستاش لە سەر هەمان شێواز لە کوردستاندا کار دەکەن و بەردەوامن و چالاکییان هەیە. هۆکاری سێیەم پەیوەستە بە کاروباری دینەکانەوە، کریستیانی ئۆرسۆدۆکسی و ئێزیدییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بەرامبەر بە کەیسی کوردان. ڕۆڵەکانیان زیاتر بەدیار کەوت لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا کاتێ هانی حکومەتی ڕووسیایان دا لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بە تایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە تیرۆرستەکاندا.

لێرەدا ئێمە ئاماژە بە هەندێ خاڵ دەدەین کە پێمان وایە زۆر گرنگن لە زیاتر یارمەتیدان لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و ڕووسیای فیدراڵ:

١. زیاترکردنی ڕۆڵ و چالاکییەکانی هەردوو نوێنەرایەتیی حکومەتەکان، کونسوڵگەریی گشتیی ڕووسیا لە هەولێر و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مۆسکۆ.

٢. زیاتر پەرەپێدان بە لێکنزیککردنەوە و پتەوترکردنی پەیوەندییە کولتووری و خوێندن و ڕۆشنبیرییەکان.

٣. لە پاڵ کۆمپانیا نەوتییەکاندا دەرگا بۆ کۆمپانیای تری ڕووسی بکرێتەوە وەک کۆمپانیا کشتوکاڵی و گەشتیارییەکان، کە ڕووسیا لەم بوارانەدا زۆر پێشکەوتووە و دەتوانێت ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت لە هەرێمی کوردستاندا. لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەمان بیر بچێت ئاووهەوا و خاک و سروشتی هەرێمی کوردستان زۆر لەبارە بۆ ئەم جۆرە چالاکییانە و بگرە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت سەرنجی کۆمپانیا ڕووسییەکانی بەلادا ڕابکێشرێت.

٤. دەرفەتی کردنەوەی خوێندنی زمانەکانی هەریەکە لە ڕووسی و کوردی لە زانکۆکانی ڕووسیا و هەرێمی کوردستاندا. هەر چەندە لە ڕابردوودا تا ڕادەیەک بە شێوازێکی سنووردار لە زانکۆی مۆسکۆ و سانک پیترەر بۆرگ زمانی کوردی دەخوێنرێت، بەڵام ئەمە پێوستی بە گەشەپێدان هەیە و زیاتر چالاککردنی زۆر پێویستە.

٥. کردنەوە و ڕێکخستنی کۆنفرانس و سیمیناری زانستی بۆ زیاتر لێتێگەیشتن و فراوانکردنی ڕوانگەی هەردوو لا بەرامبەر بە یەکتری.

## سەرچاوەکان

*1. Hugo S & et al. Russian deployment to Syria: Putin's Middle East Game Changer. ISW, 2015. URL: http://www.understandingwar.org/ backgrounder/russian-deployment-syria-putin%e2%80%99s-middleeast-game-changer — 20.01.20.*

*2. James S & et al. Russian Strategy in the Middle East. RAND Corporation, 2017. URL: https://doi.org/10 — 20.01.20.*

*3. 19. Далсуз Джаляль Хуссейн. Российско-украинский военный конфликт и его влияние на Иракский Курдистан // Вестник Волгоградского государственного университета. Серия 4, История. Регионоведение. Международные отношения. – 2024. – Т. 29, № 2. – С. 193–204. – DOI: https://doi.org/10.15688/jvolsu4.2024.2.17.*

*4. Russel M. & Sean K. The Eight Great Powers of 2017. Hudson Institute, 2017. URL: https://www.hudson.org/research/13270-the-eight-greatpowers-of-2017 — 21.01.20.*

*5. 10. Natali D. The Spoils of Peace in Iraqi Kurdistan // Third World Quarterly. Vol. 28. No. 6. 2007. P. 1111–1129.*

*6. Kolstø P. The Sustainability and Future of Unrecognized Quasi-States // Journal of Peace Research. Vol. 43. No. 6. 2006. P. 723–740.*

*7. Michael M. Arab–Kurdish Relations and the Future of Iraq // Third World Quarterly. Vol. 32. No. 9. 2011. P. 623–1635.*

*8. Talhami G. Diplomacy of the Kurdish territorial nation // International Journal of Contemporary Iraqi Studies. Vol. 7. No. 1. 2013. P. 21–42*

*9. Sabine K.& Johannes S. Governance networks and vertical power in Russia — Assessments and collaboration between state and non-state actors // East European Politics. Vol. 32. No. 2. 2016. P. 170–191.*

*10. Мухаммад Н.И. Позиция России по отношению к курдской проблеме // Казачество. 2023. №67 (2). URL: https://cyberleninka.ru/article/n/pozitsiya-rossii-po-otnosheniyu-k-kurdskoy-probleme (дата обращения: 03.07.2024).*

*11. Amy M. Unraveling the Oil Geopolitics Intertwined in the Kurdish Independence Referendum. // Council on Foreign Relations, 2017. URL: https://www.cfr.org/blog/unraveling-oil-geopolitics-intertwinedkurdish-independence-referendum — 01.02.20. 282 «Россия в глобальном мире: новые вызовы и возможности»*

*12. Гасанлы Джамиль Иранский Азербайджан — эпицентр «холодной войны» // Кавказ и глобализация. 2008. №1. URL: https://cyberleninka.ru/article/n/irans-*

kiy-azerbaydzhan-epitsentr-holodnoy-voyny (дата обращения: 03.07.2024).

13. Jawad M. Kurdistan and Kurds a divided homeland and Nation without state. Western Kurdistan Association Publication. London, 2005.

14. Nigel D. Commentary on the protection of the Kurdish safe-haven: operation desert strike. // Journal of Conflict and Security Law. Vol. 1. No. 2. 1996. P. 197–204.

15. Baxtiyar G. KRG Prime Minister visits Moscow, will meet with Putin Wednesday. Kurdistan 24, 2018. URL: https://www.kurdistan24.net/en/ news/c767f220-30a2- — 03.02.20.

16. Gazprom. Iraq. 2019. URL: https://www.gazprom.com/about/ production/projects/ deposits/iraq/ — 04.02.20.

17. 17. 13. Rudaw. Russia to support Peshmerga in the battle for Mosul, 2016. URL: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/150720164 — 03.02.20.

١٨. بەهرۆز جەعفەر، دەستی ڕووسیا لە ناو کەرتی وزەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا: لێکەوتە ئابووری و ناوچەییەکانی، پەیمانگایی میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، ٢٠٢٣.

https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=288

19. Hiwa S. Sergey Lavrov to visit Kurdistan Region next month. Kurdistan 24, 2019. URL: https://www.kurdistan24.net/en/news/422d3fea-8b9f422c-9ea9-79a3040e17a9 — 05.02.20.

20. Sharon O. IRAQ: U.N. Sanctions. Council on Foreign relations, 2005. URL: https:// www.cfr.org/backgrounder/iraq-un-sanctions — 02.02.20.

21. Russian orthodox church. Representative of the Russian Orthodox Church visits Iraq, 2018. URL: http://www.patriarchia.ru/en/db/text/5174427. html — 05.02.20.

22. Reconsideration Russia. Who Are the Yazidis of the Former Soviet Space? 2014. URL: https://reconsideringrussia.org/category/yazidis/ — 05.02.20.

# هێزی نەرمی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## عێراق وەک نموونە



**کەیوان سدیق محەمەد**

**ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی ڕووسیا**

**بەرایی**

هێزی نەرم چەمکێکە بۆ یەکەم جار لە لایەن جۆزێف نایەوە فۆرمولە کراوە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە سیاسەتی ئێستای نێودەوڵەتیدا. بە پێچەوانەی هێزی زبرەوە، کە لە سەر بنەمای فشاری سەربازی و ئابووری دامەزراوە، هێزی نەرم بریتییە لە توانای ڕاکێشان و سەرنجڕاکێشانی وڵاتانی دیکە لە ڕێگەی دەستپێشخەرییە کولتووری و پەروەردەیی و مرۆییەکانەوە. بۆ ڕووسیا، کە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا دەدات، هێزی نەرم بووەتە ئامرازێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی. لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و بە دروستی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە، ڕووسیا بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە چڕتر کردووەتەوە. نموونەیەکی گرنگ عێراقە، کە ڕووسیا بە شێوەیەکی چالاکانە پەیوەندییە کولتووری و ئابووری و مرۆییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا پەرە پێ دەدات. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لە لایەنە سەرەکییەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا لە عێراق بکۆڵێتەوە، لەوانە بەرنامە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان، هاوکاریی ئابووری، هاوبەشی سەربازی-تەکنیکی و هاوکاریی مرۆیی. تێگەیشتن لەم توخمانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ باشتر تێگەیشتن لەوەی کە ڕووسیا چۆن هێزی نەرم بەکار دەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکانی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە گشتی و لە عێراقدا بە تایبەتی.

## ١. چەمکی هێزی نەرم

چەمکی هێزی نەرم ((soft power، بە ڕووسی «**мягкая сила**›› لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لە لایەن جۆزێف نای ئەمەریکییەوە فۆرمولە کراوە. مەبەست لێی گەیشتنی دەوڵەتە بە ئامانجە ستراتیژییەکانی، لە ڕێگەی میکانیزمی کولتووری، ئایدۆلۆژی، زانیاری، ئابووری و کارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگە بیانییەکان، بەبێ بەکارهێنانی هێز (دەستتێوەردانی سەربازی و فشاری ئابووری). بە بڕوای جۆزێف نای، ئەم میتۆدە بەشداری دەکات لە پێکهاتن و پاراستنی وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی وڵات و گۆڕینی ڕای گشتیی وڵاتانی دیکە بە سوودی وڵاتی بەکارهێنەری ئەو هێزە[١].

ئەگەر پێشتر باوەڕ وا بوو کە تاکە ڕێگەی یەکلاییکردنەوەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان هێزی سەربازی و ئامرازە ئابوورییەکانە، ئەوا لە ئێستادا ‹‹هێزی نەرم›› کە لە سەر بنەمای هەستی هاوسۆزی و ئایدیاڵ و ئەرێنی دامەزراوە، ڕۆڵی سەرەکیی خۆی دەگێڕێت. سەرچاوە ئابووری و سەربازییەکانی هەر دەوڵەتێک سنووردارن و لە کاتی بەکارهێنانی ‹‹هێزی زبر›› کۆتاییان دێت، جگە لەوەی دەوڵەت لە چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە ئاساییەکان دوور دەخاتەوە و لە درێژخایەندا تواناکانی دەوڵەت لەو بوارانەدا کەم دەکاتەوە[٢].

### ١,١. هێزی نەرمی ڕووسیا لە سەدەی بیست و یەکدا

لە ڕووی مێژووییەوە ڕووسیا هێزی نەرمی بەکار هێناوە و کولتووری ئەو وڵاتە بەشدارییەکی بەرچاوی لە شارستانیەت و هونەر و ئەدەبیاتی جیهانیدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووسیا لە پەیوەندی و کارلێکە نێودەوڵەتییەکاندا کەمتر بایەخی بەکارهێنانی هێزی نەرم و دیپلۆماسیی گشتیی داوە[٣]. دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕووسیا خۆی لە قەیرانێکی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بینییەوە. لەو هەلومەرجەدا پرسی هێزی نەرم لە ڕاستیدا ئەولەویەتی کارنامەی سەرکردایەتیی وڵات نەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە لەم ماوەیەدا دامەزراوەکانی «هێزی نەرم» کە لە سەردەمی سۆڤیەتدا دروست کرابوون، لە ڕووسیای فیدراڵدا بەردەوام بوون لە کارکردن، بەڵام سست بوون و بودجەی پێویستیان

بۆ تەرخان نەدەکرا و کارەکانیان ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو[٤].

لە ڕووسیای فیدراڵدا پێش ئەوەی هێزی نەرم وەک چەمک بچێتە ناو فەرهەنگی سیاسیی فەرمیی دەوڵەتەوە، پرۆسەی بەدامەزراوەییکردنی دەستی پێ کردبوو. یەکەم هەنگاویش دامەزراندنی فۆندی «ڕووسکی میر» بوو لە لایەن ڤلادیمر پۆتن؛ سەرۆکی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٠٧. «ڕووسکی میر» ڕێکخراوێکی گشتییە و لە لایەن وەزارەتی دەرەوە و پەروەردە و زانستەوە دامەزراوە و ئامانجی سەرەکیی بڵاوکردنەوە و ئاشناکردنی زمان و کولتووری ڕووسی و هەروەها هەناردەکردن و پشتیوانیکردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکانی ڕووسیایە[٥].

خاڵی وەرچەرخان لە بەکارهێنانی هێزی نەرمدا دەگەڕێتەوە بۆ تەمموزی ٢٠١٢، کاتێک کاندیدی پۆستی سەرۆکایەتی ڤلایدمر پۆتن لە کۆبوونەوەی باڵوێز و نوێنەرانی هەمیشەیی ڕووسیای فیدراڵدا دانی بەو ڕاستییەدا نا کە ڕووسیا بەراورد بە ڕکابەر و گەمەکەرە نێودەوڵەتییەکان کە پێشتر ستراتیژی هێزی نەرمیان پەرە پێ داوە و جێبەجێ کردووە، دوا کەوتووە. لە هەمان کاتدا پۆتن ڕایگەیاند: «ئێمە وێنەی ڕووسیامان لە دەرەوەی وڵات پێک نەهێناوە، هەر بۆیە ئەو وێنەیە زۆر جار شێوێنراوە و ڕەنگدانەوەی ڕەوشی ڕاستەقینەی وڵاتەکەمان نییە، گوزارشت لە بەشداریی ئێمە لە شارستانیەتی جیهانی، کولتوور و زانستدا ناکات. پێگەی وڵاتەکەمان لە کاروباری نێودەوڵەتیدا لە یەک ڕوانگەوە سەیر دەکرێت. ئێمە خۆشمان تاوانبارین کە هەڵوێست و دیدگای خۆمان بە باشی ڕوون ناکەینەوە[٦].» پەیوەندیدار بەمە، جۆزێف نای پێی وایە کە پۆتن درکی بەوە کردووە کە هێزی نەرم و زبر یەکتری بەهێز دەکەن، بەڵام دیارە لەم قۆناغەدا توانای بەکارهێنانی هێزی نەرمی نییە[٧].

هەنگاوێکی دیکە لە سیاسەتی هێزی نەرمی ڕووسیادا، بریتییە لە کردنەوەی بەشێکی تایبەت لە ساڵی ٢٠٢١دا بۆ پرسەکانی هێزی نەرم لە چوارچێوەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیادا. هۆکاری دامەزراندنی بەشێکی لەو شێوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە پەیکەری وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵدا هیچ بەشێک نەبوو کە بە شێوەیەکی ناوەندی ئەرکەکانی هاوکاری و هەماهەنگیی کولتووری و مرۆیی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی

ڕاببپەڕێنێت. کارەکانی ئەم بەشە پێک دێت لە دارشتنی سیاسەتی گشتیی هێزی نەرمی ڕووسیا، دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی، چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی حکومەت لەم بوارەدا، هەروەها پێشکەشکردنی پاڵپشتیی ڕاوێژکاری و هاوکاریی کرداری بۆ هەردوو دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت و پێکهاتە ناحکومییەکان[٨].

## ١,١. ستراتیژ و ئاڕاستەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا

ستراتیژی هێزی نەرمی ڕووسیا بە چەند ئاڕاستەیەک کار دەکات و ئامانجی بوارێکی دیاریکراو یان گرووپێکی کۆنکرێتییە. واتە ڕووسیا بە کەڵکوەرگرتن لە تایبەتمەندیی مێژوویی، کولتووری و سیاسی، ناوچە و گرووپێکی دیاریکراوی خەڵک هەڵدەبژێرێت کە دەیەوێت سەرنجیان ڕابکێشێت و لە ڕێگەی پیادەکردنی هێزی نەرمەوە کاریگەرییان لە سەر دابنێت. لێرەدا باس لە دوو ئاڕاستەی هێزی نەرمی ڕووسیا دەکەین.

### ١,٢,١ مێژوو و کولتووری ڕووسیا

یەکەمین ئاڕاستەی هێزی نەرمی ڕووسیا لە سەر بنەمای مێژوو و کولتوورەکەی دامەزراوە و ئامانجی کەمینەی ڕووسییە لە دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی دروستکردنی هەستی هاوبەشی سەر بە «جیهانی ڕووسی». ئەم ستراتیژە بۆ دانانی کاریگەریی خۆی لە سەر ڕەوەندی ڕووسی لە دەرەوە بە دوو شێواز کار دەکات، یەکەم: گەڕاندنەوەی ئەو هاونیشتمانیانە بۆ ڕووسیا لە چوارچێوەی پلانی دەوڵەت کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستی پێ کردووە و تا ئێستا نزیکەی «٩٠٠ هەزار کەس سوودیان لێ وەرگرتووە»[٩]. دووەم: کۆچبەری ڕووسی لە دەرەوە دەتوانێت لە وڵاتەکەی خۆی بمێنێتەوە و پاڵپشتیی کولتووری و هەندێک جار سیاسی لە ڕووسیا وەربگرێت. ئامانجەکان پەیوەندیدار بەو ڕووسانەی کە لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور و ئیسرائیل دەژین، جیاوازن. بە هۆی کەمتر ئامادەیی کولتووری و پەیوەندیی ڕۆژانەیان لەگەڵ ڕووسیا، ئەوان زیاتر هان دەدرێن شوناسی ڕووسیانەی خۆیان بپارێزن و بەشداری لە بۆنە ڕۆشنبیرییەکان بکەن و وێنەیەکی ئەرێنیی ڕووسیا پیشانی دەرەوە بدەن، هاوکات هان دەدرێن سەرمایەکانیان لە ڕووسیا بخەنە گەڕ. «ڕۆس سەترودنچێستڤە[١٠]» و بە ئاستێکی کەمتر دامەزراوەی «ڕووسکی میر» وەک ڤێکتەری سەرەکیی دامەزراوەیی و دارایی ئەم ئاڕاستەیە کار دەکەن[١١].



ئاستی دووەمی ئاڕاستەی یەکەم، کارکردنە لە سەر چاندنی هەستی ئایینیی برایانە، بۆ دانانی کاریگەری لە سەر ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوی لە ئایینزای ئەرسەدۆکسی دەکەن، بە تایبەتی لە باڵکان و بە پلەی یەکەم قوبروس و یۆنان. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کڵێسەی ئەرسەدۆکسیی ڕووسیا، لە نێو مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، چالاکیی پارادیپلۆماسی ئەنجام دەدات، ئەمەش کۆمەکی دەوڵەتی ڕووسیا دەکات تا ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی سیاسیی خۆی بۆ ناوچەکە بە واتایەکی ڕۆحی و وەک ئەرکێکی شارستانی بکات. دامەزراوەی کڵێسە ڕۆڵی سەرەکی وازی دەکات لە ڕاکێشانی بازنە بازرگانی و سیاسییە کاریگەرەکانی لایەنگری ڕووسیا لە لوبنان و بە شێوەیەکی گشتی لە سەرانسەری جیهانی مەسیحیەت، کە کاریگەرن بە کێشەکانی ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە دەتوانین بڵێین کڵێسەی ئەرسەدۆکسیی ڕووسیا بووەتە ئامرازێکی کاریگەری ستراتیژی ڕاستەقینە بۆ کرێملن لە شانۆی ڕووداوەکانی سووریا و دەوروبەری[١٢].

### ١,٢,٢. ئایدۆلۆژیا و بەڕێوەبردنی دەوڵەت

یەکێکی دیکە لە ئاڕاستە و ستراتیژی کارکردنی هێزی نەرمی ڕووسیا، ئایدۆلۆژیا و حکومڕانییە کە بە گشتی سێ بواری سەرەکی دەگرێتەوە: مۆراڵی کۆنسێرڤاتیزمی، بەها نالیبراڵییەکان، سەروەری (سوڤێرنیزم).

مۆراڵی کۆنسێرڤاتیزمی: ڕووسیا خۆی بە بەرگریکار و پارێزەری ‹‹بەها نەریتییەکانی خێزان›› دادەنێت و ئەمەش لە نێو ئەو کەسانەی کە دژایەتیی بزووتنەوەی کەمینە سێکسییەکان و ژنان دەکەن، نەک تەنها لە ئەورووپا، بەڵکوو لە ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لایەنگری بۆ خۆی پەیدا کردووە. ڕۆڵی نوێنەرانی ڕووسیا لە ستروکتورە نێودەوڵەتییەکانی وەک «کۆنگرەی جیهانیی خێزان›› و کەناڵەکانی پەیوەندی کە کەنیسەی ئەرسەدۆکسی لەگەڵ ڤاتیکان دایمەزراندووە، تەواو کاریگەرە. کاسۆلیکە کۆنەپەرستەکان و بزووتنەوەی ڕاسترەوی مەسیحیی ئەمەریکی، نموونەی ڕوونی ‹‹مۆراڵی کۆنسێرڤاتیزم››ی ڕووسیان[١٣].

سەبارەت بە حکومڕانیی نالیبراڵ و بڵاوبوونەوەی لە تورکیا و ئیسرائیلەوە تا بەڕازیل و فلیپین، زۆر جار لە ئەدەبیاتی سیاسیدا وەک بەرهەمی هێزی نەرمی ڕووسیا ئاماژەی پێ دەکرێت. بەڵام ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕی زیاترە و ناکرێت وەک دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی هێزی نەرمی ڕووسیا لێک بدرێتەوە[١٤]، بەو پێیەی دەرکەوتنی حکومەتە نالیبراڵەکان لە وڵاتێکی دیاریکراودا بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە هەلومەرجی سیاسی و ناوخۆیی وڵاتەکەوە هەیە.

ئاڵنگاریی نەزمی جیهانی مۆدێرن و هەژموونی ئەمەریکا، کایەیەکی دیکەیە کە دەکرێت ڕووسیا وەک پێشەنگ و بانگەشەکاری ‹‹سەروەری›› خۆی نمایش بکات. چەمکی سەروەری جەخت لە پێویستیی پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی دەکاتەوە، وەک توخمێکی سەرەکیی هەردوو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی. مۆسکۆ لە سێ بواردا سەروەری بەرەوپێش دەبات: سیاسی،کولتووری و ئابووری، کە لێرەدا بە کورتی لە سەریان دەوەستین. بەلای ڕووسیاوە تەنها دەوڵەتە نەتەوەییەکان شەرعیەتی سیاسییان هەیە و بەمەش هاوڵاتییان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە دەتوانن گوزارشت لە ئیرادەی

خۆیان بکەن. هەر بۆیە ئەو دەسەڵاتانەی کە بە دەوڵەتە نەتەوەییەکان دراوە، نابێت بدرێنە دەست دامەزراوە سەروو نەتەوەییە هەڵنەبژێردراوەکان. بەمەش ڕووسیا خەبات دەکات بۆ گەڕاندنەوەی نەزمێکی جیهانی، کە ڕێز لە کایەی هەژموونی زلهێزەکان بگرێت وەک لە دوای کۆنفرانسی یاڵتای جەختی لێ کردەوە[١٥].

لە بواری ئابوورییشدا ڕووسیا جەخت لە پاراستنی ئابووریی نیشتمانی، بە تایبەتی لە ئاکامە نەرێنییەکانی جیهانگیری دەکاتەوە و هانی پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی پیشەسازی و دەستی کاری ناوخۆیی دەدات و دژایەتیی پاوانخوازیی دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی دەکات[١٦].

سەروەریی نەتەوەییش خۆی لە پێناسەکردنی نەتەوەدا دەبینێتەوە، ئایا ئەم نەتەوەیە کێ دەگرێتەوە؟ تایبەتمەندییە کولتوورییە بنەڕەتی و نەگۆڕەکانی چین؟ لەم ڕوانگەیەوە لە هەموو دەوڵەت-نەتەوەیەکدا؛ نەتەوەی سەرەکی مافی گەشەپێدانی کولتوورەکەی پێ بەخشراوە، هاوکات بیانی و کۆچبەران و کەمینەکان دەبێت بە کولتووری نەتەوەی باڵادەست قایل بن، ئەمەش بە پراکتیکی لە خودی ڕووسیادا بەدی دەکرێت[١٧].

### ١,٣. ئامرازەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە سیاسەتی دەرەکیدا و زیاتر ڕاکێشانی سەرنجی وڵاتان، ڕووسیا ئامرازی جۆراوجۆری هێزی نەرم بەکار دەهێنێت. لەو نێوەندەدا بایەخێکی تایبەت بە پەروەردە و خوێندن دەدرێت و زیادەڕەوی نابێت بە یەکێک لە کاریگەرترین ئامرازەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا ناوزەدی بکەین. لێرەدا بە پلەی یەکەم باس لە فەراهەمکردنی خوێندنی کواڵتیی بەرز دەکەین لە زانکۆکانی ڕووسیا. بە پێی ڕیزبەندیی کۆمپانیای بەریتانی (QS) بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٨، ڕووسیا لە نێو ٥٠ وڵاتدا پلەی (١٥)ی لە ڕیزبەندیی توێژینەوەی نێودەوڵەتیدا بەدەست هێناوە، کە ئەمەش تا ڕادەیەک ئاماژەیە بۆ پێشکەوتوویی خوێندن و پەروەردە لە ڕووسیا[١٨].

هەر لەم بوارەدا لایەنێکی گرنگی هێزی نەرمی ڕووسیا دابینکردنی دەرفەتی خوێندنی بە خۆڕاییە بۆ خوێندکارانی بیانی. خوێندکارانی نێودەوڵەتی لەگەڵ فێربوونی

زمانی ڕووسی ورده ورده ئاشنا ده‌بن به‌ ده‌ستکه‌وته‌کانی زانست و کولتووری ڕووسیا و به‌ گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ وڵاتی خۆیان ده‌بنه‌ گوێزه‌ره‌وه‌یه‌کی کاریگه‌ری کولتووری ڕووسیا. جووڵه‌ی خوێندکارانی نێوده‌وڵه‌تی له‌ گه‌شه‌کردنی به‌رده‌وامدایه‌ و ڕووسیا له‌م ڕووه‌وه‌ ئاسۆیه‌کی ڕوونی هه‌یه‌. ساڵی ٢٠٢٠، حکومه‌تی ڕووسیا له‌ سه‌ر پێشنیاری وه‌زاره‌تی زانست و خوێندنی باڵا، پشکی خوێندنی بۆ خوێندکارانی بیانی له‌ ساڵی ٢٠٢١ بۆ ١٨ هه‌زار که‌س (پێشتر ١٥ هه‌زار که‌س بوو) و له‌ ساڵی ٢٠٢٢ بۆ ٢٣ هه‌زار و له‌ ساڵی ٢٠٢٣ بۆ ٣٠ هه‌زار له‌ سه‌ر بودجه‌ی ده‌وڵه‌ت زیاد کرد. جگه‌ له‌وه‌ش، ڕووسیا نایه‌وێت په‌یوه‌ندیی له‌گه‌ڵ ئه‌و ده‌رچووانه‌ بپچڕێت که‌ له‌ زانکۆکانی ڕووسیا خوێندن ته‌واو ده‌که‌ن و پشتیوانیی هه‌ر ده‌ستپێشخه‌رییه‌ک ده‌کات به‌ مه‌به‌ستی هه‌ماهه‌نگی و کاری پێکه‌وه‌یی له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه‌ی خوێندکاره‌ ده‌رچووه‌ بیانییه‌کان. ئامانجی ڕووسیا؛ یه‌کخستن و په‌ره‌پێدانی کار و چالاکیی ئه‌و خوێندکاره‌ ده‌رچووانه‌یه‌ و گه‌شه‌پێدانی په‌یوه‌ندییه‌کانیانه‌ له‌گه‌ڵ زانکۆکانی ڕووسیا و هه‌روه‌ها به‌هێزکردنی پێگه‌ی زمانی ڕووسییه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌. له‌ ساڵی ٢٠٢٢، کۆمه‌ڵه‌ی خوێندکاره‌ ده‌رچووه‌کان له‌ ٦٨ وڵاتدا کار و چالاکییان هه‌بوو[١٩].

زمانیش ئامرازێکی دیکه‌ی هێزی نه‌رمی ڕووسیایه‌ و ڕۆڵێکی که‌متر گرنگ ناگێڕێت. په‌یمانگای پوشکین وه‌ک دامه‌زراوه‌یه‌کی ده‌وڵه‌تی ڕاهێنان به‌ ستافی وانه‌بێژی زمانی ڕووسی ده‌کات و سه‌رقاڵی په‌ره‌پێدانی میتۆده‌کانی فێربوونی زمانی ڕووسییه‌ وه‌ک زمانێکی بیانی. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش، ساڵانه‌ ئۆڵۆمپیادی زمانی ڕووسی بۆ منداڵان و گه‌وره‌سه‌ڵان له‌ ناوخۆی ڕووسیا و وڵاتانی فه‌زای دوای سۆڤیه‌ت ڕێک ده‌خات[٢٠]. وه‌ک پێشتر ئاماژه‌مان پێ کرد، یه‌کێکی دیکه‌ له‌ ئامرازه‌کانی هێزی نه‌رمی ڕووسیا میراتی کولتووری و مێژووییه‌. به‌رهه‌می نووسه‌رانی به‌ناوبانگی ڕووس، وه‌ک: دۆستۆیڤسکی، تۆڵستۆی، چیخۆڤ و پوشکین... هتد، به‌ نزیکه‌یی بۆ هه‌موو زمانه‌کانی دنیا وه‌رگێڕدراون. ئاوازدانه‌راکانی وه‌ک چایکۆڤسکی و ڕیمسکی، ناوبانگێکی جیهانییان په‌یدا کردووه‌[٢١].

بۆ جێبه‌جێکردنی ستراتیژ و به‌رنامه‌کانی هێزی نه‌رم، ڕووسیا پشت به‌ کۆمه‌ڵێک

دامەزراوە و ڕێکخراو دەبەستێت، لەوانە:

ڕۆس سەترودنیچێستڤە[٢٢]: دەزگای فیدراڵیی ڕۆس سەترودنیچێستڤە لە ساڵی ٢٠٠٨دا دامەزراوە و سەرپەرشتیی ژمارەیەکی زۆر لە ناوەندە ڕۆشنبیری و زانستییەکانی ڕووسیا لە دەرەوەی وڵات دەکات. لە ئێستادا ٩٠ نوێنەرایەتیی لە ٧٥ وڵاتدا هەیە. لە ئەمڕۆدا ئەرکەکانی ڕۆس سەترودنیچێستڤە خۆی لە هاوکاریکردنی هاونیشتمانییانی ڕووسیا لە دەرەوەی وڵات و بەرەوپێشبردنی کولتوور و زمانی ڕووسی، پەرەپێدانی هاوکاریی لاوان و دروستکردنی سیستم و میکانیزمێک بۆ پەرەپێدانی دیپلۆماسیی گشتیی ڕووسیا لە ڕێگەی نوێنەرایەتییە بیانییەکانەوە، بە تایبەتی ناوەندە زانستی و کولتوورییەکانی ڕووسیاوە دەدات. دامەزراوەکە کار لە سەر پێشخستنی مۆدێلی پەروەردەی ڕووسی لە دەرەوەی وڵات، هەڵبژاردنی خوێندکارانی بیانی بۆ خوێندن لە ڕووسیا دەکات، ئەمەش بە ئامانجی پیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی و بابەتی ڕووسیا لە دەرەوە[٢٣]. هەروەها دەکرێت ئاماژە بە فەندی گۆرچاکۆڤ بۆ پشتیوانیی دیپلۆماسیی گشتی بکەین، کە لە ساڵی ٢٠١٠دا دامەزراوە و ئامانجی سەرەکیی؛ پەرەپێدانی دیپلۆماسیی گشتی و پێشخستنی توانای فیکری و کولتووری و زانستیی ڕووسیا و ڕەخساندنی هەلومەرجێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بازرگانیی لەبارە بۆ ڕووسیا لە دەرەوەی وڵات[٢٤]. هەر لە کۆنتێکستی هێزی نەرمی ڕووسیادا، پێویستە ئاماژە بە ئەنجوومەنی نێودەوڵەتیی هاونیشتیمانییانی ڕووسیا بکەین کە کارەکانی ئاڕاستەی ڕەوەندی ڕووسیا کراوە و ئامانجی پێکهێنان و پێشخستنی فەزایەکی کولتووری و زانیاری و پەروەردەییە بۆ بەهێزکردن و یەکخستنی ڕەوەندی ڕووسیا لە دەرەوەی وڵات[٢٥].

تۆڕی دامەزراوەیی هێزی نەرمی ڕووسیا تا ئاستێکی باش گەشەسەندووە، بەڵام پێدەچێت چالاکی و دەستپێشخەرییەکانی ئەو دامەزراوانە کە بەشدارن لە پێکهێنانی وێنەیەکی ئەرێنیی وڵات لە دەرەوە؛ تەواو هەماهەنگ نەبن، بە تایبەتی لە دابەشکردنی ئەرک و بوارەکان لە نێوان ئەم یان ئەو دامەزراوەدا. نەبوونی ئەو هەماهەنگییەش هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاری ئەو دامەزراوانە سیستماتیک نەبێت و کەمتر کاریگەر بێت.

## ٢. هێزی نەرمی ڕووسیا لە عێراق

لە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، ڕووسیا دەستی بە بونیادناوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا کرد و وردە وردە خاڵە بەهێز و لاوەزەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا، پەیوەندیدار بە عێراق ڕوون بوونەوە. سەرەتا بە پێویستی دەزانین بە کورتی ئاوڕێک لەو پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا بدەینەوە و ئەو تایبەتمەندییانە بخەینە ڕوو کە دیپلۆماسیی ڕووسیا لە وڵاتانی دیکە جیا دەکاتەوە.

### ١,٢. ڕێباز و پرەنسیپەکانی دیپلۆماسیی ڕووسیا لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا

ڕێباز و پرەنسیپەکانی دیپلۆماسیی ڕووسیا لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، دەکرێت بەسەر سێ گرووپدا دابەش بکرێت:

١. ڕێباز و پرەنسیپە گشتییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و دەوڵەتانی بیانی.

٢. ڕێباز و پرەنسیپی پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن.

٣. ڕێباز و پرەنسیپە تایبەتەکان کە ناچنە چوارچێوەی گرووپی یەکەم و دووەمەوە.

ڕێزگرتن لە سەروەری و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان، ڕێزگرتن و پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان، بەهێزکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان بەبێ بەکارهێنانی هێز و پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش و یەکسان، لەو پرەنسیپانەن کە سەر بە گرووپی یەکەمن[٢٦].

سەبارەت بە گرووپی دووەم، ئاشکرایە کە ئیسلام فاکتەرێکی جددیی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ڕووسیای فیدراڵە، هەر بۆیە دیپلۆماسیی ڕووسیا پرەنسیپی تایبەتی پەرە پێ داوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی لە ئایینی ئیسلام دەکەن. یەکەمین و گرنگترین پرەنسیپ، ڕێزگرتنە لە ئیسلام لە ناوخۆ و دەرەوەی ڕووسیا. هەر چەندە بەشی یەکەمی ئەم پرەنسیپە پەیوەندیی بە سیاسەتی ناوخۆییەوە هەیە، بەڵام پراکتیک ئەوە نیشان دەدات کە موسوڵمانان لە سەرانسەری جیهاندا هەستیارن بەرانبەر

بە چۆنێتیی مامەڵەکردنی دەوڵەتێکی دیاریکراو لەگەڵ هاوباوەڕەکانیان. ئەمەشمان لە هەڵوێستی موسوڵمانانی ڕووسیا بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر موسوڵمانانی میانمار ئەنجام درا، بە ڕوونی بەدی کرد[٢٧].

پرەنسیپی دووەم مامەڵەکردنە لەگەڵ ئاراستە جیاوازەکانی ئیسلامدا. بە گوتەی زانای ڕووسیا؛ س.ڤ. کورتونۆڤ، لە عێراقدا دوو ئاراستەی سەرەکی (ئیسلامی میانڕەو و ئیسلامی ئێرانی) ململانێ لە سەر دەسەڵات دەکەن. سەبارەت بە ئیسلامی میانڕەو، وەشانێکی عەلمانیی ئیسلامی سیاسییە و سەردەمانێک بزووتنەوەیەکی بەهێز بووە و لە لایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە پشتیوانی دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ لە پاشەکشەدایە. وەشانی ئێرانیش، نەیاری ڕووسیا نییە و بەهێزبوونی لە عێراقدا مەترسی لە سەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا دروست ناکات[٢٨].

گرووپی سێیەم، ڕێباز و پرەنسیپی تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا. عێراق وەک هەر دەوڵەتێک تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی هەیە و لە کاتی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیادا پێویستە بەهەند وەربگیرێن.

تایبەتمەندیی جیاکەرەوە سەبارەت بە عێراق، فاکتەری جوداخوازیی کوردە. ئاشکرایە کە کوردەکان لە عێراق دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری و سوپای تایبەت بە خۆیان هەیە. سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام چەندین کێشە لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم هەیە، بە تایبەتی کێشەکانی وزە و ناوچە ناکۆکیلەسەرەکان، کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون. سیاسەتی ڕووسیا پەیوەندیدار بەمە، پابەندبوونە بە دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق. بە لای مۆسکۆوە، هەر گۆڕانکارییەک ڕوو بدات دەبێت تەنیا لە ڕێگای دانوستاندن و بە خواستی هاوبەشی هەولێر و بەغداد بێت[٢٩]. ڕووسیا لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی و پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەردوو لایەندا دەدات. وەک دەبینین سەرەڕای ئەوەی باڵوێزخانەی ڕووسیا لە بەغداد هەیە، کونسوڵخانەی گشتیی ڕووسیا لە هەولێر هەیە و نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمیش لە ڕووسیا لە کاردایە.

### ١,٢. بوارەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا لە عێراق

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، لەگەڵ گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عێراق بە تایبەتی لە بواری وزە و سەربازیدا و لە پاشخانی ڕووداوەکانی سووریادا، کۆمەڵگەی عێراقی زیاتر ئاشنای ڕووسیا کرد و کولتووری ڕووسیا بووە جێگەی سەرنجی عێراقییەکان و لەو نێوەندەشدا زمانی ڕووسی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی کارلێکی نێوان ئەو دوو وڵاتە ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەگێڕێت و لێرەدا بە پراکتیکی باسی دەکەین.

#### ١,٢,١. زمان و پەروەردە

ڕووسیا لە ڕێگەی چەند بەش و ناوەندێکەوە هەوڵی بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی پێگەی زمانی ڕووسی لە نێو خوێندکاران و توێژی خوێندەواری عێراقدا دەدات. بەشی زمان و ئەدەبی ڕووسی لە زانکۆی بەغداد لەم ڕووەوە ڕۆڵی پێشەنگی خۆی دەگێڕێت. ئێستا لە بەشی ئاماژەپێکراودا (٥٠) مامۆستا، لە نێویاندا سێ پرۆفیسۆر و چەند مامۆستایەکی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا کار دەکەن. لە هەمان کاتدا، (٣١٠) فێرخواز وانە دەخوێنن و هەفتانە ٣٩ بابەتی جیاواز وەردەگرن. پرۆگرامەکە ڕێزمان، نووسین، خوێندنەوە، ئەدەبی ڕووسی، وەرگێڕان... هتد؛ لەخۆی دەگرێت[٣٠].

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «دار ئەلمەئومن»یش، ناوەندێکی دیکەی لێکۆڵینەوە و بەرەوپێشبردنی زمانی ڕووسییە کە لە ژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی ڕۆشنبیریی عێراقدا کار دەکات. کار لە سەر وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵان و بابەتی دیکە لە ڕووسییەوە بۆ عەرەبی دەکات[٣١]. لە ساڵی ٢٠١٨، بەشی زمانی ڕووسی لە زانکۆی سامەڕا لە پارێزگای سەلاحەدین کرایەوە کە ٢٠ خوێندکاری وەرگرت و خاوەنی شەش مامۆستایە. بەشێکی هاوشێوە لە زانکۆی واسیت کرایەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی ستافی پێویست بەشەکە هەڵپەسێردرا. سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانییش لە هەرێمی کوردستان، خواستی خۆیان بۆ کردنەوەی بەشی زمانی ڕووسی لە زانکۆکەیان دووپات کردووەتەوە[٣٢]. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی خوازیارانی خوێندن لە ڕووسیا بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٧؛ نزیکەی ١٩٠٠ کەس بوو، بە ڕێژەی لە ١٠٪ زیاتر لە ساڵی پێشتر. هەر لە هەمان ساڵدا، لە سەر پشکی وەزارەتی زانست و خوێندنی باڵای ڕووسیای فیدراڵ، ١٦٧ خوێندکاری

عێراقی بۆ خوێندن ڕەوانەی ڕووسیا کران. بە گشتی بە پێی ئامارەکان و بە گوتەی سێرگێی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ، لە میانەی سەردانەکەی بۆ عێراق لە شوباتی ٢٠٢٣، ٤٢٠٠ خوێندکاری عێراقی لە زانکۆکانی ڕووسیا دەخوێنن و پلانیش هەیە کە ژمارەی کورسیی بێبەرامبەری خوێندن لە ٢٠٠ بۆ ٢٦٠ کورسی زیاد بکرێت. لاڤرۆڤ ئاماژەی بەوەش کرد کە گرووپێکی ٦٠ کەسی لە کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، ساڵی ٢٠٢١، لە ئەکادیمیای دیپلۆماسیی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا وەرگیراون و پرۆسەکە بۆ ساڵانی داهاتووش بەردەوام دەبێت. جێگەی باسە پسپۆڕییەکانی ئەندازیاری و پزیشکی لە نێو خوێندکارە عێراقییەکاندا خواستێکی زۆریان لە سەرە[٣٣].

سەرەڕای ئەوەی چەند بەشێکی زمانی ڕووسی لە زانکۆکانی عێراق کراونەتەوە و تا ئاستێکی باش پێگەی زمانی ڕووسی لە عێراق ڕوو لە بەهێزبوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە کەم نین و ئەو بەش و ناوەندانەی ئاماژەمان پێ کردن بەدەست چەند کێشەیەکی بنەڕەتییەوە دەناڵێنین کە خۆی لە کەمی کتێبی خوێندنی زمانی ڕووسی، فەرهەنگی ئەلکترۆنی، سەرچاوەی بینراو، نەبوونی مامۆستا و کادری شارەزا دەبینێتەوە، بە تایبەتی کە هەندێک لە ستافی مامۆستایان ئەزموونی خوێندنی ڕووسیایان نییە. لە دەرەوەی ئەو ناوەندە فەرمییانە، تا ئێستا ناوەندێکی کولتووریی ڕووسی-عێراقی نییە، بۆ نموونە هاوشێوەی ڕۆس سەترودنیچێستڤە، کە هاوڵاتییانی عێراق بە زمان و کولتووری ڕووسیا ئاشنا بکات و چالاکیی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە ڕێک بخات، ئەمە جگە لە گرفتە دارایی و تەکنیکییەکانی دیکە. لە دەرەوەی ئەو ناوەندە فەرمییانە، تا ئێستا ناوەندێکی کولتووریی ڕووسی-عێراقی نییە، بۆ نموونە هاوشێوەی ڕۆس سەترودنیچێستڤە کە هاوڵاتییانی عێراق بە زمان و کولتووری ڕووسیا ئاشنا بکات و چالاکیی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە ڕێک بخات.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، پەروەردە و زمان لە ئامرازە کاریگەرەکانی هێزی نەرمن و ڕووسیاش لەم ڕووەوە درێغیی نەکردووە. سەبارەت بە عێراقیش، ئاشکرایە کە بەهێزبوونی ڕووسیا لە بازاڕی جیهانیی وزە و کایەی سەربازی-تەکنیکی و ئابووری، خواستی خوێندکارانی عێراقی بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی و خوێندن لە ڕووسیا زیاتر کردووە، ئەمە جگە لەوەی

کە هەژموون و باڵادەستیی ڕووسیا لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی سووریا، بەردەوام لە فراوانبووندایە و ئەمەش لای خۆیەوە کاریگەریی خۆی داناوە و ڕووسیا لە ڕێگەی پەروەردە و زمان و ئەدەبەوە دەیەوێت وێنەیەکی ئەرێنی و بابەتی بۆ خۆی لە نێو نوخبە و کۆمەڵگەی عێراقی بە گشتی پێک بهێنێت.

### ٣,٢,٢. بازرگانی و وزە

سەرەڕای هەژموون و کاریگەریی ئەمەریکا، دەسەڵاتدارانی عێراق خواستی خۆیان بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکانیان لەگەڵ ڕووسیا ڕاگەیاندووە. ئەگەر دەیەی ڕابردوو بە نموونە وەربگرین، ئەوا پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات ساڵ لە دوای ساڵ لە گەشەسەندندایە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ساڵی ٢٠١١دا لە بەرزترین ئاستیدا گەیشتە ١٥٠ ملیۆن دۆلار، کە ئەمە لە ئاستی خواستی سەرکردایەتیی هیچ کام لەو وڵاتانەدا نەبوو[٣٤].

بەو پێیەی هەر لە سەردەمی سۆڤیەتەوە بوارە سەرەکییەکانی هاوکاریی بازرگانی و ئابووریی نێوان هەردوو وڵات کۆمپلێکسی سەربازی-تەکنیکی و وزە بووە، دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ و بەغداد زیاتر بە بایەخ بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەو بوارانەدا دەدەن. هەر بۆیە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٢، ژمارەیەک گرێبەست بۆ دابینکردنی کەلوپەلی سەربازیی ڕووسیا بۆ عێراق بە بەهای ٤ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دۆلار واژۆ کران[٣٥].

لە کەرتی وزەشدا هەلومەرجێکی لەبار بۆ کارکردنی کۆمپانیا ڕووسییەکان ڕەخسێنراوە. بە هۆی کەمیی تێچووی کارکردن، کێڵگە نەوتییەکانی عێراق بوونەتە جێگەی سەرنجی کۆمپانیا ڕووسییەکان و بەمەش کۆمپانیاکانی وەک (لوک ئۆیڵ، باش نێفت و ڕۆس نێفت) سەرمەیەکانی خۆیان بۆ پەرەپێدانی ئەو کێڵگانە خستووەتە گەڕ. کۆمپانیاکانی لوک ئۆیڵ و گازپرۆم توانیویانە چەند تەندەرێک بۆ گەڕان و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان وەربگرن.

قۆناغێکی گرنگ لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی کەرتی وزە، بەشداریی کۆمپانیاکانی نەوت و گازی ڕووسیا دەبێت لە پرۆژەکانی گەڕانی جیۆلۆجی و پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە عێراقدا. لەم دواییانەدا سەرکردایەتیی عێراق هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ

گەشەپێدانی کێڵگەکانی گازی سروشتی. بە مەبەستی گەڕانی جیۆلۆجی و گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی مەنسوورە، لایەنی عێراقی ئارەزووی ڕاکێشانی کۆمپانیای «گازپرۆم نێفت» دەکات وەک سەرپەرشتیارێکی ئەگەری ئەم پرۆژەیە، بە لەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی و ئەزموونی کەڵەکەبووی، کۆمپانیا ڕووسییەکە لە ئێستادا تاوتوێی مەرجەکانی بەشداریکردنی لەو پرۆژەیە دەکات[٣٦].

لایەنی عێراقی خوازیاری گەشەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانە لە سێکتەرەکانی دیکەشدا، بە تایبەتی لە پیشەسازیی کارەبا، گواستنەوە و ژێرخانی کۆمەڵایەتی و پیشەسازییەکانی دیکەش. جگە لەوەش، لە سەر داواکاریی عێراق، لایەنی ڕووسی دەتوانێت قەبارەی هەناردەی بەرهەمە کشتوکاڵی و خۆراکییەکانیش زیاد بکات.

زەیتی گوڵەبەڕۆژە، ئارد، گەنم و جۆ؛ لە نێو ئەو بەرهە کشتوکاڵییانەی ڕووسیان کە لە عێراق خواستیان لە سەرە. هەروەها بازاڕی عێراق زۆر پێویستی بە ئالیکی ئاژەڵ هەیە و خواست لە سەر گۆشتی پەلەوەریش زیادی کردووە. بە پێی ڕاپۆرتی دەزگای گومرگی فیدراڵیی ڕووسیا، تایبەت بە ئاماری بازرگانیی دەرەکیی ڕووسیا لەگەڵ عێراق، هەناردەکردنی دار و ئەو بەرهەمانەی لێی دروست دەکرێت، بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩ بە ڕێژەی لە ١٥٪ زیادی کردووە. واتە لە ٢٦،٥ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠١٩ بۆ ٣١ ملیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠٢١. هەناردەکردنی کانزا ئاسنییەکان بە ڕێژەی ٤٣٪ زیادی کردووە (١٤،٩ بۆ ٢١،٤ ملیۆن دۆلار). هەناردەی ئامێر و ئامێرە کارەباییەکان (ئامێرە پزیشکییەکان، کەرەستەی پیشەسازیی نەوت و گاز و پارچە یەدەگەکانیان) بە ڕێژەی ٣٥٪ زیادی کردووە[٣٧]. لەم دواییانەدا سەرکردایەتیی عێراق سیاسەتی خۆی بۆ پەرەپێدانی توانا ناوخۆییەکان بۆ پرۆسێسکردنی هەندێک بەرهەمی کشتوکاڵی چڕ کردووەتەوە، وەک دانەوێڵە، زەیتی ڕووەکی، شەکری خاو و... هتد. لەم بوارەشدا ڕووسیا دەتوانێت بەشداریی چالاکی هەبێت، بە تایبەتی لە دروستکردنی سایلۆ گەورەکان و دابینکردنی ئامێر و بونیادنانی ژێرخانی کشتوکاڵی.

کەرتی کارەباش بوارێکی گرنگی هاوبەشێتیی نێوان هەردوو وڵاتە، بە تایبەتی دەستپێکردنەوەی کارکردن لە دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کە لە لایەن ڕووسیاوە تەواو نەکراون و لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگن بۆ عێراق، وەکوو وێستگەی

کارەبای گەرمی ئەلخەرتا، وێستگەی کارەبای گەرمی ئەلیوسفیە، وێستگەی کارەبای گەرمی دیبیس و وێستگەی کارەبای ئاوی ئەلعادەیم لە ئەرکی لەپێشینەن بۆ ڕووسیا و عێراق. بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانی پێشوو لەگەڵ کۆمپانیا ڕووسییەکانی جێبەجێکاری ئەم پڕۆژانە و ئەنجامنەدانی گرێبەستی نوێ، ئاسۆی کارکردن لەو وێستگانە ڕوون نییە[٣٨].

لە بواری پزیشکی و دەرمانیشدا، ڕووسیا هاوکارێکی گرنگی عێراقە و وەک تێبینیمان کرد لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا ڤاکسینی ڕووسیا لە عێراق تۆمار کرا و ئەو وڵاتە ئامادەیی بۆ دابینکردنی ڤاکسین بۆ عێراق نیشان دا. هەروەها پەرەپێدانی هاوبەشێتی لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی ڕووسیا بۆ دابینکردنی دەرمان و ئامێرە پزیشکییەکان؛ بوارێکی ئایندەییە و کۆمپانیا ڕووسییە تایبەتمەندەکان ئامادەیی خۆیان بۆ خستنەگەڕی سەرمایەکانیان لەو بوارەدا دەربڕیوە، بە تایبەتی لە دوای لابردنی ئەو بەربەستانەی بە هۆی پەتای کۆرۆناوە دانرابوون[٣٩].

ڕەنگە بوارێکی ئومێدبەخشی دیکە هاوکاریی کەرتی دارایی و بانکی بێت. بە لەبەرچاوگرتنی پلانی نیشتمانیی دراو لە عێراق، هاوبەشە عێراقییەکان ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ ڕەچاوکردنی بەشداریکردنی کۆمپانیای «گۆزناک جەی ئێس سی ڕووسی» لە جێبەجێکردنی پڕۆژەی دەرکردنی پارە و دراوی نوێ. بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی ڕووسیا و عێراق، پێدەچێت باشتر بێت کە چالاکانەتر ئامرازەکانی پشتیوانیی هەناردەکردنی دارایی و نادارایی وەگەڕ بخرێن. جگە لەوەش، لە بارودۆخی ئێستادا گرنگە میکانیزمەکان بۆ پشتگیریی دارایی و بانکیی گرێبەستەکان بە بەکارهێنانی کەناڵەکانی پەیوەندیی نێوان بانکی بەدیل بۆ سویفت و بەبێ بەشداریکردنی توخمەکانی سیستمی بانکیی ئەمەریکا؛ بگیرێنە بەر[٤٠].

وەک تێبینیمان کرد، ڕووسیا چالاکانە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گازی عێراق دەکات. کۆمپانیا ڕووسییەکان گرێبەستی گەورە دەکەن بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتی و گازییەکان. کۆمپانیا ڕووسییەکان سەرقاڵی بنیاتنانەوە و مۆدێرنکردنی ژێرخانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت و گازن، ئەمەش دروستکردنی بۆری و پاڵاوگەی نەوت و دامەزراوەکانی

تریش دەگرێتەوە کە لای خۆیەوە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و کاریگەریی ڕووسیا لە کەرتی وزەی عێراقدا زیاد دەکات.

لە بواری کشتوکاڵیشدا، ڕووسیا بڕێکی بەرچاو دانەوێڵە و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی دیکە بۆ عێراق دابین دەکات. ئەم پێداویستییانە یارمەتیدەرن بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراکی وڵاتەکە و دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی لە ڕووسیا وەک هاوبەشێکی متمانەپێکراو. ئەمە جگە لەوەی ڕووسیا هاوکارێکی باشی پەرەپێدانی ئەو کەرتەیە لە ناوخۆی عێراقیشدا.

ڕووسیا بە پابەندبوون بە پەرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق و دامەزراندنی پەیوەندییەکی بابەتی و هاوسەنگ، هەوڵ دەدات لە بوارە جیاوازەکاندا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا پەرە پێ بدات، ئەمەش هەر لە زمان و پەروردەوە تا وزە و ئابووری و بازرگانی دەگرێتەوە. ڕووسیا لە ڕێگەی ئەو بوارانەوە هەم دەیەوێت کاریگەریی خۆی لە عێراق زیاتر بکات، هەم وێنەیەکی ئەرێنی بۆ خۆی دروست بکات و ئەو بۆچوونەش کاڵ بکاتەوە کە پێی وایە عێراق ناوچەی هەژموونی ئەمەریکایە. هەر بۆیە بە بۆچوونی ئێمە، لە داهاتوودا، پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عێراق زیاتر فراوان دەبن و ئامادەیی سیاسی و سەربازیی ڕووسیا لە ناوچەکە زیاتر ڕێگە خۆش دەکات بۆ بوون و کاریگەریی کولتووری و ئابووریی ئەو وڵاتە لە عێراقدا.

## دەرئەنجام

١. ڕووسیا بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵی بەهێزکردنی کاریگەریی خۆی لە عێراق دەدات و بە پلەی یەک لە ڕێگەی بەگەڕخستنی سەرمایە لە کەرتەکانی وزە و کشتوکاڵ و بازرگانی و دواتر تەکنیکی-سەربازی، پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ عێراق پەرە پێ دەدات.

٢. ڕووسیا لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە هەوڵ دەدات وێنەیەکی ئەرێنی بۆ خۆی لە چاوی نوخبەی عێراقی دروست بکات و بۆ ئەمەش ئامرازە جیاوازەکانی کولتوور و میدیا بەکار دەهێنێت.

٣. لە ڕێگەی پەروەردە و زمانەوە، ڕووسیا چالاکانە پەرە بە کولتووری خۆی و بەهێزکردنی پێگەی زمانی ڕووسی لە عێراقدا دەدات. بوونی چەند بەشێکی زمانی ڕووسی لە زانکۆکانی عێراق و پێدانی کورسیی خوێندن ساڵانە بە خوێندکارانی عێراقی، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.

٤. ڕووسیا، بە پابەندبوون بە پرەنسیپی دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق، هەوڵی داوە پەیوەندییەکی دیپلۆماسیی یەکسان و هاوسەنگ لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت.

## پێشنیار و ڕاسپاردە

١. عێراق، بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لە داهاتوودا، دەتوانێت سوود لە تواناکانی ڕووسیا لە بوارە جیاوازەکان وەربگرێت. ئاشکرایە کە ڕووسیا زلهێزێکی جیهانییە و لە بواری سەربازی، ئابووری و کشتوکاڵ لە وڵاتانی پێشەنگی جیهانە. هەر بۆیە عێراق دەتوانێت سوود لە ئەزموون و تەکنەلۆژیا و دەرفەتەکانی زیادکردنی بازرگانی لەگەڵ ڕووسیادا وەربگرێت.

٢. سەرکەوتنی پرۆگرامە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکانی ڕووسیا لە عێراق، وەک ڕاکێشانی خوێندکارانی عێراقی بۆ خوێندن لە زانکۆکانی ڕووسیا، بەشدار دەبێت لە دروستبوونی ڕوانگەیەکی ئەرێنی بەرامبەر بە ڕووسیا لە نێو گەنجانی عێراقدا، ئەمەش وێنەیەکی ئەرێنی بۆ ڕووسیا دروست دەکات لە دەرەوە کە یەکێکە لە ئامانج و پاڵنەرەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا لە ئێستادا. لایەنی ڕووسی دەبێت بایەخی زیاتر بەم بوارە بدات و دەرفەتی زیاتر بۆ خوێندکارانی عێراقی برەخسێنێت. هاوکات لە ڕێگەی کارئاسانیی پێدانی ڤیزا و مانەوە لەو وڵاتەدا، ڕووسیا دەبێت هەندێک لە ڕێکارە ڕۆتینییەکان هەڵبگرێت تا زیاتر سەرنجی خوێندکارانی عێراقی ڕابکێشێت.

٣. ڕووسیا بۆ ئەوەی کاریگەریی کولتووری و پەروەرردەیی خۆی لە عێراق زیاتر بکات، پێویستە لقی زانکۆ بەناوبانگەکانی ڕووسیا لە شارە پێشکەوتووەکانی عێراق بکاتەوە، وەک لقی زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی و دهۆک. جگە لەوە، دەبێت ناوەند و بنکەی فەرهەنگی بکاتەوە کە بتوانن پەرە بە کولتووری ڕووسیا بدەن لە عێراقدا، بەتایبەتییش لە ئێستادا زۆر گرنگە دەستپێشخەریی کردنەوەی لقی «ڕۆس سەترودنیچێستڤە و ڕووسکی میر» لە عێراق بکات.

٤. لایەنێکی دیکە، پەرەپێدانی کەرتی گەشتیارییە و ڕووسیا لەم ڕووەوە وەک وڵاتێکی داخراو لە لایەن عێراقییەکانەوە تەماشا دەکرێت. بێگومان خواستێکی زۆر لە نێو هاونیشتمانییانی عێراقی بۆ سەردان و بە مەبەستی گەشتیاری بۆ ڕووسیا هەیە، بەڵام بە هۆی مەرج و یاساکانی ڕووسیا بۆ پێدانی ڤیزای گەشتیاری، ئەم کەرتە وەک پێویست نەبووژاوەتەوە و حکومەتی ڕووسیا پێویستە پێداچوونەوە بە یاساکانی لەم بوارەدا بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گەشتی ئاسمانیی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو وڵات تەنها لە بەغداد بۆ مۆسکۆیە و لە هەفتەیەکدا تەنها چەند گەشتێکە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

*1. М. Д. Юзопольский: ОСОБЕННОСТИ И ПРОБЛЕМЫ В ДЕЛЕ ПРИМЕНЕНИЯ «МЯГКОЙ СИЛЫ» РОССИЙСКОЙ ДИПЛОМАТИЕЙ НА ПРИМЕРЕ РЕСПУБЛИКИ ИРАК. Журнал «ДИПЛОМАТИЧЕСКАЯ СЛУЖБА», 4 (109) /2023.т19. с 357.*

*2. Александровна, Виктория Мережко : «Мягкая сила» России в регионе Ближнего Востока (на примере деятельности Россотрудничества). Конференция «Ломоносов 2020».*

بۆ زیاتر ئاشنابوون بە چەمکی هێزی نەرم، بڕوانە: ئەیوب زاهیر تۆفیق، هێزی نەرمی چین لە عێراق و هەرێمی کوردستان. گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٢٠)، ساڵی پێنجەم، نیسانی ٢٠٢٤. ل٧٨، ٧٩.

*3. Ф. Руми, А.С. Матвеев: ВОЗМОЖНОСТИ ИСПОЛЬЗОВАНИЯ РОССИЕЙ «МЯГКОЙ СИЛЫ» ДЛЯ*

*ПРЕОДОЛЕНИЯ НЕДОВЕРИЯ В РОССИЙСКО-ИРАНСКИХ ОТНОШЕНИЯХ. НАУЧНЫЕ ВЕДОМОСТИ, Серия История. Политология. 2016 № 1 (222). Выпуск 37. С. 176.*

*4. КОСЯКИНА А.С: РОССИЙСКИЙ ПОДХОД К КОНЦЕПЦИИ "МЯГКОЙ СИЛЫ. Анализ и прогноз. Журнал ИМЭМО № 2, 2022. С. 65.*

*5. Там же, С. 65.*

*6. Путин В.В. Россия и меняющийся мир.: https://er.ru/activity/news/putin-rossiya-i-menyayushijsya-mir_76109 (27 февраля 2012).*

*7. Ф. Руми, А.С. Матвеев: ВОЗМОЖНОСТИ ИСПОЛЬЗОВАНИЯ, С. 176.*

*8. КОСЯКИНА А.С: РОССИЙСКИЙ ПОДХОД, С.69.*

*9. . Лаптева А. Россия: программа репатриации соотечественников пробуксовывает // Eurasianet. 10 сентября 2019. https://russian.eurasianet.org.*

١٠ لە بەشی ئامرازەکانی هێزی نەرمی ڕووسیا، بە وردی باسی «ڕۆس سەترودنیچێستڤە» دەکەین.

*11. Марлен Ларюэль, «Мягкая сила России: источники, цели и каналы влияния», Russie.Nei.Visions, №122, Ифри, апрель 2021. С.16,17.*

*12. Там же, С.17.*

بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر ڕۆڵی کڵێسەی ئەرسەدۆکسی ڕووسیا، بڕوانە:

*- Aktürk Ş. Five Faces of Russia's Soft Power: Far Left, Far Right, Orthodox Christian, Russophone, and*

*Ethnoreligious Networks // PONARS Eurasia Policy Memo. № 623. Ноябрь 2019.*

*- Adamsky D. The Role of the Russian Orthodox Church in Moscow's Syrian Campaign // PONARS Eurasia Policy Memo. № 635. Февраль 2020.*

*13. Там же, С.18*

*14. Там же, С.19*

١٥ بۆ زانیاریی زیاتر لە سەر نەزمی جیهانی دوای کۆنفرانسی یالتای، بڕوانە:

*Блог, Александра Гаджиева: Пост-ялтинский миропорядок: состояние и сценарии развития. 21 июля 2020, https://russiancouncil.ru/blogs/alexander-gadzhiev/postyalt-*

*inskiy-miroporyadok-sostoyanie-i-stsenarii-razvitiya/?sphrase_id=92555762 .*

*16. Марлен Ларюэль, «Мягкая сила России: источники, С.19.*

*17. Там же, С.19*

*18. КОСЯКИНА А.С: РОССИЙСКИЙ ПОДХОД, С.70*

*19. Всемирная ассоциация выпускников. [The International Alumni Association. (In Russ.)] Available at: http://www.alumnirussia.org*

*20. КОСЯКИНА А.С: РОССИЙСКИЙ ПОДХОД, С.72*

*21. Там же, С. 72*

*22. the Federal Agency for the Commonwealth of Independent States, Compatriots Living Abroad, and International Humanitarian Cooperation*

٢٣. بۆ زانیاریي زیاتر بڕوانە:

*O. Andriyenko: ROSSOTRUDNICHESTVO AS AN INSTRUMENT OF SOFT POWER OF THE RUSSIAN FEDERATION. Innovative Solutions In Modern Science № 5(32), 2019.*

*24. фонд поддержки публичной дипломатии им а.м горчаковаю https://gorchakovfund.ru*

*25. КОСЯКИНА А.С: РОССИЙСКИЙ ПОДХОД, С.67*

*26. М. Д. Юзопольский: ОСОБЕННОСТИ И ПРОБЛЕМЫ, С.359.*

*27. Там же, С.359.*

*28. Там же, С.360.*

*29. Там же, С.360.*

*30. Трухин А.С, Данакин Н.С, Лесовик Р.В: О положении русского языка в Ираке. Этносоциум 1 (175) 2023. С.48.*

*31. Там же, С.48.*

*32. Там же, С.48.*

*33. Россия увеличит число квотных мест для иракских студентов: 6 февраля 2023, https://tass.ru/obschestvo/16971225*

*34.Владислав Сенькович: возможностях освоения рынка Ирака российскими компаниями, 14 мая 2013. https://russiancouncil.ru/analytics-and-comments/analytics/o-vozmozhnostyakh-osvoeniya-rynka-iraka-rossiyskimi-kompaniya.*

*35. Там же.*

*36. Трухин А.С, Данакин Н.С: О состоянии и перспективах развития российско-иракских торгово-экономических отношений. Этносоциум 1 (175) 2023. С.67.*

*37. Озманян Мидия Саидовна: РОССИЙСКО-ИРАКСКОЕ ТОРГОВО-ЭКОНОМИЧЕСКОЕ СОТРУДНИЧЕСТВО*

*В ПЕРИОД COVID-19. Восточная аналитика. 2021. С.21.*

*38. Трухин А.С, Данакин Н.С: О состоянии и перспективах. . С.68*

*39. Там же, С.69*

*40. Там же, С.69*

# پێگەی ڕووسیا لە ململانێ جیۆسیاسی-ئیکۆنۆمییەکاندا



**د. ڕەنج نەوزاد**

پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

## بەرایی

ڕووسیا لە ئێستادا کۆنترین و بەتەمەنترین دەوڵەتی زلهێزە لە جیهاندا. بەو مانایەی لە سەدەی (١٨)ەوە دەبێتە دەوڵەتێکی زلهێز، زۆر تا کەم، تا ئەمڕۆ ئەو پێگەیەی بەردەوامە (لە سەردەمی سۆڤیەت سوپەرپاوەر بوو). هیچ کام لە دەوڵەتە زلهێزەکانی تری ئەمڕۆی جیهان ئەو تەمەنە زۆرەیان نییە. بە درێژایی ئەو سێ سەدەیە، ئەم دەوڵەتە ڕۆڵ و کاریگەریی دیاری هەبووە و هەیە لە زۆرێک لە هاوکێشە گرنگ و گەورەکانی جیهان. تێگەیشتن و دیاریکردنی پایە و پاڵنەرە سەرەکییەکانی سیاسەت و ستراتیژی ڕووسیا، هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لەو زلهێزە و لە زۆرێک لە هاوکێشە سیاسییەکان کە ڕووسیا تیایدا بەشدارە. لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە دوو پایەی سەرەکیی هێز و ستراتیژ و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا کراوە، کە ئەوانیش ستراتیژ و فکری ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دەریاییەکان (پێشتر بەریتانیا و پاشان ئەمەریکا و ناتۆ)، هەروەها پاڵنەر و ئامرازی وزە (گازی سروشتی و نەوت)یە. ئەم دوو پایە و پاڵنەرە تەفسیری بەشێکی زۆری سیاسەت و جوولە و ڕەفتارەکانی ڕووسیا دەکەن لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. بایەخی زیاتر بە فکر و ستراتیژی «ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دەریاییەکان» دەدرێت، کە چەمکێکی گرنگی ناو کایەی جیۆپۆلەتیکە.

## ڕووسیا و تیۆری جیۆپۆلەتیک

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی دەوڵەتان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یەکێک لە ئامرازە هەرە گرنگەکان بریتییە لە تیۆرییەکانی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەت تیۆرییەکانی جیۆپۆلەتیک. بە گشتی ئەم تیۆرییانە لە ئەنجامی چاودێریکردن و تێبینیکردنی ڕەفتار و سیاسەتی دەوڵەتانەوە سەرچاوەیان گرتووە. سەرەتا واقع و ڕەفتار و ئاکتی دەوڵەتان هەیە، پاشان تیۆرییەکان دێنە ئاراوە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە و پۆلێنکردن و چەمکاندنی ئەو ئاکت و ڕەفتارانەی کە لە واقعدا ئەنجام دەدرێن. پاشان دەکرێت پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان واقع و تیۆری دروست ببێت، بەو مانایەی کارلێکردنی واقع و تیۆری؛ واقع تیۆری دروست دەکات، تیۆری کاریگەری لە سەر واقع دروست دەکات و دەکرێت گۆڕانکارییشی تێدا بکات. بە کورتی: تیۆرییەکان ڕەنگدانەوەی واقعی سیاسەتن، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشێکن یان ڕوویەکی تری سیاسەتە.

لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و ستراتیژی ڕووسیا پشت بە تیۆرییەکانی جیۆپۆلەتیک دەبەستم، هاوکات گریمانەکانی ئەو تیۆرییانە بەراورد دەکەم بە سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕووسیا لە واقعدا. ئەمەش لە بەر سێ هۆکار: ١. ڕووسیا بە درێژایی چەندین سەدە بکەرێکی سەرەکیی جیۆپۆلەتیکە، ٢. کایە یان چەمک و زانستی جیۆپۆلەتیک کایەیەکی دەوڵەتییە. گریمان دەوڵەت مرۆڤێکە، هەروەک چۆن مرۆڤ بیروباوەڕ و ئەخلاق و جیهانبینییەکی دیاریکراوی هەیە. بۆ نموونە تاکەکان دەکرێت فکر و جیهانبینیی چەپ و مارکسییان هەبێت، یان ئیسلامی و دینی، یان لیبراڵی... فکر و جیهانبینی دەوڵەت، جیوپۆلەتیکییە. بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە بکەری سەرەکیی جیۆپۆلەتیکین، وەک ئەمەریکا و ڕووسیا و بەریتانیا... بیرمەندی گەورەی بواری جیۆپۆلەتیک کارڵ هاوسهۆفەر پێی وایە کە «جیۆپۆلەتیک زانستی نوێی نەتەوەیی دەوڵەتە»[1]. ٣. بەشێکی زۆری خودی بیرمەند و تیۆریستە گەورەکانی بواری جیۆپۆلەتیک؛ ئەفسەری سوپا، یان دیپلۆمات و سیاسی بوون، یان نزیک بوون لە سەرکردە و دەزگاکانی دەوڵەت، وەک ڕاتزڵ و هاوسهۆفەر و ماکندەر و ماهان و بریجنسکی وکیسنجەر و دۆگین... واتە بەشێکی زۆری تیۆر و تێڕوانینە گرنگەکانی جیۆپۆلەتیک لە لایەن کەسانێکەوە دانراون کە بەشێکن لە

دەوڵەت و بەشدارن لە دارشتنی سیاسەتی دەوڵەتان. لەم بارەیەوە دۆگین؛ بیرمەندی ناسراوی ڕووسی لە بواری جیۆپۆلەتیک، پێی وایە هیچ زانایەکی جیۆپۆلەتیک نییە بەشدار نەبووبێت لە سیاسەتی دەوڵەتەکەی و بە درێژایی مێژووی جیۆپۆلەتیک یەک بیرمەندی جیۆپۆلەتیک نییە کە بەرژەوەندیی وڵات و نەتەوەکەی نەویستبێت، هەر بۆیە کەسیان بێلایەن نین و هەمیشە لایەنگریی دەوڵەتەکەی خۆیان دەکەن[٢]. بۆیە دەکرێت بوترێت جیۆپۆلەتیک فکری دەوڵەتە، بە تایبەت دەوڵەتانی وەک ڕووسیا.

## ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دەریاییەکان (چوارچێوەیەکی تیۆری و جیۆپۆلەتیکی)

یەکێک لە گریمانە و تێڕوانینە سەرەکییەکانی ناو ئەدەبیاتی جیوپۆلەتیک، بریتییە لەوەی کە بنەما و هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی ململانێ جیهانییەکان بریتییە لە ململانێی نێوان هێزی وشکانی (تیلۆروکراتیا) و هێزی دەریایی (تالاسوکراتیا)[٣]. لەم پۆلێنکارییەدا ڕووسیا هەمیشە هێزی وشکانییە. دۆگین ڕووسیا وەک «شارستانیەتی وشکانی» پێناسە دەکات[٤]. هاوکات نەیارەکانی ڕووسیا (بەریتانیای جاران و ئەمەریکا و ناتۆی ئێستا) هێزی دەریایین. ئەم تێڕوانینەی ماکندەر، بیرمەند و دیپلۆماتی بەریتانی، لە وتارێکی بە ناونیشانی «The Geographical Pivot of History» لە ساڵی ١٩٠٤ بە وردی دەیخاتە ڕوو[٥]. لەوێدا ماکندەر تیۆری «pivot area/pivot state» دادەڕێژێت، کە پاشان بە تیۆری دڵی زەوی (Heartland) دەناسرێت. ئەم تیۆرییە لە بنەمادا لە پێناو مانەوە و زیاتر بەهێزکردنی هەژموونی بەریتانیا بوو لە جیهاندا. گریمانەی سەرەکیی ئەم تیۆرییە بریتییە لە:

ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا حوکم بکات، زاڵ دەبێت بەسەر دڵی زەویدا.

ئەوەی دڵی زەوی حوکم بکات، زاڵ دەبێت بەسەر دوورگەی جیهاندا.

ئەوەی دوورگەی جیهانیش حوکم بکات، زاڵ دەبێت بەسەر جیهاندا[٦].

بە پێی ماکندەر، دڵی زەوی بەشێک لە ڕووسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز دەگرێتەوە. تا ڕادەیەکی زۆر یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و ناوچەی هەژموونی سۆڤیەت دەگرێتەوە. هەر چەند لە کاتی نووسینی ئەو وتارە لە ١٩٠٤دا، یەکێتیی سۆڤیەت بوونی نەبووە. بەڵام ئەوکاتیش مەبەستی سەرەکی هەر ڕووسیا بووە، چونکە ئەوکات و پێشتر و ئێستاش، ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز

یان سەر بە ڕووسیای قەیسەری یان سەر بە هەژموونی ڕووسیا، یان بەشێک بوون لە سۆڤیەت، لایەنی کەم ڕووسیا بە جێ هەژموونی خۆی زانیوە و دەزانێت.

دوورگەی جیهان بریتییە لە سێ کیشوەرە سەرەکییەکەی ئەو سەردەمە (ئەورووپا و ئاسیا و ئەفەریقا). جیهانیش مەبەستی لە کۆی جیهانە بە هەموو کیشوەر و ناوچەکانەوە. بە پێی ماکندەر، بەریتانیا پێویستە هەژموونی هەبێت بەسەر دڵی زەوی (واتە ڕووسیا و جێ هەژموونی ڕووسیای ئەوکات و ئێستاش)، ئەمە وا دەکات بەریتانیا لە ئایندەشدا جیهان بەڕێوە ببات. بە پێی ماکندەر، باشترین دەروازە بۆ کۆنترۆڵکردنی دڵی زەوی بریتییە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە بەشێکی سەرەکیی دڵی زەوییە[٧]. بە پێی ئەم تیۆرییە، دەتوانین بڵێین کشانی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەئەندامبوونی دەوڵەتانی وەک پۆڵەندا و لیتوانیا و لاتڤیا و ئیستۆنیا... لە ناتۆ، بەشێکە لە گەمارۆدان و کۆنترۆڵکردنی دڵی زەوی. هەر بۆیە ماکندەر لە ڕووی فکرییەوە بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ شەڕی سارد و دامەزراندنی ناتۆ[٨].

لای بیرمەندانی جیۆپۆلەتیک ڕای جیاواز هەیە لە بارەی ئەوەی کە ئایا هێزی دەریایی گرنگە یان هێزی وشکانی؟ کامیان بەهێزترە؟ دەوڵەتێک بیەوێت هەژموونی هەبێت بەسەر جیهاندا، پێویستە هێزێکی دەریایی هەبێت یان وشکانی؟ بۆ نموونە ڕاتزڵ (١٨٤٤-١٩٠٤)، کە بە باوکی جیۆپۆلەتیک دادەنرێت[٩] و ئەلفرید ماهان (١٨٤٠–١٩١٤)؛ بیرمەند و ئەفسەری هێزی دەریایی ئەمەریکا، پێیان وایە ئەوەی بیەوێت هەژموونی هەبێت بەسەر جیهاندا، دەبێت دەسەڵاتی هەبێت لە دەریا و ئۆقیانووسەکان. واتە هێزی دەریایی گرنگترە. ماهان پێی وا بوو هەژموون بەسەر جیهاندا لە دەریاکانەوە دەکرێت نەک لە وشکانییەوە[١٠]. تیۆرییەکانی ماهان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی دیاری هەبووە لەوەی ئەمەریکا ببێتە خاوەن بەهێزترین هێزی دەریایی لە مێژوودا[١١]. ماکندەر سەرەڕای ئەوەی هێزی دەریایی بە گرنگ دەزانێت، بەڵام پێی وایە لە دوای دروستبوون و گەشەکردنی هێڵی ئاسنین، هێزی وشکانی بەهێزتر بووە و دەتوانێت سەر بکەوێت بەسەر هێزی دەریایی، چونکە هێڵی ئاسنین ڕێگە دەدات بە دەوڵەتی وشکانی کە حوکمی دڵی زەوی دەکات؛ بتوانێت بە هەموو ئاڕاستەکانی «دڵی زەوی» بجووڵێتەوە و بگاتە دەریاکانیش[١٢].

لەم سەردەمەدا دۆگین پشتگیریی ئەم تێڕوانینە دەکات و پێی وایە پاڵنەر و چەقی مێژوو و ململانێکان دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی هێزی وشکانی و هێزی دەریایی. لای دوگین ململانێی نێوان هێزی دەریایی و وشکانی تەنیا ململانێیەکی سیاسی و سەربازی نییە، بەڵکوو ململانێیەکە لە نێوان دوو شارستانی و کولتوور و بەها و جیهانبینیی جیاواز و دژ بە یەک[١٣]. بە پێی دۆگین، «دڵی زەوی» یان ناوچەی هێزە وشکانییەکە، جوگرافیای ڕووسیای قەیسەری و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەگرێتەوە. واتە ڕووسیای ئێستا و ئەو ناوچانەی کە ڕووسیا بە دەرەوەی نزیک (Near Abroad)ی دەزانێت، ئەو وڵاتانەی کە سەر بە سۆڤیەت و هەژموونی سۆڤیەت بوون، لە ئێستادا بەشێکیان دژی ڕووسیا و بەشێکن لە هێزی دەریایی ‹‹ناتۆ››. بەشێکیان جارێ، کەم تا زۆر، هەژموونی ڕووسیایان بەسەرەوە ماوە[١٤]. بە گشتی، بە بڕوای ئەم بیرمەندە، «ڕووسیای فیدراڵ دەکەوێتە دڵی زەوی»[١٥]، هەروەها ڕووسیا وەک شارستانیەتی وشکانی، مەحکومە بەوەی ململانێی شارستانیەتی دەریایی بکات. بە ڕای دۆگین، ململانێی ڕووسیای قەیسەری و بەریتانیا لە سەدەی ١٩، ململانێی بلۆکی سۆشیالیزم (سۆڤیەت/ڕووسیا) و بلۆکی سەرمایەداری (ئەمەریکا) لە کاتی جەنگی سارد، ململانێی ئەمڕۆی ڕووسیا لەگەڵ ئەمەریکا و ناتۆ، هەر هەمووی لە چوارچێوەی ململانێی نێوان هێزی وشکانی کە دۆگین پێی دەڵێت ‹‹تیلۆروکراتیا›› و هێزی دەریایی کە ناوی دەنێت ‹‹تالاسوکراتیا›› دەبێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لێی بڕوانرێت[١٦].

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کاتێک ماکندەر ئاماژە بەوە دەکات کە بەریتانیا ‹‹هێزی دەریایی››ی پێویستە حوکمی دڵی زەوی بکات بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر جیهاندا، مەرج نییە مانای ئەوە بێت کە دەبێت هێزی دەریایی لە ڕێگەی سەربازییەوە ڕووسیا و «دڵی زەوی» داگیر بکات، بەڵکوو گەمارۆدانی «دڵی زەوی» و هەبوونی هەژموون لەو ناوچەیە و کردنی هەندێک لە وڵاتانی ناوچەی «دڵی زەوی» بە هاوپەیمانی هێزی دەریایی، بریتییە لە سەرکەوتن و حوکمکردنی جیهان. هەر بۆیە دۆگین پێی وایە کەوتنی سۆڤیەت لە ١٩٩١دا سەرکەوتنی هێزی دەریایی بوو بەسەر هێزی وشکانی، لە کاتێکدا ڕووسیا و ناوچەی دڵی زەوی داگیر نەکرا لە لایەن هیزی دەرياييەوە، تەنیا گەمارۆ درا و لاواز کرا[١٧]. پاشان چەند دەوڵەتێک کە بەشێکن لە «دڵی زەوی» یان دەروازەی ناوچەی «دڵی زەوی»ن؛ بوونە ئەندامی

ناتۆ، دواتریش ئۆکراین کە دەوڵەتێکی گرنگی «دڵی زەوی»یە، بووە دەوڵەتێکی پرۆئەمەریکی (هێزی دەریایی). هەر بۆیە دۆگین پێی وایە ئەگەر ڕووسیا ستراتیژێکی پتەو و وردی نەبێت بۆ ئاینده، ئەوا ئەگەر هەیە لە سەر نەخشە نەمێنێت[18]، ئەمەش ئاماژەیە بەو گەمارۆدانەی هێزی دەریایی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا کە سەپاندوویەتی بەسەر ڕووسیا و دڵی زەوی (هێزی وشکانی).

هاوکات ڕووسیا (هێزی وشکانی) بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێزی دەریایی ببێتەوە، پێویستە هەژموونی هێزی دەریایی لە ناوچەی دڵی زەوی و دەوروبەری دوور بخاتەوە، هەروەها هەوڵ بدات بەرەو دەرەوە بکشێت تا گەیشتن بە دەریاکان، بۆ نموونە گەیشتن بە کەنداوی عەرەبی و دەریای سپیی ناوەڕاست[19]، چونکە بەبێ گەیشتن بە دەریاکان، ئەوا ڕووسیا و هێزی وشکانی ئاسانتر گەمارۆ دەدرێت لە لایەن هێزی دەرییییەوە.

ڕووسیا هەر لە سەردەمی حوکمی قەیسەرەکانەوە یەکێ لە خەونە گەورەکانی گەیشتن بووە بەوەی پێی دەڵێن ئاوە گەرمەکان، واتە ئەو ئاوانەی بە درێژایی ساڵ گونجاون بۆ هاتوچۆ و بازرگانی. ڕووسیا لەگەڵ ئەوەی گەورەترین وڵاتی جیهانە لە ڕووی ڕووبەرەوە، بەڵام سنووری زۆر کەم و سنووردارە بە ئاوە گەرمەکانەوە. لە باکوورەوە لەگەڵ چەند دەریایەکدا سنووری هەیە، بەڵام هەموویان بەشێکن لە ئۆقیایانووسی بەستووی باکوور، کە زۆربەی کاتەکانی ساڵ لە بەر نزمیی پلەی گەرما بەستوویەتی و بەکەڵکی هاتوچۆی کەشتی نایەت. لە ڕۆژهەڵاتەوە دەڕوانێتە سەر دەریای ژاپۆن، کە ئەمەش بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگایەکی بازرگانی و کاریگەر پێویستە لە گەرووی «توسوشیما»وە بچێتە ئۆقیانووسی ئارام و لەوێوە بۆ وڵاتانی تری جیهان، بەڵام ئەو ڕێڕەوە ئاوییە لە ژێر کۆنترۆڵی ژاپۆن و کۆریایە. ژاپۆن بە گشتی مێژوویەکی پڕ کێشەی هەبووە لەگەڵ ڕووسیا و هەروەها ئەمەریکاش هەژموونی زۆرە بەسەر ئەو ڕێڕەوە ئاوییەوە. لە ڕۆژئاوای باکوورەوە دەڕوانێتە سەر دەریای بەڵتیق، کە لە دوای بەئەندامبوونی سوید و فینلەند لە ناتۆ، ئەوا بە ڕووسیاوە لە کۆی ٩ دەوڵەت کە دەڕواننە سەر ئەو دەریایە، ٨ دەوڵەتیان ئەندامی ناتۆیە. ئەوەی کە دەمێنێتەوە؛ سنووری وشکانییە و لەگەڵ یەک سنووری ئاویی بچووک، کە ئەویش دەریای ڕەشە، بەڵام بۆ ئەوەی لە دەریای ڕەشەوە بگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا

و دەریای ناوەڕاست، پێویستە بە هەردوو گەرووی بسفۆڕ و دەردەنیلدا تێپەڕێت، کە هەردووکی لە ناو خاکی تورکیان کە ئەندامی ناتۆیە و بە درێژایی مێژوو ڕووسیا و تورکیا یا عوسمانی کێشەی گەورەیان هەبووە. هەر چەند ئەو دوو ڕێڕەوە ئاوییە بە پێی یاسا کراوەن و ڕووسیا دەتوانێت سوودیان لێ ببینێت، بەڵام ڕووسیا دەزانێت لە کاتی کێشەی گەورەدا لە نێوان دەوڵەتاندا، یاسا ڕۆڵی کەم دەبێت. جگە لەوەی لە کۆی ٦ وڵات، بە ڕووسیاوە، کە دەڕواننە سەر دەریای ڕەش، سێ دەوڵەتیان (تورکیا، ڕۆمانیا، بولگاریا) ئەندامی ناتۆن و چوارەمیش ئۆکراینە کە ئێستا لە جەنگدایە بەرامبەر بە ڕووسیا. بە پێی ئەوەی ئاماژەی پێ درا، لایەنی کەم لە تێڕوانینی ڕووسیاوە، ئەوا ڕووسیا هەمیشە لە دۆخێکدایە کە گەمارۆ دەدرێت و هەژموونی هێزی دەریایی دەگاتە سەر سنوورەکانی.

وەک دەردەکەوێت، لە سەر ئاستی تیۆری، ئامانج و پاڵنەری سەرەکیی ڕووسیا بریتییە لەوەی هەژموونی هێزی دەریایی دوور بخاتەوە لە ناوچەی «دڵی زەوی»، هاوکات هەوڵ بدات بەرەو دەرەوە بکشێت و بگات بە دەریاکان. بێگومان ئەم کشان و ڕووبەڕووبوونەوەیە پێویستی بە گەشەی تەکنەلۆژی و هێزی سەربازی و ئابووری و هێزی نەرم هەیە. هێزی دەریایی بە هۆی ئەو ئامرازانەوە توانیویەتی تا ئێستا سەرکەوتوو بێت بەسەر هێزی وشکانیدا. ئامانجی سەرەکیی هێزی دەرباییش ئەوەیە کە دڵی زەوی گەمارۆ بدات و هەژموونی هەبێت بەسەریدا، هەنگاوبەهەنگاو وڵاتانی ناو ناوچەی «دڵی زەوی» و دەوروبەری بکاتە هاوپەیمانی خۆی و دووریان بخاتەوە لە ڕووسیا.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا خاڵێک هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە تێڕوانین و تیۆرییەکەی ماکندەر و ئەوەی دۆگین لە بنەمادا، تا ڕادەیەکی زۆر، لە یەکەوە نزیکن و یەک بنەمایان هەیە، بەڵام جیاوازیی جەوهەری لە نێوانیاندا ئەوەیە کە ماکندەر مەبەستی لەو تیۆرییە هاوکاریکردنی هێزی دەریایی بووە دژ بە هێزی وشکانی، لە بەرامبەردا مەبەستی سەرەکیی تیۆرییەکەی دۆگین هاوکاریکردنی هێزی وشکانییە دژ بە هێزی دەریایی. ئەوەی گرنگە، هەردوو ئەم تێڕوانینە، کە لە ڕەهەندێکەوە تەواو کۆکن، لە ڕەهەندێکی ترەوە تەواو ناکۆک و دژ بە یەکن، لەوەدا یەک دەگرنەوە کە ڕووسیا هێزی وشکانییە و نەیاری سەرەکیی هێزی دەریاییە.

شایانی باسە ئەم جۆرە تێڕوانینەی ماکندەر بە جیۆپۆلەتیکی کلاسیکی دادەنرێت. لەگەڵ سەرهەڵدانی هێزی ئاسمانی و بۆمبی ئەتۆمی و گەشەی تەکنەلۆژی، گومان دروست بوو لە سەر کاریگەریی ئەم تێڕوانینە، چونکە ئیتر لە ڕێگەی ئاسمانەوە زەوی و دەریاکان ئەو گرنگییەی نامێنێت، بەڵام ئەوەی لە واقعدا تا ئەمڕۆ دەبینرێت، بەشێکی زۆری هاوکێشە جیۆپۆلەتیکییەکان و ململانێکان هەر ئەوە دەسەلێمننەوە کە جارێ جیۆپۆلەتیکی کلاسیکی بەسەر نەچووە و گرنگییەکەی هەمیشە نوێ دەبێتەوە.

## بایەخی جیۆسیاسییانەی ڕووسیا

لە سەرەوە چوارچێوەیەکی تیۆری خرایە ڕوو سەبارەت بە تێگەیشتن لە پاڵنەر و فاکتەری سەرەکیی سیاسەتی ڕووسیا. لێرەدا هەوڵ دەدرێت ئەو تیۆریەی پێشتر ئاماژەی پێ کرا؛ جێبەجێ بکرێت و بەراورد بکرێت بە سیاسەت و ڕەفتاری ڕووسیا لە واقعدا، بۆ ئەوەی ئەوە دەربخرێت ئایا ئەو تیۆری و تێڕوانینە فکرییانە دەگونجێت لەگەڵ واقعدا یاخود نا.

یەکێک لە گرنگیی ئەو تیۆرییە جیۆپۆلەتیکییە سەبارەت بە ڕووسیا، ئەوەیە کە دەکرێت گشتاندنی بۆ بکرێت بەسەر سیاسەتی ڕووسیا بە درێژایی زیاد لە سێ سەدە. بۆ نموونە: ململانێ و جەنگەکانی ڕووسیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەکانی ١٨ و ١٩، هۆکارە سەرەکییەکانی ململانێی بوو لە سەر هەژموون بەسەر ناوچەکانی دەریای ڕەش، ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بەلقان و قەوقاز، کە بەشێکن لە «دڵی زەوی»، یان دەوری «دڵی زەوی» دەدەن. هەندێک کات بەریتانیا لەو ململانێیانەدا پشتگیریی دەوڵەتی عوسمانیی دەکرد دژ بە ڕووسیا. ململانێی ڕووسیا لەگەڵ بەریتانیا لە سەدەی ١٩ کە بە «گەمە گەورەکە» ناسراوە، گۆڕەپانی سەرەکیی ئەفغانستان بوو. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوە بوو کە ڕووسیا دەیویست هەژموونی بەریتانیا دوور بخاتەوە لە ئاسیای ناوەڕاست کە بەشێکی سەرەکیی «دڵی زەوی»یە. بەریتانیاش هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەفغانستانەوە کە بەشێکە لە سنووری «دڵی زەوی»، ڕووسیا گەمارۆ بدات. ململانێی یەکێتیی سۆڤیەت لەگەڵ بلۆکی سەرمایەداری بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا، فاکتەرێکی گرنگی بریتی بوو لە ململانێ لە سەر هەژموون بەسەر ناوچە و سنوورەکانی «دڵی زەوی»، بۆ نموونە داگیرکردنی ئەفغانستان

لە لایەن سۆڤیەتەوە لە ١٩٧٩ و هاوکاریەکانی ئەمەریکا بۆ گرووپە جیهادییەکانی ئەفغانستان، هەمان ئەو گەمەیە بوو کە ڕووسیا دەیویست هەژموونی هێزی دەریایی لە سنوورەکانی خۆی دوور بخاتەوە و هێزی دەریایی دەیویست گەمارۆی سۆڤیەت بدات لە ڕێگەی ئەفغانستانەوە کە دراوسێی ئاسیای ناوەڕاستە.

لە ئێستاشدا ڕووسیای فیدراڵ زۆرێک لە ئامانج و پاڵنەرە سیاسی و ستراتیژییەکانی دەکرێت لە هەمان چوارچێوەی تیۆری شیکردنەوەی بۆ بکرێت. دەستتێوەردانی ڕووسیا لە جۆرجیا لە ٢٠٠٨دا، داگیرکردنی دوورگەی کرێمیای ئۆکراین لە ٢٠١٤، بەشداریکردنی لە ڕووداوەکانی سووریا بۆ بەرگریکردن لە ئەسەد لە ٢٠١٥، جەنگی ئۆکراین لە ٢٠٢٢، ئامادەبوونی ڕووسیا لە ڕووداوەکانی لیبیا لە دوای (٢٠١٥)ەوە...

سەبارەت بە جۆرجیا کە بەشێک بوو لە سۆڤیەت و لە ڕووی جیوپۆلەتیکییەوە بەشێکە لە سنوورەکانی «دڵی زەوی»، هەر ڕووداوێک لەو وڵاتە ڕوو بدات ئەگەر بە پێچەوانەی ویستی ڕووسیا بێت، ئەوا ڕووسیا وا تەماشای دەکات کە هەوڵێکی هێزی دەریاییە (ئەمەریکا و ناتۆ) بۆ گەمارۆدانی ڕووسیا و دروستکردنی فشار لە سەری. سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئۆکراین لە (٢٠١٤)ەوە. داگیرکردنی دوورگەی کرێمیا بەشێکە لە ستراتیژی کشانی هێزی وشکانی (ڕووسیا) بەرەو دەریاکان. نزیکبوونەوەی ئۆکراین لە ئەمەریکا و ناتۆ، بە پێی ڕووسیا، واتە کۆنترۆڵکردنی یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ناوچەکانی «دڵی زەوی» لە لایەن هێزی دەریاییەوە، ئەمەش سەپاندنی گەمارۆدانێکی توند و ترسناکی هێزی دەریاییە بۆ سەر ڕووسیا وەک چەقی «دڵی زەوی». بریجنسکی؛ ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی پێشووتری ئەمەریکا و یەکێک لە بیرمەندە گەورەکان لە بواری جیۆپۆلەتیک، پێی وا بوو کە ڕووسیا بەبێ ئۆکراین ناتوانێت ببێتە ئیمپڕاتۆریەت، بەڵام ئەگەر ئۆکراین کۆنترۆڵ بکات، ئەوا ئۆتۆماتیکی ڕووسیا دەبێتە ئیمپڕاتۆریەت[٢٠]. ڕوونە کە ماوەی سێ ساڵە ئەم ناوچە گرنگەی «دڵی زەوی» بووە بە گەورەترین قەیران بۆ ڕووسیا، واتە ڕووسیا لە ناو «دڵی زەوی»یەوە تێوە گلاوە بە جەنگێکی گەورە. لەم تێڕوانینەوەیە، وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، کاتێک دۆگین پێی وایە تەنانەت سڕینەوەی ڕووسیا لە سەر نەخشە ئەگەرێکە لە ئایندەدا ئەگەر ڕووسیا هەنگاوی جددی نەنێت.



بەشداریکردنی ڕووسیا لە هاوکێشەی سووریا چەندین هۆکاری هەبوو، بەڵام یەکێک لە هۆکارە گرنگەکان بریتی بوو لە کشان بەرەو دەریاکان و پاراستنی گەورەترین و تاکە بنکە و بەندەری سەربازیی ڕووسیا لە دەریای سپیی ناوەڕاست کە لە شاری تەرتوسی سووریایە، هاوکات ڕێگرتن لە هەژموونی ئەمەریکا لە سووریا کە نزیکترین هاوپەیمانی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[٢١]، کە ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی گەمارۆدانی ڕووسیا ئەگەر نزیکترین هاوپەیمانی خۆی لەدەست بدات و سووریاش لە پاش ئەسەد وەک ئۆکراین ببێتە پڕۆئەمەریکا.

بەشداریکردنی ڕووسیا لە شەڕی ناوخۆی لیبیا، یەکێک لە هۆکارەکانی دەکرێت ئەوە بووبێت لیبیا دەرەفەتێکە بۆ ڕووسیا کە بتوانێت ئامادەییەکی سەربازیی هەبێت لە سەر کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست لە خاڵێکی ترەوە هاوشانی ئامادەبوونی لە سووریاوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا، چەند ساڵێکە ڕووسیا لە هەوڵدانە کە بەندەری «پۆرت سوودان» کە لە وڵاتی سوودانە و دەڕوانێتە سەر دەریای سوور، بەدەست بهێنێت و بیکاتە بەندەرێکی سەربازی بۆ سوپاکەی[٢٢].

ڕەهەندێکی نزیکایەتیی نێوان ڕووسیا و ئێران و پشتگیریی ڕووسیا بۆ ئێران هەر لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت لێکدانەوەی بۆ بکرێت. ئێران دەروازەیەکی گرنگە بۆ ڕووسیا، کە لە ئاسیای ناوەڕاست و قەزوینەوە بگات بە ئاوە گەرمەکان (کەنداو). بە تایبەت کە ئێران تاکە دەوڵەتی کەنداوە دژەئەمەریکایە (هێزی دەریایی) و سەر بە ناوچەی هەژموونی هێزی دەریایی نییە، واتە وەک ئامرازێکی گەمارۆ بەکار نایەت دژ بە «دڵی زەوی».

پرسی گەمارۆدانی ڕووسیا (دڵی زەوی) و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دەریایی و کشان بەرەو دەریاکان، جگە لەوەی کە لە واقعی جووڵە و سیاسەتەکانی ڕووسیا بە ڕوونی دەرکی پێ دەکرێت، تەنانەت ئەم تێڕوانینە جیۆپۆلەتیکییە بووە بە بەشێک لە گوتاری فەرمی و ئایدۆلۆژیا و کولتووری سیاسیی ڕووسیا. بۆ نموونە وەسفکردنی ڕووسیا بە «قەڵای گەمارۆدراو»، ئەم تێرمە پۆتین و زۆرێک لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و میدیاکانی ڕووسیا بەکاری دەهێنن[٢٣]، بێگومان گەمارۆدراو لە لایەن هێزی دەریاییەوە (ئەمەریکا/ناتۆ).

## فاکتەری «جیۆئیکۆنۆمی» و وزە لە ستراتیژی سیاسیی ڕووسیا

دووەم فاکتەر و پاڵنەری سیاسەتی ڕووسیا بریتییە لە وزە کە ئامرازێکی گرنگی جیۆپۆلەتیکی و ئابووریی ئەو دەوڵەتەیە. ئاشکرایە ڕووسیا دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهانە لە یەدەگی گازی سروشتی و لە ١٠ دەوڵەمەندترینە لە یەدەگی نەوت. لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا وزە، بە تایبەت گازی سروشتی و نەوت، لە نێوان ٣٠-٥٠٪ی بودجەی وڵاتەکەی پێک هێناوە[٢٤]. بە پێی دەیتاکانی ٢٠٢٢، زیاد لە ٥٥٪ی هەناردەی ڕووسیا گازی سروشتی و نەوت و پێکهاتەکانی بووە[٢٥]، جگە لەوەی نەوت و گازی سروشتی کەرەستەی سەرەکین بۆ پیشەسازیی چەک و

کەرەستەی سەربازی کە یەکێکە لە سیماکانی ڕووسیا. وزە بۆ ڕووسیا پایەیەکی سەرەکیی ئابووری و سیاسی و جیۆپۆلەتیکییە.

بە ئەندازەی مەرامی ئابووری و بازرگانی، ڕووسیا وزە بەکار دەهێنێت بۆ ئامانج و مەبەستی جیۆپۆلەتیکی. دەکرێت سێ جۆر لە ستراتیژ دیاری بکرێت لە بارەی بەکارهێنانی جیۆپۆلەتیکییانەی وزە لە لایەن ڕووسیاوە: ١. وزە وەک ئامرازێکی بەرگریکردن، ٢. وزە وەک ئامرازێکی هێرشکردن، ٣. هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی بەدیل بۆ وزەی ڕووسی (بە تایبەت گازی سروشتی کە ڕووسیا بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێ دەبەستێت).

**وەک ئامرازێکی بەرگریکردن**: بەوەی کە ئابووری و توانای سەربازی و هەژموونی سیاسیی خۆی دەپارێزێت لە ڕێگەی وزە و پێویستیی زۆرێک لە وڵاتان بە وزەی ڕووسی. بۆ نموونە؛ لە دوای سزاکانی ناتۆ و ئەورووپا بەسەر ڕووسیا بە هۆی جەنگەکەی ئۆکراینەوە، وزە گرنگترین ئامرازی ڕووسیا بوو بۆ خۆپاراستن و کەمکردنەوەی کاریگەریی زیانی سزاکان لە ڕێگەی دۆزینەوەی بازاڕی نوێ لە چین و هیندستان... یاخود نەیارەکانی لە بەر پێویستییان بە وزەی ڕووسی، نایانەوێت بکەونە ململانێی قوورس بەرامبەری. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر بەرامبەر بە ئەورووپا بەکار دەهات تا سەرەتای جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین. ئەورووپا بە ئەندازەیەکی زۆر پشت بە گازی سروشتی دەبەستێت، نزیکەی نیوەی ئەو گازە لە لایەن ڕووسیاوە دابین دەکرا، چونکە نزیکترین و هەرزانترینە. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو کە ئەورووپا نەیدەتوانی و نەیدەویست بە هەمان شێوەی ئەمەریکا مامەڵە بەرامبەر بە ڕووسیا بکات، تەنانەت لە دوای داگیرکردنی دوورگەی کریمیا لە لایەن ڕووسیاوە لە ٢٠١٤دا، ئەورووپا هەر ئامادە نەبوو دەستبەرداری گازی ڕووسی ببێت. ئەمەریکا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی ڕووسیا بەسەر ئەورووپادا، هەر لە (١٩٨١)ەوە لە سەردەمی ڕیگن پرۆژە و هەوڵی هەبووە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئەورووپا بە گازی ڕووسی (ئەوکات گازی سۆڤیەت)[٢٦]. هیچ کام لەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوون تا ئەو کاتەی ڕووسیا پەلاماری ئۆکراینی دا لە ٢٠٢٢، لەو کاتەوە ئەورووپا ناچار بوو تا ڕادەیەکی زۆر دەستبەرداری گازی ڕووسی ببێت.

**وزە وەک ئامرازێکی هێرشکردن**: ڕووسیا وزە بەکار دەهێنێت وەک کارتێکی فشار و سزا بەرامبەر بە نەیارەکانی. لە کاتی جەنگەکەی ئۆکراین و سەپاندنی سزاکان، ڕووسیا

بە شێوەیەکی سەرەکی وزەی وەک کارتی فشار و سزا بەکار دەهێنا بەرامبەر بە ئەورووپا و ئەمەریکا، بە تایبەت کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕووسیا توانیی نرخی وزە بەرز بکاتەوە لە جیهاندا، ئەمەش فشارێکی گەورە بوو بۆ سەر ئەورووپا لە سەرەتادا، تا ڕادەیەک کاریگەریی هەبوو لە سەر نرخی وزە لە ئەمەریکاش. ڕووسیا دەیەوێت ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی وزە بۆ چین. بەشێکی زۆری وزەی هاوردەکراوی چین لە ڕێگەی کەشتییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (کەنداو، هورمز، ئۆقیانووسی هیندی) دابین دەکرێت. ئەم ناوچانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر هەژموونی ئەمەریکادایە. پشتبەستنی چین بە وزەی ڕووسی لە ڕێگەی وشکانییەوە، دەکرێت ئەو کارتە فشارەی ئەمەریکا بەرامبەر بە چین لاواز بکات لە ئایندەدا. ئەمە نموونەیەکی ترە لە بەکارهێنانی وزە لە لایەن ڕووسیاوە کە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە و لە بەرژەوەندیی چینە.

**ڕێگرتن لە دروستبوونی جێگرەوە:** بۆ مانەوەی کاریگەری و بەهێزیی هەردوو ستراتیژەکەی سەرەوە، ڕووسیا بە ڕێگای جۆراوجۆر هەوڵ دەدات ڕێ بگرێت لە دروستبوونی بەدیلی بەهێز بۆ وزەکەی خۆی، بە تایبەت لەسەر ئاستی گازی سروشتی. ئامادەبوونی بەهێزی ڕووسیا لە سووریا بۆ پارێزگاریکردن لە ئەسەد، نموونەیەکی گونجاوە بۆ ئەم ستراتیژە. لە دوای ڕووخانی سۆڤیەت، کەیسی سووریا یەکەم ئامادەبوونی بەهێز و دەستتێوەردانی سەربازی و دیپلۆماسیی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور لە سنوورەکانی خۆی. بۆچوونێکی بەهێز هەیە، پێی وایە یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنی ڕووسیا بۆ سووریا لە پێناو ئەوە بووە کە ڕێ لە چەندین پڕۆژەی هێڵی بۆریی گازی سروشتی بگرێت. لە ناوچەکەدا بیرۆکەی چەندین پڕۆژەی گەورە و گرنگ هەبوو بۆ ڕاکێشانی هێڵی بۆری بۆ مەبەستی گواستنەوەی گازی سروشتی، لەوانە: پڕۆژەی هێڵی عەرەبی بۆ گواستنەوەی گاز، پڕۆژەی هێڵی گازی قەتەری-تورکی، پڕۆژەی هێڵی گازی ئیسلامیی ئێرانی[٢٧]. هەموو ئەو پڕۆژانە وا بڕیار بووە کە هێڵی بۆرییەکان بە خاکی سووریادا تێپەڕن. دەکرێت هاتنی ڕووسیا بۆ سووریا لە پێناو ئەوە بووبێت کە ڕێگری بکات لەو پڕۆژانە، یاخود ئەگەر پڕۆژەکانیش جێبەجێ بکرێن، ئەوا لە ڕێگەی ئەسەدەوە ڕووسیا هەژموونی دەبێت بەسەر ئەو پڕۆژانە و ڕێ دەگرێت لەوەی گورز لە بازاڕی وزەی ڕووسی بدات. بیرۆکەی پڕۆژەی «نابوکو» نموونەیەکی ترە لە

بارەی ئەم ستراتیژە، ڕووسیا نیگەران بوو بەو پرۆژەیە و هەوڵی ڕێگریلێکردنی دەدا.

فاکتەری وزە پرسێکی تری گرنگە لە پەیوەندیی ڕووسیا و ئێران. ئێران، لە دوای ڕووسیا، دووەم دەوڵەمەندترین وڵاتە لە گازی سروشتی و یەکێکە لە ١٠ دەوڵەمەندترین وڵاتەکان بۆ نەوت. ئێران لەو وڵاتانەیە، ئەگەر سزاکانی ئەمەریکا نەبێت، کاندیدێکی بەهێزە بۆ شوێنگرتنەوەی گازی ڕووسی، بە تایبەت بۆ ئەورووپا، لەم ڕووەوە ڕووسیا سوود لەوە دەبینێت کە ئێران لە ژێر ئەو سزا قوورسانەیە. هاوکات بە هۆی سزاکانەوە کە کۆمپانیا بیانییەکان ناتوانن وەبەرهێنان بکەن لە کەرتی وزەی ئێرانی، ڕووسیا ئەو هەلەی قۆستووەتەوە لە ڕێگەی کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسییەوە بە بڕی ٤٠ ملیار دۆلار گرێبەستی لەگەڵ ئێراندا کردووە لە کەرتی وزە. ڕووسیا دەیەوێت لە ڕێگەی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی خۆیەوە هەژموونی هەبێت بەسەر کەرتی وزەی ئێرانی، ئەمەش لە بەر دوو ئامانج: پشکی هەبێت لە وزەی ئێرانی، بە تایبەت ئەگەر سزاکانی لە سەر کەم بووەوە، هەروەها بتوانێت ڕێگری بکات لەوەی گازی ئێرانی ببێتە بەدیلی گازی ڕووسی. هەر بۆیە گومانێک هەیە لە ئێران لەوەی ڕووسیا مەبەستی وەبەرهێنان و گەشەکردنی کەرتی وزەی ئێرانی نییە، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە ئێران نەبێتە ئەلتەرناتیڤی وزەی ڕووسی[٢٨].

یەکێک لە هۆکارەکانی ئامادەبوونی ڕووسیا لە هاوکێشە و شەڕە ناوخۆکەی لیبیا، ئەم پرسە بوو. لیبیا وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە وزە، لە ڕووی جوگرافییەوە گونجاوە کە ببێتە سەرچاوەیەکی وزە بۆ ئەورووپا. ڕووسیا دەکرێت مەبەستی وەبەرهێنان بێت لە کەرتی وزەی لیبیا لە ئایندەدا، بە تایبەت کە پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ هەردوو بەرە سەرەکییەکەی ململانێی ناو لیبیادا هەیە. یان بۆ بەردەوامیدان بە نائارامیی ئەو وڵاتە کە ڕێگریی لێ بکات بۆ فرۆشتنی وزە کە ئەمە پێویستی بە ئارامی و سەقامگیرییە، بە تایبەت لە ڕووی سەربازییەوە لە ڕێگەی چەکدارانی ڤاگنەرەوە بەشدارە لە لیبیا.

هاتنی ڕووسیا لە ڕێگەی کۆمپانیای ڕۆسنەفت بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧، هەر هەمان مەبەستی هەبوو. ماوەیەک بوو باس لەوە دەکرا گازی سروشتیی کوردستان دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی وزە بۆ ئەورووپا، ڕووسیا هات و هەژموونی خۆی سەپاند بەسەر ئەو سەرچاوەیەدا. ئەوکاتیش لە کوردستان قەیرانی ئابووری و دارایی زۆر هەبوو، هەلەی

کۆمپانیا ئەوروپی و ئەمەریکییەکانیش لە لایەکی تر، هەموو ئەمانە ڕێی بۆ ڕووسیا خۆش کرد کە ئەو دۆخە بقۆزێتەوە و گازی سروشتیی کوردستان، تا ڕادەیەک، بێنێتە ژێر هەژموونی خۆی. ئەم سێ ستراتیژە جیۆپۆلەتیکییانەی ڕووسیا بۆ وزە، دەکرێت وەک تەواوکەری پاڵنەر و فاکتەری یەکەم (ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دەریایی) تەماشا بکرێن، چونکە، وەک دەردەکەوێت، بەشێکە یان ئامرازێکە بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر ڕووسیا و کشان بەرەو دەرەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دەریایی.

### کورد لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی و ڕووسیادا

پەیوەندیی کورد و ڕووسیا مێژوویەکی درێژی هەیە، هەر لە ڕووسیای قەیسەرییەوە تا سەردەمی ڕووسیای فیدراڵ و سەردەمی پوتین دەگرێتەوە. لەو مێژووە درێژەدا نموونەی زۆر هەن کە ڕووسیا هاوکاریی بزووتنەوە کوردییەکانی کردووە، هەروەک چۆن نموونەی زیاتریش هەن کە زیانی لە کورد داوە و دەدات. پەیوەندیی کورد و ڕووسیا هەمیشە پەیوەندیی نێوان زلهێزێک و نەتەوەیەکی لاوازی بێ دەوڵەت بووە. بەو مانایەی ڕووسیا کوردی بەکار هێناوە وەک کاردی فشار دژ بە نەیارەکانی و بۆ بەرژەوەندیی خۆی، وەک هەر زلهێزێکی تر[٢٩]. لێرەدا دەرفەت نییە ئاماژە بە مێژووی ئەو پەیوەندییە بدرێت، تەنیا ئاماژەیەکی خێرا بەوە دەدرێت کورد پێویستە چۆن بڕوانێتە ڕووسیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا لەم سەردەمەدا.

سەرەتا پێویستە تێڕوانینی کورد (سەرکردایەتی و توێژەرانی بواری سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) بۆ ڕووسیا لەو دوو فاکتەر و پاڵنەرەی سیاسەت و ستراتیژی ڕووسیا کە لە سەرەوەی ئاماژەیان پێ درا، سەرچاوە بگرێت. ناسینی ڕووسیا پێشمەرجە بۆ ئەوەی بتوانرێت پەیوەندییەکی لەگەڵدا دروست بکرێت کە سوودی بۆ کورد هەبێت، یاخود لایەنی کەم زیانی گەورەی نەبێت. زانینی پایە و ئامراز و پاڵنەری سەرەکیی ستراتیژ و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا، مەرجە بۆ ناسینی ڕووسیا.

لە سەر ئاستی سیستمی جیهانی و بەرەکانی، بەرەی ڕووسیا بریتییە لە چین-ڕووسیا-ئێران (ئەم سێ دەوڵەتە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە سەر ئاستی جیهان چەند دەوڵەتێکی وەک کۆریای باکوور و ڤەنزوێلا... لەم بەرەیەن). ئەم بەرەیە بە گشتی هەستیارن

بەرامبەر بە کەمینە یان نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، وەک سەرچاوەی کێشە و پرسێکی ئەمنی تەماشایان دەکەن، چونکە هەرسێ دەوڵەت لە ناوخۆ ترسێکی قووڵیان هەیە بەرامبەر بە گرووپە سەربەخۆییخوازەکانی ناو وڵاتەکانیان. هاوکات هەرسێ دەوڵەت نادیموکرات و ستەمکار و پۆلیسین، بە ئاگر و ئاسن وەڵامی هەر جووڵەیەکی سەربەخۆییخوازی دەدەنەوە. لێرەوەیە کورد پێویستە ئەم خاڵە بەهەند وەربگرێت لە هەر پەیوەندییەکدا لەگەڵ ئەم بەرەیە. لە کاتێکدا ئەمەریکا لە ناوخۆ فۆبیای گرووپی سەربەخۆییخوازیی نییە، ئەمەش هۆکارێکە کە هەردوو قەوارە فەرمی و نافەرمییەکەی کورد (هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاڤا) لە سەردەمی هەژموونی ئەمەریکا و بە هۆی ئەمەریکاوە دامەزران.

بە پێی فاکتەر و پاڵنەری یەکەمی سیاسەتی ڕووسیا (ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دەریایی)، ئەوا ئێرانی ژێر حوکمی ئاخوندەکان و سووریای ژێر حوکمی بەشار ئەسەد؛ دوو گرنگترین هاوپەیمان و دەوڵەتن بۆ ڕووسیا. واتە هەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێران ڕوو بدات، کە دەکرێت لە سوودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، ئەوا لە دژی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا دەبێت. سەبارەت بە سووریا، ئامانجی سەرەکیی ڕووسیا ئەوەیە کە دۆخی سووریا بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پێش ٢٠١١، ئەمەش بە سادەیی واتە لەناوبردنی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان. ڕاستە هەندێک کات ڕووسیا هاوکاریی ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە، بەڵام لە بەر دوو هۆکار بووە: ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، واتە بەرگریکردن لە ئەسەد و پاراستنی هەژموونی ڕووسیا لە سووریا، وەک کاردێکی فشار دژ بە تورکیا تا ئەو کاتەی تورکیا دەکشێتەوە لە سووریا. ئامانجی ڕووسیا ئەوەیە کە تورکیا و ئەسەد ئاشت بکاتەوە و هێزەکانی تورکیا بکشێنەوە لە سووریا، پاشان لەناوبردنی ڕۆژئاوای کوردستان دەبێتە ئامانجی ڕووسیا. وەک دەردەکەوێت، زۆر کات، هاوکارییەکانی ڕووسیا بۆ کورد، زۆر سنووردار و لاوازە، لە ئەنجامیشدا زیانی بۆ کورد دەبێت.

پەیوەندیی ڕووسیا لەگەڵ عێراق، لەم سەردەمەدا، ئەوا پەیوەندییەکە لە چوارچێوەی بەرەی ئێران-ڕووسیا-چین دژ بە ئەمەریکا. ئاشکرایە لە ناو ئەم بەرەیە ئێران ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە عێراق. واتە ئەوەی ئێران لە عیراق دەیەوێت، تا ڕادەیەکی زۆر، ڕووسیاش پشتگیریی دەکات. بۆیە سەبارەت بە باشووری کوردستان، سیاسەتی ڕووسیا زیاتر نزیکە لە حەشدی شەعبی نەک لە هەرێمی کوردستان.

پەیوەندیی تورکیا و ڕووسیا؛ پەیوەندییەکی ئاڵۆزە. ململانێ و بێمتمانەیی ئەم دوو دەوڵەتە ڕەگوڕیشەی مێژوویی هەیە. هاوکات بە هۆی ئەندامبوونی تورکیا لە ناتۆ (هێزی دەریایی)، ئەوا لە سەر ئاستی جیۆپۆلەتیک نەیاری یەکترن. بەڵام سیاسەتی واقعی وا دەخوازێت هەردوو دەوڵەت پەیوەندییەکی ئاسایی، زۆر کات هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ، دروست بکەن. بە تایبەت لە دوای جەنگی ڕووسیا-ئۆکراین، دەوڵەتانی ناتۆ سزای قورسیان سەپاند بەسەر ڕووسیادا و پەیوەندییەکانیان گەیاندە ئاڵۆزترین ئاست لەگەڵیدا، بەڵام تورکیا لەوەدا بەشدار نەبوو و پەیوەندییەکانی بە ئاسایی هێشتەوە. ئەمەش بۆ ڕووسیا زۆر گرنگە کە دەوڵەتێکی ناتۆ پەیوەندیی ئاسایی هەبێت لەگەڵیدا، بە تایبەت لە بەر هەردوو گەرووی بسفۆر و دەردەنیلی تورکی، تورکیا گرنگییەکی زۆر گەورەی بۆ ڕووسیا هەیە. لە بەرامبەردا تورکیا دەتوانێت بەشێکی گەورەی لە پێداویستییەکانی بۆ وزە، لە ڕێگەی ڕووسیاوە دابین بکات.

لە پرسی سووریا، هەر چەند هەردوو دەوڵەت ناکۆک بوون و دوو بەرژەوەندیی دژ بە یەکیان هەبوو، بەڵام لە ئێستادا خەریکە لە سەر پرسی سووریا ڕێک دەکەون بەوەی تورکیا پەیوەندییەکانی ئاسایی بکاتەوە لەگەڵ بەشار ئەسەد و لە خاکی سووریا بکشێتەوە، لە بەرامبەردا ڕووسیا و ئەسەد ڕۆژئاوای کوردستان لەناو ببەن. تا ئێستا ئەمەریکا تاکە ڕێگرییە لە بەردەم ئەو پیلانە.

ئەم جۆرە بەرژەوەندییە هاوبەشانە، کە زۆرن، وا دەکات ڕووسیا تەنانەت بەرامبەر ئەندامێکی ناتۆی وەک تورکیا، هەر ئامادە نەبێت هاوکاری و پشتگیرییەکی جددی کورد بکات. جگە لەوەی ئەگەر هاوکاریی کوردیش بکات وەک فشارێک لە تورکیا، ئەوا زۆر سنووردار و کەم کاریگەر دەبێت کە ئەستەمە دەستکەوتێکی نەتەوەیی و سیاسی بۆ کورد بەدەست بهێنێت. وەک هاوکارییەکانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کە پێشتر ئاماژەی پێ درا. جگە

لەوەی کە هەر دەستکەوتێکی نەتەوەیی و سیاسیی گرنگ بۆ کورد لە هەر پارچەیەک، دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران و سووریایە کە هاوپەیمانی نزیکی ڕووسیان.

بە پێی فاکتەری دووەمی سیاسەتی ڕووسیا (وزە)، وەک ئاماژەی پێ درا ڕووسیا بە گومانەوە سەیری هەر ناوچەیەک دەکات کە ئەگەری ئەوەی هەبێت ببێتە سەرچاوەیەکی وزە (بە تایبەت گازی سروشتی) بۆ ئەورووپا. هاتنی کۆمپانیای ڕۆسنەفت هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو. دوور نییە ڕووسیا لە ڕێگەی پاسدارانەوە هەوڵی دروستکردنی کێشە بدات بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان. گومانێک هەبوو کە ڕووسیا لە ڕێگەی پاسدارانەوە ڕۆڵی هەبووە لە هەندێک لەو هێرشانەی حەشدی شەعبی بۆ سەر کێڵگەکانی گازی سروشتی لە باشووری کوردستان، بە تایبەت ئێرانیش دژی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ببێتە سەرچاوەیەکی وزە و بەدیلێک لە ناوچەکەدا بۆ وزەی ئێرانی. سەبارەت بە سەرچاوەکانی وزە لە ڕۆژئاوای کوردستان، ڕووسیا هەمان تێڕوانینی هەیە، مەبەستیەتی هەموو ئەو کێڵگانە بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی کۆنترۆڵکراو لە لایەن ڕووسیاوە.

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، مانای ئەوە نییە کورد دژایەتیی ڕووسیا بکات یاخود هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵدا دروست نەکات، بەڵکوو مانای ئەوەیە بە گومان و وریاییەوە تەماشای ئەو پەیوەندییانە بکات. هاوکات هەوڵ بدرێت ئەو پەیوەندییانە نەبێتە مایەی نیگەرانی و دژایەتیی ئەمەریکا، چونکە واقیع پێمان دەڵێت ئەمەریکا بۆ کورد ستراتیژ و گرنگترینە، دامەزراندن و مانەوەی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان بەڵگەن بۆ ئەوە. هەر دەستکەوتێکی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە ئایندەدا ئەگەر بەدی بێت، بەبێ پلان و ڕەزامەندی و ویستی ئەمەریکا بەدی نایەت.

## دەرئەنجام

ڕووسیا بکەرێکی سەرەکییە لە جیۆپۆلەتیکی جیهانی، دەوڵەتێکە بە درێژایی چەندین سەدە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە لە ڕووی سیستمی سیاسی و ئایدۆلۆژیاوە، بەڵام ئەوەی گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە؛ فکری جیۆپۆلەتیکیی ئەو دەوڵەتەیە. ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی دەریایی و وزە، دوو پاڵنەر و فاکتەر و ئامرازی سەرەکیی سیاسەت و ستراتیژی ڕووسیان. بەبێ تێگەیشتن لەو دوو فاکتەرە، ئەستەمە لە جووڵە و ململانێ و ترس و ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕووسیا تێبگەین. ڕووسیا وەک هێزی وشکانی کە دەکەوێتە «دڵی زەوی»ەوە، تێڕوانینی وایە کە مەحکومە بە ململانێکردن لەگەڵ هێزی دەریایی. ئەم ململانێیە بە ئەگەری زۆرەوە لە ئایندەی نزیک و مامناوەند بەردەوام دەبێت و بەرز و نزمی بەخۆیەوە دەبینێت و بە شێوەی جۆراوجۆر و لە زۆر ناوچەی جیهان دەردەکەوێت. یەکێک لە چەک و ئامرازە هەرە گرنگەکانی ئەم بکەرە جیۆپۆلەتیکییە، بریتییە لە وزە، بە تایبەتی گازی سروشتی، کە بە چەندین شێوەی جیاواز ئەو چەکە بەکار دەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە جیۆپۆلەتیکییەکانی.

ئەوەی بۆ کورد گرنگە، تێگەیشتنە لە مێژوو و هاوکێشەکان و زانینی ئەوەی کە دەستکەوتەکانی کورد بە هۆی هەژموونی هێزی دەریاییەوە بەدەست هاتوون و ماونەتەوە. بە پێی پێدراوەکان، تا ئەمڕۆ، دەکرێت بۆ ئایندەیەکی مامناوەندیش، هەژموونی هێزی دەریایی (ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی) زاڵ بێت بەسەر هەژموونی هێزی وشکانی (ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی)، بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەبوونی پەیوەندییەکی دوور لە ململانێ لەگەڵ هەردوو بەرەکە پێویستە، بەو مەرجەی پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکا نەگۆڕ و ستراتیژی بێت.

## پەراوێز

*1. Leonhardt van Efferink, ''The Definition of Geopolitics – The Classical, French and Critical Traditions'',exploring geopolitics, 2009. https://exploringgeopolitics.org/publication_efferink_van_leonhardt_the_definition_of_geopolitics_classicial_french_critical/.*

٢. الكسندر دوغين، أسس الجيوبولتيكا: مستقبل روسيا الجيوبولتيكي، ت: الدكتور عماد حاتم، دار الكتاب الجديد المتحدة، ٢٠٠٤، ص١٣٦.

٣. الكسندر دوغين، مرجع سابق، ص٦٠.

*4. Alexander Dugin, Last War of the World-Island: The Geopolitics of Contemporary Russia, Arktos, London. P.9.*

*5. H. J. Mackinder, The Geographical Pivot of History, The Geographical Journal, Vol. 23, No. 4 (Apr., 1904), p.436.*

*6. Halford J. Mackinder, Democratic Ideals and Reality, National Defense University Press, Washington, DC. 1942.P.106.*

*7. Halford J. Mackinder, Democratic Ideals and Reality, op.cit. P. 99.*

*8. Colin Flint, Introduction to Geopolitics, Routledge, London and New York, 2006. p.18.*

*9. Lucian M. Ashworth, Realism and the spirit of 1919: Halford Mackinder, geopolitics and the reality of the League of Nations, European Journal of International Relations, Volume: 17 issue: 2, 2010. PP.282-283.*

*10. Maciej Zakrzewski,"Theories of classical geopolitics", Geopolitics, Ignatianum University Press. Krakow, 2021, p.32.*

*11. Ibid.p.33.*

*12. H. J. Mackinder, The Geographical Pivot of History, op.cit., P.433-436*

١٣. الكسندر دوغين، مرجع سابق، ص٦٠-٦٥.

14. Agnieszka Legucka, "New geopolitics: what is actually new?", The *Copernicus Journal of Political Studies 4, No. 2, 2013. P 16.*

*15. Alexander Dugin, op.cit., P.14.*

*16. Ibid. p.15.*

١٧. الكسندر دوغين، مرجع سابق، ص١٥٠.

*18. Alexander Dugin, pp. 98-99.*

١٩ . الكسندر دوغين، مرجع سابق، ص١٥٣.

*20. Mykola Bielieskov, Russian victory in Ukraine would leave Europe* at Putin's *mercy, Atlantic council, 2024.*

*21. Kertcher, M., Course, D. The Practice of Friendship Balancing: Russia-Israel Relations, 2015 to 2021, Middle East Policy, 2024. pp.6-7. https://doi.org/10.1111/mepo.12743.*

*22. Amy Mackinnon, Robbie Gramer and Jack Detsch, Naval Base Are Scuttled—for Now, Foreign Policy, 2022. https://foreignpolicy.com/2022/07/15/russia-sudan-putin-east-africa-port-red-sea-naval-base-scuttled/.*

*23. Lipman, M. Putin's 'Besieged Fortress' and Its Ideological Arms. In: Lipman, M., Petrov, N. (eds) The State of Russia: What Comes Next?, 2015. PP. 110-136.*

*24. Vitaly Yermakov, Follow the Money: Understanding Russia's oil and gas revenues, Oxford Institute for Energy Studies, 2024. P.2.*

*25. OEC World, Russia, 2022. https://oec.world/en/profile/country/rus.*

*26. Hiroko Tabuchi, How Europe Got Hooked on Russian Gas Despite Reagan's Warnings, The New York Times, 2022. https://www.nytimes.com/2022/03/23/climate/europe-russia-gas-reagan.html.*

٢٧. عباس شريفة، مشاريع خطوط الطاقة العابرة من سورية - تشابك المصالح، مركز كاندل، ٢٠٢٣.

٢٨ أمواج ميديا، هل تخلت إيران عن اتفاقيات الطاقة مع روسيا؟، ٢٠٢٤.

https://amwaj.media/ar/media-monitor/has-iran-given-up-on-energy-deals-with-*russia.*


*29. Anna Borshchevskaya, Russia and the Kurds: A Soft-Power Tool for the Kremlin?, Middle East Policy, Volume:30, Issue:2, 2023. https://doi.*org/10.1111/mepo.12682.

# گەمەی گەورەوارەکان(*)

## ئایندەی ڕووسیا لە نێوان دەرفەت و ئاڵنگاریدا



د. زانا کەریم



## بەرایی

جەنگی ڕووسیا-ئۆکراین و لێکەوتەکانی، جارێکی دیکە گەنگەشەکردنی ئایندەی نەزمی نێودەوڵەتی و گەمەی دەوڵەتە گەورەوارەکانی هێنایەوە بەر باس و بەرەنجامی جەنگەکەش وەک خاڵێکی وەرچەرخان لەم ڕووەوە چاوی لێ دەکرێت. ڕووسیا لەو سۆنگەیەوە کە لایەنێکی ململانێکەیە و جەمسەرێکی پێشبینیکراوە لە گەمەی گەورەوارەکاندا، سەرنجێکی تایبەتی لە سەرە. لێرەوە باسکردن لە ئایندەی ڕووسیا و ئەگەرەکانی هەڵکشانەوەی وەک هێزێکی گەورەوار ڕەوایەتی وەردەگرێت. کۆتاییەکانی سەدەی بیست، بەدیاریکراوییش ساڵی ١٩٩١، بۆ یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت (USSR) کۆتاییەکی دڵخواز نەبوو، کۆتاییەک بوو هاوڕێ لەگەڵ داکشانی هێز و سەرەولێژبوونەوەی پێگە نێونەتەوەییەکەی. سەرەنجام یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت وەک جەمسەرێکی کاریگەر شانۆی سیاسەتی نێودەوڵەتیی بەجێ هێشت و بەدوایشیدا پەیکەری دابەشبوونی دوو جەمسەریانەی هێز لە نەزمی نێودەوڵەتیدا کۆتایی هات و کۆماری ڕووسیای فیدراڵ بوو بە میراتگری یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەت. کۆماری ڕووسیای فیدراڵ لە سەر داروپەردووی هێزێکی گەورە و دەوڵەتێکی کاریگەر خەریکی خۆسازدانەوەیە و بەردەوام چاوی لە سەر گێڕانەوەی پێگە و ڕۆڵی کاریگەری جارانیەتی، بۆیە هیچ دەرفەتێک بۆ ئەم مەبەستە زایە ناکات و سڵ لە وەگەڕخستنی تواناکانی ناکاتەوە. کامانەن ئەو دەرفەتانەی وا دەکەن ئەگەری گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ناو گەمەی هێزە گەورەوارەکان و ئامادەبوونی وەک جەمسەرێکی کاریگەر لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا شیاو بێت؟ لە هەمان کاتدا کامانەن ئەو ئاڵنگارییانەی کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم ئەم هەوڵانەی ڕووسیادا بۆ گەڕانەوە و سنوورداری دەکەن؟ ئایندەی ڕووسیا لە نێوان ئەم دەرفەت و ئاڵنگارییانەدا بە کوێ دەگات؟

## یەکەم: دەوڵەتی گەورەوار

هەڵـکشانی دەوڵەتان و بـوون بـە هێزێکی گەورەوار لـە ســیاسەتی جیهانیدا کارێکی کتوپڕ و سانا نییە، بەڵکوو پێواژۆیەکی تووڵانی و درێژماوەیە و پڕ لە هەڵدێر و بەربەستە، پێویستی بە فەراهەمبوونی پایە و بنەمای پتەو هەیە و پێشمەرج و پێوەری تایبەتی خۆی هەیە.

چەندین پێوەری جیهانی هەن کە وەک توخمی سەرەکیی پێوانەکردن وەهان و دەکرێت بە هۆیانەوە پێگەی دەوڵەتان لە نەزمی جیهانیدا دەستنیشان بکرێت. هەر چەندە ئەم پێوەرانە ڕاکۆیی (اجماع)ان لە سەر نییە، بەڵام دەکرێت هەندێکیان بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین: فێرکردن، ڕۆشنبیری، ئابووری، تەکنیک، توانای سەربازی، وزە، گواستنەوە. کاری پێوانەکردنەکەش بە هەڵسەنگاندنی دەوڵەتەکە لە ڕێگەی یەک پێوەرەوە ناکرێت، بەڵکوو بە تێکڕای هەڵسەنگاندنی بە هەموو پێوەرەکان دەبێت[١].

لێرەدا و بۆ مەبەستی ئەم پەڕە باسە، دەتوانین لانی کەم سێ پایە دەستنیشان بکەین کە دەکرێت وەک پێشمەرجەکانی بوون بە هێز یاخود دەوڵەتێکی گەورەوار لێی بڕوانین و ئەگەر دەوڵەتێک بیەوێت وەک جەمسەر یان کایەر (Actor)ێکی تەوەرەیی لە سەر شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی ئامادەگیی هەبێت، پێویستە بەرجەستەیان بکات. ئەو پایە و بنەمایانەش بریتین لە: هێز، ویست، ژینگەی نێودەوڵەتی.

### ١-١. هێزی سەراپاگیر

یەکەم مەرجی بوون بە هێزێکی گەورەوار، هەبوونی سەرجەم توخم و بنەماکانی هێزی سەراپاگیرە (القوة الشاملة). مەبەست لە هێزی سەراپاگیری دەوڵەت: «بەکارهێنانی ڕاستەقینەی توانا یان سەرچاوەکانی دەوڵەتە بە جۆرێک دەوڵەتەکە بتوانێت لە پێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیدا کاریگەریی پێویست لە سەر ئەوانی دیکە دابنێت[٢].» توانا و سەرچاوەکانی هێزی سەراپاگیری دەوڵەتیش سەرجەم توانا سەربازی و هەواڵگری و سیاسی (دیپلۆماسی) و ئابووری و تەکنەلۆژی و میدیایی و دارایی و جیۆپۆلەتیکی و دیمۆگرافییەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، سەرباری توانای کەسایەتیی

سەرکردە و بڕیاردروستکەرانی دەوڵەت و تێگەیشتنیان لە سەرچاوەکانی هێزی سەراپاگیری دەوڵەت. لە نێو سەرچاوەکانی هێزی سەراپاگیری دەوڵەتدا، سێ سەرچاوەیان پێداگریی زۆریان لە سەر دەکرێت و جێگەی بایەخ و مشتومڕی توێژەرانی هاوچەرخن، ئەوانیش: سەرچاوە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانن.

### ١-٢. ویست

مەرج و بنەمای دووەم؛ ویست (الإرادة)ی دەوڵەتەکەیە بۆ ئامادەبوون وەک هێزێکی گەورەوار و وەگەڕخستنی تواناکانی لەم پێناوەدا و ڕەفتارکردن بە جۆرێک کە ڕەنگدانەوەی ئەم خواست و ویستە بێت.

دەوڵەتان لەخۆوە و تەنها بە هەبوونی پایە و توانا پێویستەکان نابن بە گاهێز (Su-per Power)، دەوڵەتێک بۆ ئەوەی ببێت بە جەمسەر یان کایەرێکی سەرەکی و تەوەرەیی لە جیهاندا، پێویستە ئارەزووی بوون بە جەمسەر و تەوەرەییبوون، هەروەها ویستی جێبەجێکردنی ئەو ئارەزووەشی هەبێت، پاشان ئەو توانا و بنەمایانەی هێز کە دەوڵەتەکە خاوەنیەتی بخاتە گەڕ، لە پێناو وازیکردنی ڕۆڵی دەوڵەتی گەورەواردا[٣].

«ویستی گەورەواری» لەم بەستێنەدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت. چەندێک بنەما و مەرجەکانی بوون بە دەوڵەتێکی گاهێز فەراهەم بێت، ئەگەر ویستێک بۆ ئەم گەورەوارییە لەگۆڕێدا نەبێت، دەوڵەتەکە نابێت بە جەمسەر و هێزێکی تەوەرەیی لە سیاسەتی جیهانیدا. لەم بوارەدا، چین دیارترین نموونەیە: سەرەڕای فەراهەمبوونی ئەگەر نەڵێین هەموو بنەماکان، ئەوا دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو بنەمایانەی کە دەوڵەتێک دەکەن بە گاهێزێکی جیهانی، کەچی پەکین خۆپارێزی دەکات و نایەوێت ئەو ڕۆڵە وازی بکات، ئەمەش لە پێناو خۆبەدوورگرتن لە ئەرک و ئیلتیزاماتەکانی دەوڵەتانی گاهێز[٤].

### ١-٣. ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتی

یەکێکی تر لەو مەرج و بنەمایانەی کە دەبێتە پاڵنەری دەرکەوتنی دەوڵەتێکی گەورەوار، ژینگە و بارودۆخی نێودەوڵەتییە. فراوانبوونی جوغزی دەوڵەتانی گەورەوار پەیوەستە بە سروشتی ململانێ و دابەشبوونی پەیکەری هێز لە نەزمی نێودەوڵەتیدا، هیچ گەورەوارێک بە ئاسانی ڕێگە نادات هێزی تر و هاوتای تری بۆ پەیدا بێت و بۆڕبۆڕێنی لەگەڵدا بکات، بۆیە

لە مێژوودا جەنگە گەورەکان دەروازەیەکی گرنگ بوون بۆ وەژوورکەوتنی هێزی گەورەواری نوێ. لە لایەکی ترەوە و بەدەر لە جەنگ، زۆر جار داکشانی هێزی دەوڵەتە گەورەوارەکانی تر، یاخود پاشەکشە و سەرەولێژبوونەوەیان ڕێگەخۆشکەرە بۆ هەڵکشان و دەرکەوتنی دەوڵەتی گەورەواری تر.

لەم بەستێنەدا دەکرێت بڵێین گەڕانەوەی ڕووسیا پەیوەستە بە هێز و توانای ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە و پەیوەندییەکە چەپەوانەیە، واتە هەموو سەرەولێژبوونەوە و پاشەکشەکردنێکی ئەمەریکا دەرفەتێکە بۆ هەڵمسان و دەرکەوتنەوەی ڕووسیا وەک هێزێکی گەورەواری جیهانی و بە پێچەوانەشەوە.

## دووەم: دەرفەتەکانی بەردەم گەڕانەوەی ڕووسیا وەک هێزێکی گەورەوار

چەند هۆکار و بنەمایەک هەن وا دەکەن قسەکردن لە سەر ئەگەری گەڕانەوەی ڕووسیا وەک هێزێکی گەورەوار و جەمسەرێکی کاریگەر لە سەر شانۆی سیاسەتی نێونەتەوەیی ببێتە ئەگەرێکی شیاو و چاوەڕوانکراو، لەم بەشەدا تاوتوێی ئەو بنەمایانە دەکەین و ڕەهەندەکانی شرۆڤە دەکەین. پێشتر و لە بەشی یەکەمی ئەم پەڕەباسەدا سێ بنەمامان وەک مەرج و بنەما سەرەکییەکانی بوون بە هێزێکی گەورەوار دەستنیشان کرد. لەم بەشەدا و پەیوەست بە ڕووسیا، ئەو بنەمایانە تاقی دەکەینەوە و دەستوپەنجەیان لەتەکدا نەرم دەکەین.

### ٢-١. هێزی سەراپاگیر

ئەگەر سەراپاگیرانە و لە گۆشەی بنەما و سەرچاوە کلاسیکییەکانی هێزەوە لە هێزی ڕووسیا بڕوانین، ئەوا ڕووسیا خاوەنی ڕووبەرێکی جوگرافیی فراوان و ژمارەیەکی زۆری دانیشتووانە و بە چەندین سەرچاوەی سروشتی و کانزا دەوڵەمەندە.

ڕووسیا لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین وڵاتە لە جیهاندا و ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی «حەڤدە ملیۆن و نەوەد و هەشت هەزار و دوو سەد و چل و دوو (١٧٠٩٨٢٤٢) کیلۆمەتری چوارگۆشە»[٥]. هەروەها بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن ڕاژە ئامارییەکانی دەوڵەتی فیدراڵیی ڕووسیاوە (Federal State Statistics Service) بڵاو کراوەتەوە، لە ٢٠٢٤/١/١دا

ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا گەیشتووەتە «سەد و چل و شەش ملیۆن و سەد و پەنجا هەزار و هەشت سەد کەس» (١٤٦١٥٠٨٠٠)[٦]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دانیشتووانە خوێندەوارن و زانا و ئەندازیاری کارامەیان تێدایە[٧] و سەرچاوەیەکی مرۆیی بەهرەمەندن، بە تایبەتی لە هەندێک بواری وەک پیشەسازیی سەربازیدا کە دەتوانن بەرهەمی پێشکەوتوو بەرهەم بهێنن[٨]. لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانیشەوە ڕووسیا بە نەوت و گازی سروشتی و دار دەوڵەمەندە[٩].

ئەگەر لە سێ سەرچاوە سەرەکییەکەی هێزیش کە سەرچاوەی سیاسی و ئابووری و سەربازین بنوارین، ئەوا بەم بەرەنجامانە دەگەین:

**لە ڕووی سیاسییەوە:** لەم ساڵانەی دواییدا ڕووسیا چالاکانە گەڕاوەتەوە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و جموجووڵی کاریگەری لە هەنبەر ئەو پرس و قەیرانانەدا کردووە کە ڕەهەند و ئاستی جۆراوجۆریان هەیە. لە هەندێکیاندا ڕاستەوخۆ وەک کایەرێکی سەرەکی تێوە گلاوە، هەروەک لە قەیرانی ئۆکرایندا ڕووی دا و لە هەندێک پرسی دیکەشدا وەک لایەنێکی پاڵپشت بەشدار بووە، وەک قەیرانی سووریا و ڤەنزوێلا، لە بەستێنی هەندێکیشیاندا هەوڵی داوە ڕۆڵی ناوبژیوان یان ڕێخۆشکردن بۆ چارەسەرێکی سیاسی بگێڕێت، هەروەک لە قەیرانی لێدانی کەشتییە بارهەڵگرەکان لە کەنداو و لە قەیرانی بەنداوی نەهزەدا بەدیار کەوت[١٠].

لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ڕووسیا چەندین هەنگاوی ناوە لە پێناو ئامادەگییەکی کارا و کاریگەرانە و کۆکردنەوە و سازدانی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ هەنگاوەکانی. دەکرێت ئاماژە بە نزیکبوونەوەی ڕووسیا لە چین، لە پێناو پتەوکردنی هاریکاری و پەیوەندییەکانی نێوانیان و کارکردنی پێکەوەیی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی شەنگەهایدا بکەین، ئەمە سەرەڕای مەشق و مانۆڕی هاوبەشی دووقۆڵی[١١].

هەر لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە لوتکەی ڕووسیایی-ئەفەریقایی بکەین کە یەکەمین کۆبوونەوەی لە شاری سوچی ڕووسیا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ بەڕێوە چوو، دووەمین کۆبوونەوەشی لە ڕێکەوتی ٢٧-٢٨ی تەمووزی ٢٠٢٣ لە شاری سانپترسبۆرگ بە بەشداریی ٤٩ دەوڵەتی ئەفەریقایی بەڕێوە چوو. دیارترین ئامانجی ڕووسیا لەم لوتکەیەدا

بریتییە لە: بنیاتنانی هاوبەشیی ئابووریی نوێ و جێدار، بەهێزکردنی نفوزی جیۆسیاسیی خۆی لە کیشوەری ئەفەریقادا و کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی جیهانێکی فرە جەمسەر[١٢].

**لە ڕووی ئابوورییەوە:** لە دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو (١٩٩١-١٩٩٩)دا، ئابووریی ڕووسیا لە ڕەوشێکی خراپ و داڕماو و گوزەرانی گەلەکەشی لە ئاستێکی نزمدا بوو. بە گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لە لایەن ڤلادیمێر پۆتینەوە (١٩٩٩/١٢/٣١)، سەرکردایەتیی نوێی ڕووسیا دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی ئابووریی ڕووسیا، بە تایبەتی کەرتی پیشەسازی و کەرتی پیشەسازییە سەربازییەکان و وەبەرهێنانێکی فراوانی لەم دوو کەرتە (کەرتی پیشەسازی و پیشەسازییە سەربازییەکان) و دامەزراوە ئابوورییەکانی دیکەدا کرد. ڕێکەوتێکی مێژووییش لەم هەنگاوانەدا یارمەتیدەر بوو، ئەویش بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی نەوت و گاز بوو لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە، بە جۆرێک لە ساڵی ٢٠١٤دا نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی برێنت گەیشتە ١٢٠ دۆلار. لە ئەنجامی ئەم ئاڕاستانەی سەرکردایەتیی نوێی ڕووسیا و لەباریی ڕەوشەکەوە، ڕێژەی گەشەی ئابووریی ڕووسیا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٨دا گەیشتە ئاستێک لە نێوان ٦٪ و ٧٪ هاتوچۆی دەکرد، تا ئەو کاتەی قەیرانی دارایی-ئابووریی جیهانی بە هۆی بانکە ئەمەریکاییەکانەوە هات و کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ئابووری ڕووسیا بەجێ هێشت[١٣]. دواتر و لە ساڵانی دواییدا ئابووریی ڕووسیا بەخۆدا هاتەوە و بە گوێرەی دەیتاکانی بانکی نێودەوڵەتی لە ماوەی نێوان (٢٠١٠-٢٠١٩) تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ڕووسیا ڕوو لە هەڵکشان بووە[١٤]، بە جۆرێک تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا گەیشتووەتە ٢,٢٤ ترلیۆن دۆلار و ئاستی گەشەشی لە ساڵی ٢٠٢٣دا ٣,٦٪ بووە[١٥].

**لە ڕووی سەربازییەوە:** ژیانەوەی ئابووری و زیادبوونی داهاتە نەوتییەکان بە شێوەیەکی گشتگیر توانایەکی گەورەی بۆ ڕووسیا فەراهەم کرد بۆ بونیادنانەوەی بنکە سەربازییەکان و پەرەپێدانی خۆچەکدارکردنی، هەروەها تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی پیشەسازییە سەربازییەکان و چاککردنەوە و نوێکردنەوەی چەکە ستراتیژییەکان (کڵاوە ناوەکییەکان، مووشەکەکان، دوورهاوێژە ستراتیژییەکان و ژێردەرياييەکان... هتد.) و تەرخانکردنی سەرچاوەیەکی تا ڕادەیەک گەورەتر بۆ بەرهەمهێنانی

جۆرێکی نوێتر لە مووشەکەکان و گۆڕینی مووشەکە کۆنەکان[١٦].

هەروەک دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم فراوانبوونێکی گەورەی لە بواری بەرهەمهێنانی جۆری نوێی چەکی تەقلیدیی پێشکەوتوو (فڕۆکەکان، دوورهاوێژەکان، کەشتییە جەنگییەکان، تانکەکان و... هتد)ی بەخۆیەوە بینی، وە خەرجکردنی پارە بۆ دروستکردنی (پێکهێنانی) دەستەی سەربازیی نوێ بۆ ناوچە سەربازییە جیاوازەکان لە ڕووسیا، بە تایبەتییش بەرەی خۆرئاوا. هەروەها سەرچاوەیەکی گەورە تەرخان کرا بۆ توێژینەوە سەربازییەکان بە ئامانجی بەرهەمهێنانی چەکی زۆر پێشکەوتووی نوێ لە ساڵانی داهاتوودا، وەک جۆرە پێشکەوتووەکانی مووشەکی سام (S-400) و (S-500). گرنگتر لەمەش، مووشەکی زۆر خێرا، وەک «ئاڤانگارد» و «کینجاڵ» و جۆرەکانی تری مووشەکە تارماییاساکان (الصواریخ الشبحية)، کە ڕووسیا تیایدا پێش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوتووە[١٧].

شارەزایانی بواری تەکنەلۆژیای سەربازی ئاماژە بە سێ کۆپێکهاتی خۆچەکدارکردن (منظومات تسليح)ی پێشکەوتوو دەکەن کە ڕووسیا تیایاندا بەناوبانگە، ئەوانیش[١٨]:

١. ژێردەریاییە ناوەکییەکان

٢. سیستمی مووشەکی «Sarmat»

٣. بزوێنەری فڕۆکە

سەرباری ئەمانەش، ڕووسیا خاوەنی گەورەترین ژمارەی کڵاوەی ناوەکیی جەنگییە و سوپاکەشی بە دووەم بەهێزترین هێزی سەربازی لە جیهاندا پۆلێن دەکرێت[١٩].

**٢-٢. ویست**

لەگەڵ دەستبەکاربوونی ڤلادیمێر پۆتین لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٩دا وەک سەرۆکی ڕووسیا بە وەکالەت و دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ٢٦ی ئازاری (٢٠٠٠) یشدا وەک سەرۆکێکی هەڵبژێردراو، ڕووسیای فیدراڵ «ڕابوون»ێکی بەخۆیەوە بینی بە ئامانجی کارکردن لە پێناو وەرچەرخان لە دەوڵەتێکەوە کە لە بەردەم هەڕەشەی بوون بە دەوڵەتێکی پلە دوو یان ڕەنگە پلە سێشدا بوو، بە گوێرەی دەربڕینی پۆتین، بۆ هێزێکی گەورەوار. پۆتین لە پەیامێکدا بە ناونیشانی «ڕووسیا لە سەر لێوارەکانی هەزارەی نوێ»دا،

کە لە ناو شارەزایانی کاروباری ڕووسیادا بە «پەیامی هەزارە» ناسراوە و لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩دا ئاڕاستەی کرد، گوزارشتی لەم خواستە کرد[٢٠].

دەستتێوەردانی ڕووسیا لە جۆرجیا ساڵی ٢٠٠٨ یەکەم هەنگاوی کرداری بوو بۆ وەرگێڕانی «بیرۆکەی ڕووسیایی» بۆ بوونی ڕووسیا بە دەوڵەتێکی گەورەوار کە لە بەستێنی دیدگای پەیامی هەزارەدا گوزارشتی لێ کرابوو، دواتریش دەستتێوەردان و داگیرکردنی نیمچەدوورگەی قرم (کریمیا) و پشتیوانیکردن لە جوداخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین؛ هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو[٢١].

هەروەها ڕێبازی (Doctrine) سیاسەتی دەرەکیی ڕووسیای فیدراڵ کە لە لایەن سەرۆک ڤلادیمێر پۆتینەوە لە ٢٠١٦/١١/٣٠ پەسەند کراوە، ئاماژە بە کۆمەڵێک ئامانج دەکات کە سیاسەتی ڕووسیا هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، دیارترینی ئەو ئامانجانە: بەهێزکردنی ڕۆڵی ڕووسیا لە چوارچێوەی جیهانێکی فرە زلهێزدا، پاراستنی سەقامگیریی ستراتیژی، پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوبەشەکیی سوودبەخش بۆ هەمووان و بنیاتنانی زۆرترین هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان. هەروەها ڕێبازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، بە ئامانجی بەرگری ڕووسیا و فشارخستنە سەری؛ سەقامگیریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی تێک دەدات[٢٢].

### ٢-٣. ژینگەی نێودەوڵەتی

هەموو ئەو کارلێک و بەریەککەوتنانەی کە لە چوارچێوەی سیستمی نێودەوڵەتیدا ڕوو دەدەن، جا چ سروشتێکی ململانێئامێزیان هەبێت یان هاریکاریئامێز، کاریگەریی بەرچاویان دەبێت لە ڕێخۆشکردندا بۆ بەهێزبوون و هەڵمسانی دەوڵەتی نوێ. پەیوەست بە گەڕانەوەی ڕووسیا وەک هێزێکی تەوەرەیی و جەمسەرێکی ململانێ، پابەندیی پەیوەندیی ئەم وڵاتەیە بە پێگە و کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە.

لە ئێستادا زۆرێک لە توێژینەوە و شرۆڤەکاران، هەروەها ڕووداو و کارلێکە جیهانییەکان، ئاماژە بە سەرەولێژبوونەوە و داکشانی هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن[٢٣]. هەموو پاشەکشەیەکی ئەمەریکاش، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، دەرفەتێکە بۆ هەڵمسان و دەرکەوتنەوەی ڕووسیا وەک هێزێکی گەورەواری جیهانی، چونکە پەیوەندیی

نێوان گەڕانەوەی ڕووسیا و سەرەولێژبوونەوە و پاشەکشەی جیهانییانەی ئەمەریکا؛ پەیوەندییەکی چەپەوانەیە.

لە لایەکی دیکەوە دەکرێت هەڵکشانی چین وەک سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی نەزمێکی فرە جەمسەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا وێنا بکەین، ئەمەش بوارێکی فراوانتر بۆ لڤین و جموجووڵەکانی ڕووسیا دەڕەخسێنێت و دەرفەتی زیاتری دەخاتە بەردەست، تاکوو کاریگەریی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ دەورەدان و ڕێگریکردن لە هەڵکشانی ڕووسیا کەم بکاتەوە. هەروەها نزیکبوونەوەی ڕووسیا لە چین و ئەنجامدانی هاوپەیمانێتییەک لە نێوانیاندا، هەر چەندە ئەگەرێکی دووریشە، بەڵام هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ کۆتاییپێهێنانی هەژموونی تاکلایەنانەی ئەمەریکا و چێکردنی نەزمێکی فرەجەمسەری نێودەوڵەتی، کە ڕووسیا لە هەوڵی بەدیهێنانیایەتی.

### سێیەم: ئاڵنگارییەکانی بەردەم گەڕانەوەی ڕووسیا وەک هێزێکی گەورەوار

سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە لە پێشەوە تیشکمان خستە سەر و وەک بزوێنەری گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ناو گەمەی دەوڵەتە گەورەوارەکان هاتنە هەژمار، بەڵام بەهێزبوونەوە و هەڵمسانی ڕووسیا بەبێ بەربەست نییە و چەندین ئاڵنگاریی لە پێشدایە کە دەکرێت بڵێین گەڕانەوەکەی دەکاتە کارێکی سەخت و دژوار.

لە ڕووی ئابوورییەوە ئەم گەڕانەوەیە ئاڵنگاریی گەورەی لە بەردەمدایە. یەکێک لە گرفتەکانی ئابووریی ڕووسیا کە داینەمۆی بووژانەوەی هێزی سەربازی و سیاسی دەوڵەتەکەیە، تاک سەرچاوەی بوونیەتی (one crop economy)[٢٤]، نزیکەی ١٠٪ی سەرچاوەی دراوی نەختینەیی بیانی لە ڕێگەی هەناردەکردنی نەوت و گاز و دار و کانزا خاوەکانی دیکەوە دێت[٢٥]. هەروەها ئەو ئابڵووقەیەی کە بە هۆی جەنگی ئۆکراینەوە خراوەتە سەر ڕووسیا، گورزی گورچکبڕی لە ئابوورییەکەی داوە و لێکەوتەی لە سەر بوارەکانی دیکەی بەهێزبوونەوەی ڕووسیاش دەبێت. ئەمانە سەرباری گەندەڵیی دامودەزگاکان و گرفتی دیمۆگرافی و تەندروستی کە لە چارەسەرکردن نایەن[٢٦].

لە لایەکی دیکەوە تێکڕای زیادبوونی دانیشتووانی ڕووسیا ڕوو لە کەمییە. بە گوێرەی

ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی دانیشتووانی ڕووسیا بەردەوام دەبێت لە کەمبوونەوە، بە جۆرێک لە ساڵی ٢٠٧٠ دا دەگاتە سەد ملیۆن کەس[٢٧].

لە ڕووی تەکنەلۆژیا و ئەو جۆرە پیشەسازیانەوە کە پشت بە نەوەی نوێی تەکنەلۆژیا دەبەستێت، ڕووسیا گرفتی ڕاستەقینەی هەیە، بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە «میکاترۆنیکس» بدەین کە نەوەیەکی نوێیە لە بواری پیشەسازیدا و پشت بە تێکەڵاوکردنی پیشەسازییە میکانیکییە تەقلیدییەکان و دەزگاکانی کۆنترۆڵی ئەلکترۆنی و پێکەوەبەستنیان لە ڕێگەی بەرنامە و سیستمی کارپێکردنی ئالییەوە دەبەستێت[٢٨]. هەروەها سیاسەتی بەرگریی ڕووسیا گرفتی ڕاستەقینەی هەیە، وەک پیوار (غیاب)ی گەشەیەکی ڕاستەقینە بە هۆی سزای وڵاتانی خۆرئاواوە، سەرەڕای بەردەوامنەبوونی خەرجیی ڕوو لە زیادی بەرگری لە سای داکشانی ئابووریدا، داکشانێک کە هۆکارەکەی سزا ئابوورییەکان و هەڵبەزودابەزی نرخی نەوتە.

ئەمانە سەرباری ئەوەی کە تا ئێستاش مۆسکۆ بەدەست گرفتە گەورەکانی ئەو ژینگەیەوە دەناڵێنێت کە ئابووریی ڕووسیای تێدا هەڵدەسووڕێت، بە تایبەتی بەستێنی قانوون دارشتن و ئەو قانوونانەی کە جموجووڵی ئابووری و ئەنجامدانی پرۆژەکان و پێشەنگی لە بواری کاردا ڕێک دەخەن[٢٩].

لە سەر ئاستی دەرەکی و پەیوەست بە ژینگەی کارلێکی نێودەوڵەتییش، بەهێزبوونەوەی ڕووسیا ئاڵنگاریی گەورەی لە بەردەمدایە. لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لوتکەی قوچەکی دابەشبوونی هێز لە جیهاندا وەستاوە و وەک شاهێز (Supreme Power)ێک هەڵسوکەوت دەکات. ئەمەریکا لەپێناو پاراستنی ئەم هەژموونەی خۆیدا هەموو هەوڵێک دەدات تاکوو ڕێگە لە هەر هێزێک بگرێت کە بیەوێت ئەمەریکا بداتە دواوە و ئەم لەپێشینەییە (Priority) کۆتایی پێ بهێنێت. پەیوەست بە ڕووسیا، ئەمەریکا بەردەوام کار دەکات لە پێناو سنووردارکردنی جموجووڵەکانی ڕووسیا و جڵەوکردنی خواستی ڕووسیا بۆ ئامادەبوونێکی کاریگەرانە لە پرس و ئاریشە جیهانییەکاندا. هەروەها لە بەستێنێکی هاریکاریئامێز لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا، کار دەکات بە مەبەستی هێنانەئارای ڕەوشێکی جوگرافیی لەبار بۆ دەورەدان (احتواء)ی ڕووسیا[٣٠].



## چوارەم: ئایندەی ڕووسیا وەک هێزێکی گەورەوار

هەر چەندە پێشبینیکردن و وێناکردنی ئایندەی ڕووداوەکان لە کایەی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کارێکی ئەستەمە و ڕووداوگەلێکی گەورە لە دەرەوەی پێشبینی و چاوەڕوانیی بیریاران و شارەزایانی ئەم کایەیەوە ڕوویان داوە، لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا بیریار و چاودێرانی کایەکە هەوڵی خۆیان لەم بارەوە هەر دەدەن و بەرەنجامی بیرکردنەوە و شرۆڤەکانیان دەخەنە ڕوو، بۆیە دەکرێت ئێمەش هەوڵێکی خاکی بدەین و بەربنەمای خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی پێدراوەکان خۆپارێزانە لەم بارەیەوە ئەنجامگیری بکەین.

چاودێران و شارەزایانی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی، تێڕوانین و تەرزەبۆچوونی جیاوازیان لە بارەی ئایندەی پێگە و ڕۆڵی ڕووسیاوە هەیە کە دەکرێت لە دوو سیناریۆدا پوختیان بکەینەوە و بە کورتی ئاماژەیان پێ بدەین:

بە لای هەندێک لە شارەزایان و چاودێرانەوە، ڕووسیا سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی چەندین سەرچاوە و توخمی هێزە، بەڵام ئەگەری گەڕانەوە و بوون بە جەمسەرێکی کاریگەر وەک سەردەمی جەنگی سارد کە هاوشانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، لەئارادا نییە و لانی کەم لە ماوەیەکی نزیک یاخود مامناوەند مەودادا ئەم ئەگەرە کارێکی لە کردن نەهاتووە. لەم ڕووەوە جۆزێف نای دەڵێت: «بەخۆداچوونەوەکانی ڤلادیمێر پۆتین، هێزی ناوەکیی ڕووسیا، دەوڵەمەندی بە سەرچاوەی نەوت و غاز، لێهاتووییەکانی لە بواری تەکنەلۆژیای سایبەریدا، هەروەها نزیکیی ڕووسیا لە ئەورووپاوە و ئەگەری هاوپەیمانێتی بەستنی لەگەڵ چیندا؛ ئەو توخم و سەرچاوانەن کە ڕووسیا هەیەتی و بە هۆیانەوە دەتوانێت ئاریشە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست بکات. بەڵام ڕووسیا نابێت بە خاوەنی ئەو هێز و توانایەی کە بتوانێت هاوسەنگی هێزی ئەمەریکایی بێت، وەک چۆن لە سەردەمی جەنگی سارددا هاوتای هێزی ئەمەریکا بوو[٣١].

هەندێکی دیکەیان پێیان وایە لە هەموو ئانوساتێکدا گەڕانەوەی ڕووسیا وەک جەمسەرێکی سەرەکیی ململانێ و هێزێکی تەوەرەیی ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە مەرجدارە و پەیوەستە بە چۆنێتیی مامەڵەکردنی ڕووسیا لەگەڵ ئاڵنگارییەکان و تێپەڕاندنی خاڵە لاوازەکانی و بۆ ئەم بۆچوونەش بەڵگە و ئارگومێنتی جۆراوجۆر سەر ڕێ دەخەن[٣٢].

هەر چەندە، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا، پێشبینیکردنی ڕووداوەکان کارێکی زەحمەت و پڕ لە ئاڵنگارییە، بەڵام دەکرێت بڵێین بۆچوونی یەکەم بۆچوونێکی واقیعییە و بەربنەمای خوێندنەوەی کارلێک و بەریەککەوتنەکانە و ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن بوونی ڕووسیای فیدراڵ بە جەمسەرێکی سەرەکی و هێزێکی تەوەرەیی ئامادە لە ململانێ و کارلێکە جیهانییەکاندا ئەگەرێکی دوورە. لەم ڕووەوە و لە باشترین بارودۆخدا دەکرێت بڵێین ئەگەر گەڕانەوەی ڕووسیای فیدراڵ وەک هێزێکی گەورەوا ئەگەرێکی شیاو بێت، ئەوا لانی کەم لە

ئایندەیەکی نزیک و تەنانەت مامناوەندیشدا ڕوو نادات.

هەر چەندە بە سوودوەرگرتن لە میراتی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران ڕەنگە ئەگەری بوونی ڕووسیای فیدراڵ بە جەمسەرێکی کێبەرکێ و هاوتا لە ململانێ جیهانییەکاندا شیاو بێت، بەڵام بۆچوونی دووەم، بە ڕای ئێمە، زیادەڕەویی تێدایە و گەڕانەوەی ڕووسیای فیدراڵ وەک جەمسەرێکی ململانێ و وەک هێزێک هاوتای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین، ئەگەرێکە پێچەوانەی ئاماژە و نیشاندەرەکانی هێزی ڕووسیایە. ڕەنگە قەیرانی ئۆکراین و یەکلانەبوونەوەی جەنگی ڕووسیا-ئۆکراین، باشترین بەڵگەیەک بێت کە بکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بدەین.

لە کۆتاییدا و خاڵێکی دیکەی پەیوەست بە ئایندەی ڕووسیا، پاڵنەر و هۆکاری ناوخۆییە. هەر چەندە ئەم لایەنە لە دەرەوەی بابەخی ئەم پەڕەباسەیە، بەڵام ناکرێت ئەم پاڵنەرە، پەیوەست بە ئایندەی ڕووسیا، فەرامۆش بکرێت و نادیدەی بگرین[٣٣].

---

(*) گەورەوار = گەورە + وار. بە گوێرەی فەرهەنگی «هەنبانەبۆرینە»، ‹›وار‹› پاشگرێکە بە واتای خاوەن ‹›خوێندەوار‹› یاخود کەسێک کە شیاوی شتێکە (سزاوار: شیاوی سزادان). هەروەها بە گوێرەی فەرهەنگی «خاڵ»، ‹›وار‹› پاشگرێکە دەچێتە سەر هەندێک ناو و دەیکات بە کارکەر (خوێندەوار، کۆڵەوار... هتد). ئێمە وشەکەمان لە مامۆستا ئەحمەد قازی وەرگرتووە و مەبەستمان لێی خاوەن گەورەییە، واتە ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن پێگەی گەورە و هێزی زەبەلاحن. مەبەستیشمان لە هێزە گەورەوارەکان ئەو دەوڵەت و هێزانەن کە لەنگەری نەزمی نێودەوڵەتی ڕادەگرن و ئامادەبوونێکی گەردوونییان هەیە و لە هەموو پرس و بابەتە جیهانییەکاندا کاریگەرییا هەیە.

بڕوانە: هەژار، هەنبانەبۆرینە: فەرهەنگی کوردی-فارسی، چ١٢، (تاران: سروش، ١٣٩٨): «وار».

شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ: کوردی-کوردی (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٧)، «وار».

## سەرچاوە و پەراوێزەکان

١. د. جمال سند السويدي، آفاق العصر الأمريكي: السيادة والنفوذ في النظام العالمي الجديد، ط٢ (أبو ظبي: ٢٠١٤)، ٥٥-٥٦.
٢. د. إيمان رجب، «أبعاد التحول في إدراك القوة الشاملة للدولة خلال القرن الحادي والعشرين»، السياسة الدولية (أكتوبر ٢٠٢٣): ٢٦٠.
٣. سامح راشد، «روسيا قوة عظمى محتملة»، السياسة الدولية-ملحق تحولات إستراتيجية ٢١٩ (يناير ٢٠٢٠): ٣.
٤. المرجع نفسه.
٥. روسيا وريثة الإتحاد السوفياتي والقوة العسكرية الثانية في العالم، في موقع الجزيرة نت على الرابط:
*https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2014/2/17/%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7*
6. *https://eng.rosstat.gov.ru/*
7. *Joseph S. Nye, Jr., Is American Century Over? (Polity Press: Cambridge, 2017), 38.*
8. *Ibid., 34.*
٩. روسيا وريثة الإتحاد السوفياتي...، في موقع الجزيرة نت.
١٠. د. أحمد حسن، «ركائز العودة ومقومات الإستمرار: قراءة في الداخل الروسي»، السياسة الدولية-ملحق تحولات إستراتيجية ٢١٩ (يناير ٢٠٢٠): ٩.
١١. محمود خليفة جودة، «الرؤية الروسية لتوسع حلف الناتو بعد انضمام السويد وفنلندا»، السياسة الدولية ٢٣٤ (أكتوبر ٢٠٢٣): ١٩٤-٢٠١.
١٢. فاروق حسين أبو ضيف، «القمة الروسية- الافريقية الثانية: سياقات الانعقاد والمكاسب المشتركة»، السياسة الدولية ٢٣٤ (أكتوبر ٢٠٢٣): ٢٠٨-٢١٢.
١٣. د. محمد فراج أبو النور، «محرك المواجهة مع الغرب: قدرات وأعباء الاقتصاد الروسي»، السياسة الدولية-ملحق تحولات إستراتيجية ٢١٩ (يناير ٢٠٢٠): ٦.
١٤. وەرگیراوە لە: أبو النور، «محرك المواجهة مع الغرب...»، ٧.
١٥. روسيا.. وريثة الاتحاد السوفيتي والقوة العسكرية الثانية في العالم...
١٦. أبو النور، «محرك المواجهة مع الغرب...»، ٦.
١٧. المرجع نفسه.
١٨. د. عبدالغفار عفيفي الدويك، «دبلوماسية السلاح والتكنولوجيا الروسية»، السياسة الدولية-ملحق تحولات إستراتيجية ٢١٩ (يناير ٢٠٢٠): ٢٢.
١٩. روسيا.. وريثة الاتحاد السوفيتي والقوة العسكرية الثانية في العالم، ...
٢٠. د. عزمي بشارة، «روسيا وأوكرانيا وحلف الناتو: تأملات في الإصرار العجيب على عدم تجنب

المسار المؤدي إلى الحرب»، في موقع المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات على الرابط:
*https://www.dohainstitute.org/ar/ResearchAndStudies/Pages/Russia-Ukraine-and-NATO-Reflections-on-the-Unprecedented-Determination-to-Not-Avoid-the-Road-to-War.aspx*

٢١. المرجع نفسه.

٢٢. د. نورهان الشيخ، «الاستجابة المرنة: موسكو في المعادلات الإقليمية»، السياسة الدولية-ملحق تحولات إستراتيجية ٢١٩ (يناير ٢٠٢٠): ٢٦.

٢٣. لەم ڕووەوە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: *Nye, Jr., Is American Century Over?*.

*24. Ibid., 34.*

٢٥. أبو النور، «محرك المواجهة مع الغرب...»، ٧.

*26. Nye, Jr., Is American Century Over? 34.*

٢٧. وەرگیراوە لە: حسن، «ركائز العودة ومقومات الإستمرار...»، ٩.

٢٨. راشد، «روسيا قوة عظمى محتملة»، ٤.

٢٩. المرجع نفسه.

٣٠. السويدي، آفاق العصر الأمريكي...، ٥٠٨.

٣١. Nye, Jr., Is American Century Over? ٣٦.

٣٢. بۆ زیاتر شارەزابوون لەم ڕووەوە، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:
مجلة السياسة الدولية-ملحق تحولات إستراتيجية ٢١٩ (يناير ٢٠٢٠): ١-٢٨.

٣٣. بۆ زیاتر شارەزابوون لە هۆکار و پاڵنەرە ناوخۆییەکان و بنەما و لە هەمان کاتدا گیروگازەکانی هێزی ڕووسیا، سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: د. حسن، «ركائز العودة ومقومات الإستمرار...»، ٩-١٤.

## توێژینەوەی وەرگێڕدراو

# ئایندەناسی

# تێڕوانینی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بۆ ڕووسیا

## لە کۆنتێکستی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت

**ئە.ئە.کەڵەشیان، خوێندکاری ماستەر لە ئەکادیمیای دیپلۆماسیی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ**

**وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: کەیوان سدیق محەمەد**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەی وێنەی ڕووسیای هاوچەرخ لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی دەکات و تیشک دەخاتە سەر هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهاتنی وێنەی نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتە، هاوکات لە پرسی تایبەتمەندیی تێڕوانینی دەوڵەتانی عەرەبی بۆ وێنەی ڕووسیا دەکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوەکە بایەخێکی تایبەت بە لەمپەر و سەختییەکانی بەردەم پێکهاتنی وێنەیەکی ئەرێنیی ڕووسیا لە وڵاتانی جیهانی عەرەبی و ڕێگاکانی لابردنی ئەو بەربەستانە دەدات. لە هەمان کاتدا، توێژینەوەکە کاریگەرییەکانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەتی ڕووسیا لە ئۆکراین لە سەر تێڕوانینی وڵاتانی عەرەبی بۆ مۆسکۆ لەبەرچاو دەگرێت. هەروەها، نموونەی بەکارهێنانی «هێزی نەرم» لە پەیوەندی لەگەڵ دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنیی ڕووسیا لە وڵاتانی جیهانی عەرەبی دەخاتە ڕوو. جەخت لە سەر کاریگەریی میدیا دەکرێتەوە وەک ئامرازێکی بنەڕەتیی سیاسی و دەروونی کە کاریگەری لە سەر پێکهاتنی وێنەی دەوڵەت دادەنێت.

**وشـە کلیلییـەکان**: وێنـەی ڕووسـیا، ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کەنـداوی عەرەبـی، دیپلۆماسـیی گشـتی، ڕۆژنامەگـەری، میدیـا، میدیـای عەرەبـی

سەرچاوە: خزمەتگوزاریی دیپلۆماتیک
«ДИПЛОМАТИЧЕСКАЯ СЛУЖБА», 4 (109) /2023.т19.

## دیپلۆماسیی گشتیی ڕووسیا

ڕووسـیاش وەک وڵاتانی چالاک لـە بـواری سیاسـەتی دەرەکیدا، هەوڵی بەرەوپێشـبردنی بـوارە بنەڕەتییەکانی کارکردن لـە چوارچێوەی دیپلۆماسـیی گشـتی دەدات.

پڕۆگرامی پەروەردەیی و ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی، دیپلۆماسـیی ڕێڕەوی دووەم، پڕۆگرامی مرۆیی فـراوان، کاری پێکەوەیی، هەروەها کار و چالاکی لـە بڵاوکردنـەوەی زانیاری بـۆ هاوڵاتییانی دەرەوە؛ لـە نێـو بـوارە سـەرەکییەکانی دیپلۆماسـیی گشـتیی ڕووسـیادان. لەتـەک ئاڕاسـتە سـەرەکییەکانی دیپلۆماسـیی گشـتی، میتـۆدی دیکـەی کارکردن هەیـە کـە تایبەتـە بـە سیاسـەتی دەرەکیی ڕووسـیا. لـە ژێـر نـاوی بـوارە سـەرەکییەکانی دیمپلۆماسـیی گشـتی، دەکرێـت ئامـاژە بـە کارکـردن لەگـەڵ هاونیشـتمانییانی ڕووسـیا لـە دەرەوە، بابەتی پاراسـتنی ڕاسـتیی مێژوویی و سیاسـەتی بەرەنگاربوونـەوەی سـاختەکردنی مێژوو لـە فـەزای گشـتیی نێودەوڵەتی، دیپلۆماسـیی دیجیتاڵی (فەیسـبوک و تویتـەر) بکەیـن. هەروەهـا، پەیوەندییـە دەرەکییـەکانی کڵێسـەی ئەرسـەدۆکسی ڕووسـیا و هاوکاریی نێودەوڵەتی بـۆ هەرێـم و شـارە دەسـتەخوشکەکان. شـایانی باسـە دیپلۆماسیی پەرلـەمانی، کارپێکەوەیی گەنجان و هاوکاری و هەماهەنگی لـە ڕێگـەی دۆسـتایەتی و فۆرماتی جۆراوجـۆری هاوکاریی کولتـووری و زمانـەوانی لـە ڕووسـیا بەهێزن[١].

## بەشە فەرمییە تایبەتمەندەکانی سیستمی دیپلۆماسیی گشتی

- وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، لەوانەش بەشی پەیوەندی لەگەڵ سوبێکتەکانی[٢] ڕووسیا، بەشی هاوکاریی مرۆیی فرەلایەنە و پەیوەندییە کولتوورییەکان، پەرلەمان و کۆمەڵە گشتییەکان، کە بەشی پەیوەندیی هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان (کاری کۆکردنەوە و شیکاری و زانیاری و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە قازانجنەویستەکان لە سەر ئاستی ڕووسیا و نێودەوڵەتی) لەخۆی دەگرێت. بەشی زانیاری و چاپەمەنی (کاری ڕوونکردنەوە و پێدانی زانیارییە لە چێوەی دیپلۆماسیی گشیدا). بەشی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان (کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان). بەشی کارکردن لەگەڵ هاونیشتمانییانی ڕووسیا لە دەرەوەی وڵات.

- پەرلەمانی ڕووسیای فیدراڵ (ئاڕاستەی پەرلەمانیی دیپلۆماسیی گشتی) بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی ئەنجوومەنی فیدراڵی و کۆمیتەی دۆمای دەوڵەتی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی

- دەزگای فیدراڵی بۆ کاروباری کۆمەڵەی دەوڵەتانی سەربەخۆ، هاونیشتمانییانی ڕووسیا کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، هاوکاریی مرۆیی نێودەوڵەتی. «ڕۆس سەترودنیچێستڤە» کە ڕێکخراوێکی قازانجنەویستی ناحکومیی نیشتمانییە و چالاکییەکانی پەیوەندییان بە ئەجێندای نێودەوڵەتییەوە هەیە، یان لە چەقی پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەدان، وەک بەڕێوەبەری سەرەکیی پرۆژەکان لە بواری دیپلۆماسیی گشتی و هاوکاریی ڕۆشنبیری و مرۆیی نێودەوڵەتی، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی بە خوێندکارانی بیانی لە ڕووسیا؛ کار دەکات.

- وەزارەتی پەروەردە و زانست (بەشی هاریکاریی خوێندنی قوتابییانی بیانی لە ڕووسیا). جگە لەوەش، ئاڕاستەی زانیاری و ڕاگەیاندنی دیپلۆماسیی گشتیی ڕووسیا بریتییە لە ئاژانسی زانیاریی نێودەوڵەتی (ڕەسییا سیڤۆدنیا - **Россия сегодня**)، کە سپوتنیک؛ «ئاژانسی هەواڵی جیهانی» و «Russia Today» سیستمی زانیاریی کەناڵەکان بە زمانە بیانییەکان لەخۆ دەگرێت. جگە لە بەشە فەرمییەکان،ستروکتور و ڕێکخراوە گشتییە پەروەردەیی، ئەکادیمی و نادەوڵەتییەکان وەک زانکۆکانی ڕووسیا، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان، کە لە لایەن دەوڵەتەوە ئاڕاستە و پشتیوانی دەکرێن، وەکوو فۆندی

گۆرچاکۆڤ بۆ پشتیوانی دیپلۆماسیی گشتی، «ڕووسکی میر» فۆندی پشتیوانی و پارێزگاری لە مافی هاونیشتمانییانی ڕووسیا لە دەرەوە، دامەزراوە ئەکادیمی و شیکارییە گەورەکانی ڕووسیا وەکوو: ئەنجوومەنی ڕووسیا بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، یانەی گفتوگۆی نێودەوڵەتی (ڤاڵدای)، پەیمانگای ڕووسیا بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان، ئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەکی و بەرگری، پەیمانگای ئابووریی جیهانی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پریماکۆڤ و پەیمانگا زانستییەکانی دیکەی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا. هەروەها ڕێکخراوە قازانجنەویستە بچووکە نێودەوڵەتییەکان کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن و بەشداریی چالاکانە لە پەرەپێدانی پڕۆژەی دیپلۆماسیی گشتی دەکەن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا بانگەشە بۆ وێنەیەکی شێوێنراوی جیهان دەکەن، کە لە سەر بنەمای لێکدانەوەی سیاسی و یەکلایەنە بۆ ڕووداوەکانی ئێستا پێک هاتووە. ئەمەریکا گوشاری زیاتر دەخاتە سەر هاوبەشەکانی لە کەنداو بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆک و لێکدانەوەی نەرێنی و شەڕانگێزانە دژ بە ڕووسیا. بۆ ئەوەی زیانی گەورە بە ناوبانگی ڕووسیا لەم ناوچەیە نەگات، پێویستە شرۆڤەی ئەو هۆکارە سەرەکییانە بکرێت کە کاریگەرییان لە سەر تێڕوانینی دانیشتووانی وڵاتانی عەرەبی لە سەر ڕووسیا هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو توانا ئەگەرییانەی کە هەن لە جێبەجێکردنی دیپلۆماسیی گشتیدا و ئەمەش کۆمەکی دامەزراوەی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا دەکات کاریگەرتر کارلێک لەگەڵ ئامانجەکانی لە جیهانی عەرەبیدا بکات.

## ڕووسیا لە تێڕوانینی وڵاتانی کەنداوی عەرەبیدا

لە چەمکی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٣، بایەخێکی زۆر بە کاری زانیاری دراوە. دامەزراوە سەرەکییەکانی بەرپرسیار لەم ئەرکە بریتین لە ئاژانسی زانیاریی نێودەوڵەتی (ڕەسییا سیڤۆدنیا - **Россия сегодня**)، ئاژانسی هەواڵی نێودەوڵەتی و ڕادیۆی سپوتنیک و سیستمی زانیاریی کەناڵەکان (Russia Today). چەمکەکە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە لە تێڕوانینی دەوڵەتی ڕووسیادا کاری ڕوونکردنەوە و پێدانی زانیاری وەک ئاڕاستەی سەرەکیی کاری دیپلۆماسیی گشتیی ڕووسیا چەسپاوە. لە ساڵانی ڕابردوودا

بەهێزبوونی ئەو بوارەمان لە ڕێگەی کاری زانیاری (Russia Today) و دیپلۆماسیی نوێی دیجیتاڵی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاوە بەدی کرد[٣].

لەگەڵ فراوانبوونی ئامادەیی فرەلایەنەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەیاندنی هەڵوێست و دیدگای مۆسکۆ بە هاوڵاتییانی بیانی[٤] تا دێت پێویستتر دەبێت. ئەم ئەرکە لە پاشخانی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە گەورەکاندا بووەتە کارێکی بە پەلە. هەڵمەتی بێوێنەی زانیاری دژ بە ڕووسیا، کاری ڕوونکردنەوە و پێدانی زانیاری لە دەرەوە، وەک یەکێک لە ئەولەویەتەکانی دیپلۆماسیی گشتی زیاتر کردووە. لەم چوارچێوەیەدا، چاودێریی میدیای بیانی بەسوودە و هاوکارمان دەبێت تا لایەنە بەهێز و لاوازەکانی وێنەی ڕووسیا لە فەزای زانیاریی جیهانی عەرەبیدا دەستنیشان بکەین.

لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە ڕووسیا سەرکەوتوو بوو لەوەی خۆی لە کاریگەرییە نەرێنییەکان و ئەو زیانانەی دەکرا بەر ناوبانگی وڵاتەکە بکەون لە پاشخانی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت، بەدوور بگرێت. چاودێریکردنی میدیا عەرەبییەکان، خاڵە بەهێز و لاوازەکانمان نیشان دەدات. لە خاڵە بەهێزەکان:

- نەبوونی دوژمنایەتیی مێژوویی و بوونی پەیوەندیی دۆستانە لە نێوان ڕووسیا (پێشتر یەکێتیی سۆڤیەت) و وڵاتانی عەرەبیدا.

- سەرکردەیەکی بەهێز کە بە شێوەیەکی نەریتی لە ڕۆژهەڵات ڕێزی لێ دەگیرێت.

تێڕوانینێکی هاوبەش لە لایەن ڕووسیا و دەوڵەتانی کەنداوەوە هەیە بۆ گواستنەوەی جیهان لە یەکجەمسەرییەوە بۆ جیهانێکی فرەجەمسەر، وەک پرۆسەیەکی مێژوویی حەتمی و نەگەڕاوە.

بێگومان میتۆد و تواناکانی هێزی نەرمی ڕووسیا لە ناوچەکەدا دەتوانرێت بە دڵنیاییەوە بە ئەرێنی حیساب بکرێت و تەواوکەری ئەو هێزە زبرە بوو کە ڕووسیا لە سووریا نیشانی دا. لێرەدا مەبەستمان لە هێزی نەرم؛ چالاککردنی ئەو پەیوەندییە کولتووری و زانستی و پەروەردەییانەیە کە لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا هەن و لە سەردەمی سۆڤیەتەوە ماونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کارکردن لەگەڵ میدیای عەرەبی بۆ باشترکردنی وێنەی ڕووسیایە لە جیهانی عەرەبیدا.

**خشتەی ژمارە (١):** چاودێرکردنی میدیای وڵاتانی کەنداوی عەرەبی

| وڵات/میدیا | لێکدانەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت | ڕووماڵکردنی ململانێی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا | هەڵوێستیان بەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا |
|---|---|---|---|
| سعودیەی عەرەبی/ Al-Arabiya, Al-Sharq | ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت وەک داگیرکاریی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراین پێناسە دەکرێت. | هەڵوێستی بێلایەنی، دوو دیدگای لە سەر ململانێکە هەیە. | لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. |
| قەتەر/ Aljazeera, Gulf Times , Al-hiwar | ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت وەک داگیرکاریی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراین پێناسە دەکرێت. | ڕوانگەیەکی پرۆڕۆژ ئاوا لەو ململانێیەدا هەیە. | جەخت لە سەر هەڵویستی نەرێنی بەرامبەر ڕووسیا دەکرێتەوە. |
| شانشینی یەکگرتووی ئیمارات/ DMI, Al-Bayan | بە هەموو شێوەیەک خۆی بەدوور دەگرێت لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت. | هەڵوێستی بێلایەنی، دوو دیدگای لەسەر ململانێکە هەیە | بە ئاستێکی بەرز بایەخ بە پەیوەندییەکانی وزە و ئابووری لەگەڵ ڕووسیا دەدرێت. |
| بەحرەین/ Al-Ayam | ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت وەک ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لێک دەدەنەوە. | هەڵوێستی بێلایەنی، بە وردی باس لە پاڵنەرەکانی ڕووسیا دەکرێت. | بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵسەنگاندن بۆ گواستنەوە بۆ جیهانێکی فرەجەمسەر و ڕۆڵی ڕووسیا لە جیهانی گۆڕاودا دەکرێت. |
| کوەیت/ Al-Qabas, KUNA | ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تایبەت وەک داگیرکاریی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراین پێناسە دەکرێت و لکاندنەوەی کریمیا وەک لکاندنەوەیەکی زۆرەملێ. | هەڵوێستی بێلایەنی، ڕوانگەی مۆسکۆ سەبارەت بە ڕووداوە جیۆپۆلەتیکییەکان دەگوازرێتەوە. | بایەخێکی زۆر بە "ڕێککەوتنی دانەوێڵە" و ئاسایشی خۆراک دەدرێت. بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. |



## پێشنیارەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەریی دیپلۆماسیی گشتیی ڕووسیا

شایانی باسە کە ستراتیژی ڕووسیا بۆ پێشخستنی دیپلۆماسیی دیجیتاڵی پێویستە نەک تەنها هەنگاوی ورد بۆ کارکردن لەگەڵ هاوڵاتییانی عەرەبیزمان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتەرنێت هەڵبگرێت، بەڵکوو ئەلگۆریتمەکانی بەرپەرچدانە و ڕێگریکردن لە تێکدانی زانیاری (ترۆڵینگ، دروستکردنی لاپەڕەی ساختە و هەڵمەتی زانیاریی نادروست) بەکار بهێنێت. جێبەجێکردنی ئەم جۆرە ئەلگۆریتمانە لە پاڵ هەنگاوەکانی دیکەدا، پێویستە سەرچاوەی زانیاری و هەواڵی بەهێزی فەرمی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە ژێر چاودێریی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، بە ناوەرۆکێکی کواڵتیی بەرز و ڕووماڵکردنی خێرای ڕووداوە گەورەکانی ناوچەکە لەخۆ بگرێت.

بەشی زمانی عەرەبیی ماڵپەرە فەرمییەکان کە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و ڕووداوە دیپلۆماسییەکان دەگوازنەوە، نەک تەنها وەک سەرچاوەی زانیاری و هەواڵ سوودیان لێ وەربگیرێت، بەڵکوو وەک سەکۆیەک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی دیپلۆماسیی گشتی بەکار بهێنرێن. بۆ نموونە، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی پرۆگرامی هەناردەی خوێندنی ڕووبەڕوو

(ناوپۆل) و خوێندنی ئۆنلاین، هاوکاریی کولتووری، گەشتیاری، هەروەها بە ئامانجی پەرەپێدانی پرۆژەی هاوبەش لە نێوان نوێنەرانی بزنسە گەورەکان. پرۆگرامەکانی هەناردەی پەروەردە و خوێندن شایانی بایەخپێدان و پشتیوانیی تایبەتن لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیاوە، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانی وڵاتانی جیاوازی ناوچەکە لە زانکۆ پێشەنگەکانی سۆڤیەت و ڕووسیا بڕوانامەیان وەرگرتووە. خوێندنی باڵای ڕووسیا، خوێندکارانی میسر، سووریا، لوبنان، یەمەن، تونس و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت و تێبینی دەکرێت کە ئەمەش خولیایەکی زۆر بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی لە سەرانسەری جیهان دروست دەکات. جگە لەوەش، هەناردەکردنی سەرکەوتووانەی خوێندن و پەروەردەی سۆڤیەت و ڕووسیا بووە هۆی دروستکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵێک پسپۆڕ لە پسپۆڕیی جیاواز.

ئەم پسپۆڕانە زمانی عەرەبی و ڕووسی دەزانن و لە کایە جیاوازەکانی زانست و ڕۆشنبیری و پەروەردەدا کار دەکەن. بەشدارپێکردنی ئەم پسپۆڕانە لە پرۆژە و بۆنە جیاوازەکاندا و لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی دیپلۆماسیی گشتی و دیجیتاڵیدا گرنگە، بەو پێیەی توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ کارکردنی کاریگەرانە لەگەڵ گرووپە بەئامانجگیراوەکان لە ناوچەکەدا. چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە سەرەوە باس کران و جێبەجێکردنی سەرچاوەکانی ئێستای دیپلۆماسیی دیجیتاڵی کۆمەکی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا دەکات، بە گشتی و بە شێوەیەکی کاریگەرتر لەگەڵ ئامانجەکان لە جیهانی عەرەبی کار بکات.

ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ پێکهاتنی دیپلۆماسیی دیجیتاڵی کاریگەرانەی ڕووسیا لە ئاستێکی بەرزی تەکنەلۆژیدا و بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی دەروونی و ڕەفتاریی هاوڵاتییانی عەرەبیزمان. کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە فیکرییە دەوڵەمەندەکانی ڕووسیا، دەتوانێت بەشدارییەکی بەرچاو لە دورستکردنی زانیاری بە ناوەرۆکی نوێوە و وەکوو بەدیل (بۆ نموونە ئەو زانیاریانەی لە لایەن ئەمەریکاوە بڵاو دەکرێنەوە) بکات.

# پەراوێزەکان

*1. Доклад РСМД «10 шагов на пути к эффективной публичной дипломатии России»//Российский совет по международным делам. — Режим доступа: https://russiancouncil.ru/news/prezentatsiya-doklada-10-shagov-na-puti-k-eff ektivnoy-publichnoy-diplomatii-rossii/(дата обращения: 07.05.2023)*

٢. ڕووسیا لە ڕووی کارگێڕییەوە، لە شار، کۆمار، ناوچەی فیدراڵی، ئۆکروگی ئۆتۆنۆمی و... هتد؛ پێک دێت و هەموویان بەیەکەوە پێیان دەگوترێت سوبێکت. (وەرگێڕ)

*3. Концепция внешней политики Российской Федерации (утверждена Президентом Российской Федерации В. В. Путиным 31 марта 2023 г.). Министерство иностранных дел Российской Федерации. М.: МИД России. URL: https://www.mid.ru/ru/detail-material-page/1860586/(дата обращения: 01.05.2023)*

*4. Иванов С. Е. Еще раз к вопросу о целях и принципах политики России на Ближнем Востоке и в Северной Африке//Вестник Дипломатической Академии. № 1 (3), 2015, с. 16–21.*

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

## چۆن بوو بە مەیدانی ململانێی پۆتین لەگەڵ ئەمەریکا

**ئانا بۆرشچێڤسکایا**

هـاوکاری بـاڵا لـە پرۆگرامـی دامـەزراوەی دیـان و گیلـۆرد گلازەری بـۆ کێبڕکێـی زلهێـزان و ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت سـەر بـە ئینسـتیتیوتی واشـنتن.  ئـەم وتـارە لـە بنەڕەتـدا لـە وێبسـایتی ئەلمەجەلـە و ئینسـتیتیوتی واشـنتن بـڵاو کراوەتـەوە.

**وەرگێڕان: سامان سەڵاح**

**سەرچاوە:**

Anna Borshchevskaya (9/3/2024), "How the Middle East Became an Arena for Putin's Power Struggle with the US", https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/how-middle-east-became-arena-putins-power-struggle-us.

ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە لە ئاڵۆزبوون و داهاتووی پێگەی ئەمەریکاش لە ناوچەکەدا لە پێشەنگی مشتومڕەکانی سیاسەتی دەرەوەدا دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو مشتومڕانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی ڕووسیا لە ناوچەکەدا -بە تایبەتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مۆسکۆ چۆن پەیوەندییە بەرگریکارییەکانی بەکار دەهێنێت بۆ بە زیندوویی هێشتنەوەی ململانێیەکی درێژخایەن لەگەڵ ئەمەریکادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- ناتەواو دەبن.

لە پاشخانی پەرەسەندنی ململانێی ئێران و بریکارەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلدا، پرسی کێبڕکێی درێژخایەنی نێوان زلهێزەکان ئامادەگی بەردەوامیان هەیە. لەم نێوەندەدا ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆکی ڕووسیا باوەڕی وایە کە خەریکی شەڕی مانونەمانە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و بڕواشی وایە کە دەتوانێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شێوە بەو کێبڕکێیەی بدات و ئاڕاستەی بکات.

بەر لەوەی کە ڕووسیا دەست بە لەشکرکێشییە فراوانەکەی بکات بۆ سەر ئۆکراین لە ٢٠٢٢، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا بووبوون بە دووەم گەورەترین بازاڕی چەک و چۆڵی ڕووسی. ڕووسیاش بوو بە یەکێک لە گەورەترین وڵاتانی هەناردەکەری چەک لە جیهاندا و لەو بوارەدا تەنها ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە پێشەوە بوو.

بەڵام لەگەڵ سەرقاڵبوونی ڕووسیا بە ئۆکراینەوە، داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوە دەبێت چاودێریی بارودۆخی بازرگانیی چەکی ڕووسی و ئەو کاریگەرییانە بکەن کە پەیوەندییە بەرگریکارییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیانە لە سەر بەهێزکردنی هەژموون و بەرژەوەنییە ستراتیژییە گەورەترەکانی. ئامادەگیی بەرگریکاریانەی ڕووسیاش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەر سێ پایە وەستاوە: فرۆشتنی چەک (هاوکات لەگەڵ ڕاهێنانی سەربازیی هاوبەش)، دەستگەیشتن بە بنکە سەربازییەکان و بەکارهێنانی هێزە شێوەسەربازییەکان، لە سەروو هەموویانەوە گرووپی واگنەر کە ئەم دوایییە ناوی لەشکری ئەفەریقای (Africa Corps) لێ نرا.

## مامەڵەی چەک لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

زانیارییە بەردەستەکانی پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتیی نێودەوڵەتیی ستۆکهۆڵم (SIPRI) ئەوە دەردەخەن کە پشکی ڕووسیا لە هەناردەی جیهانیی چەک تەنانەت پێش دەستپێکی جەنگی ئۆکراینیش کەمی کردووە. هۆی سەرەکیی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیندستان گەورەترین هاوردەکەری چەکی ڕووسی، ئاستی هاوردەی لەو چەکانە کەم کردەوە (ئەگەرچی لە بەرامبەردا هیندستان تا ڕادەیەکی زۆر ئاستی هاوردەکردنی نەوتی ڕووسیی بەرز کردەوە).

ڕووسیا بەردەوام بووە لە سەر گرنگیدان بە فرۆشتنی چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەم ڕووەوە کێبڕکێ لەگەڵ فرۆشیارە باڵادەستە ڕۆژئاواییەکانی دەکات لە ناوچەکەدا. شوباتی ٢٠٢٢، ڕاژەکاری فیدراڵیی ڕووسیا بۆ هاوکاریی سەربازی-تەکنیکی، ڕایگەیاند کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا داهاتی هەناردەی چەکی ڕووسی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتووە بە شەش ملیار دۆلار بۆ هەر ساڵێک، کە ئەمەش دەکاتە (٪٤٠-٥٠)ی کۆی داهاتی هەناردەی چەکی ڕووسی. هەروەها ڕووسیا بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٢١دا بوو بە گەورەترین هەناردەکەری چەک بۆ جەزائیر و هەندێک لە پێشکەوتووترین سیستمەکانی، وەک فڕۆکەی جەنگی، لە ناویاندا «سیخۆی ٥٧»ی فرۆشت بەو وڵاتە.

ئەو ڕاپۆرتانەی کە پشتیان بە ئەفسەرانی ئەمەریکی بەستووە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پاش لەشکرکێشی بۆ سەر ئۆکراین، هەناردەی چەکی ڕووسی، بە هۆی گەمارۆکان، بەندوبارەکانی هەناردەکردن، ڕێگریکردن لە ڕووسیا لە بەکارهێنانی سیستمی پارەدانی سویفت و چڕکردنەوەی سەرنجی ڕووسیا بۆ پاڵپشتیی هێزەکانی خۆی لە ئۆکراین، ڕووی لە کەمی کردووە. لە ڕاستیدا، لە سەرەتای هێرشی ڕووسیاوە بۆ سەر ئۆکراین، هەندێک لە بەرپرسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە شێوەیەکی تایبەت، نیگەرانیی ئەوەیان دەربڕیبوو کە لەوانەیە ڕووسیا بە هۆی تێوەگلانیەوە لەو جەنگەدا نەتوانێت ئەو مامەڵانە بەرێتە سەر کە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا لە سەری ڕێک کەوتبوون. دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵیش بەسەر جەنگدا، ئەو شکستە کەمەرشکێنانەی کە سوپای ڕووسیا لە سەر دەستی ئۆکراینییەکان تووشی بوو، ئەو گومانانەی پشتڕاست کردەوە و وای لە پیشەسازیی چەکی

ڕووسیا کرد کە تەواوی سەرنجەکانی بخاتە سەر بەردەوامیدان و بنایتنانەوەی هێزەکانی خۆی لە ئۆکراین.

لەگەڵ بەردەوامبوونی جەنگیشدا، ئەو پرسیارە هاتە پێشەوە کە تا چەند نواندنی لاوازی ڕووسیا لە جەنگەکەدا کاریگەریی نەرێنیی لە سەر خواستی چەکی ڕووسی دروست دەکات. لە ڕاستیدا ئەو نواندنە لاوازەش بە ئاسانی بۆ ڕووسیا نەچووەتە سەر، ئەگەرچی ئەو کاریگەرییەی دروست نەکرد کە ساڵی ١٩٩١ شکتی ئەو هێزە عێراقییانە دروستی کرد کە لە لایەن سۆڤیەتەوە پڕچەک کرابوون و ڕاهێنرابوون و لە لایەن ئەو هاوپەیمانێتییەوە کە ئەمەریکا سەرپەرشتیی دەکرد؛ تێک شکێنران.


بەشێکی ئەم ڕاستییەش بۆ جۆری ئەو چەکانە دەگەڕێتەوە کە ڕووسیا هەناردەیان دەکات، لە سەرەکیترینیان فڕۆکەی جەنگی، مەکینەی فڕۆکەی جەنگی و مووشەکی دوورهاوێژ. ئەو چەکانەش کە نواندنی لاوازیان هەبووە لە ئۆکراین، وەک تانک و ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی جەنگی «AFV»، بەشێکی سەرەکی نین لە هەناردەی چەک. سەرەڕای ئەمەش، سیستمی بەرگریی ئاسمانی هیچ نواندێکی لاواز و شکستخواردووانەی نەبووە. بۆیە داخوازی لە سەر فڕۆکەی جەنگی، مووشەک و سیستمی بەرگریی ڕووسی؛ بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەردەوام دەبێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە لایەن ئێرانەوە دژی وێستگەکانی نەوتی سعودی لە بوقەیق لە ساڵی ٢٠١٩دا و بەکارهێنانی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە و مووشەکی بالیستی لە لایەن حوسییەکانەوە، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ هێشتنەوەی ویست لە سەر سیستمی بەرگریی ڕووسی لە وڵاتانی وەکوو سعودیە و ئیماراتدا.

لە ڕاستیدا لەم چەند مانگانەی دواییدا هەندێک لە کاربەدەستە هەرێمییەکان بە شێوەیەکی نهێنی تێبینیی ئەوەیان کردووە کە گەمارۆی ڕۆژئاوا بۆ سەر چەکی ڕووسی، ئەو ڕاستییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە خواست لە سەر ئەو چەکانە هێشتا بەردەوامە. مایسی ٢٠٢٣، هەندێک لەو کۆمپانیایانەی دروستکردنی چەکی ڕووسی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سوپای ڕووسیاوە هەیە، لە ناویشیاندا ئەو کۆمپانیایانەی کە هێلیکۆپتەرە دروستکراوەکانیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەشدارن لە جەنگی ئۆکراین

و لە لایەن ڕۆژئاواوە گەمارۆیان لە سەر دانراوە، هێنرانە سعودیە بۆ بەشداریکردن لە پێشانگایەکی بازرگانیدا. لە کۆتایی ساڵەکەشدا خودی پۆتین سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد و لەوێ ئاماژەی بەوە کرد کە ئیمارات گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ڕووسیایە لە جیهانی عەرەبیدا. بە پێی زانیارییە بەردەستەکانیش، لە گفتوگۆکانیاندا باسیان لە مامەڵەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو کردووە. جەزائیریش لە لای خۆیەوە، لە کۆتایی ٢٠٢٣دا کۆبوونەوەی سەربازیی لەگەڵ ڕووسیادا ئەنجام دا.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەوە هەیە کە دۆخەکە بە نیسبەت کۆمپانیای ڕۆسۆبۆرۆنئیکسپۆرت، کۆمپانیای نیشتمانیی دروستکردنی چەک لە ڕووسیا، زۆر باش نییە. تەنانەت ڕووسیا بۆ خستنەوە سەر پێی گەنجینە سەربازییەکەی کە بە هۆی شەڕی ئۆکراینەوە زیانی بەر کەوتووە، هەوڵی داوە بەشێک لەو سیستمە بەرگریانە بگەڕێنێتەوە کە پێشتر بە هەندێک وڵاتی دابوو. یەکێک لەو وڵاتانەش وڵاتی میسرە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. نۆڤەمبەری ٢٠٢٣، ڕۆژنامەی زە واڵ ستریت جۆرناڵ ئاماژەی بەوە کردووە کە عەبدولفەتاح سیسی ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ڕەوانەکردنەوەی نزیکەی ١٥٠ مەکینەی فڕۆکە. ڕاپۆرتەکەی سەرەوە دوای چەند ڕاپۆرتێکی تر هات لە مانگی نیساندا لە بارەی ڕەزامەندیی میسرەوە بۆ ناردنی چل هەزار مووشەک بۆ ڕووسیا، کە دواتر بە هۆی فشارەکانی ئەمەریکاوە ڕێککەوتنەکە هەڵوەشایەوە.

ئەم وێنە گشتییە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەگەرچی هەناردەی چەکی ڕووسی لەوایەنە لە دوورمەودادا سنووردار بووبێت، بەڵام ڕووسیا بە ئاگاییەوە چاوی لە سەر ناوچەکە دەهێڵێتەوە، کە وەک مەیدانێکی گرنگ دەیبینێت بۆ هاوسەنگیی ئەو هێزە گەورانەی کە پەلیان بۆ هاویشتووە. فرۆشتنی چەکیش لە نووکی ڕمی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای داوە و بە ئەگەری زۆرەوە بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە.




## پەیوەندیی نزیکی سەربازی لەگەڵ ئێران

هێرشی سەر ئۆکراین هاوکاریی ستراتیژیی لە زۆر بواردا لە نێوان ڕووسیا و ئێران خێراتر کرد، لە ناویشیاندا لە بازنە سەربازییەکەدا. ئەم ڕەوشەش وا دیارە بەردەوام دەبێت.

دوابەدوای هێرشی سەر ئۆکراین، چەندین ڕاپۆرت لە بارەی هاوبەشیی فراوانی تەکنەلۆژیای بەرز و سەربازییەوە لە نێوان ئێران و ڕووسیادا دەرچوون، کە بوو بە هۆی ئەوەی کاربەدەستانی ئەمەریکا بە ئاشکرا نیگەرانیی خۆیان دەربڕن. ئەفسەری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا؛ جۆن کێربی، لە کۆتاییەکانی ٢٠٢٢دا ڕایگەیاند: «ڕووسیا تا ئاستێکی بێ پێشینەی وا هاوکاریی تەکنەلۆژی و سەربازیی خستووەتە بەردەستی ئێران کە پەیوەندیی ئەو وڵاتە بخاتە قۆناغێکی ترەوە.»

پێشکەشکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری شەهید لە لایەن ئێرانەوە بە ڕووسیا، سەرنجی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشا، ڕاستیشت بوێ ئەوە شتێکی گرنگ بوو، چونکە هیچ وڵاتێکی تر جگە لە ئێران بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە هاوکاریی ڕووسیای نەکردووە ئۆکراینییەکان بکوژێت. بەڵام ئەوەشی کە ڕووسیا پێشکەشی ئێرانی دەکات، لانی کەم، بە هەمان ئاست جێگای سەرنجە. کۆتایی ٢٠٢٣، وەزیری بەرگریی ئێران بە ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ڕاگەیاندبوو کە ئێران چەند ڕێککەوتننامەیەکی بەکۆتا گەیاندووە بۆ

هاوردەکردنی هێلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگیی «سیخۆی سو-٣٥»ی ڕووسی.

هێشتا ڕووسیا ئەوەی پشتڕاست نەکردووەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕوون بووەتەوە ئەوەیە کە ڕووسیا چەند فڕۆکەیەکی ڕاهێنانی ڕەوانەی ئێران کردووە، ئەمەش وا دەکات کە فڕۆکەوانە ئێرانییەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ بازی گەورەتری «سیخۆی سو-٣٥». ئەگەر ئەم مامەڵەیەش سەر بگرێت، ئەوا توانای هێرشی ئاسمانیی ئێرانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات و دەیکات بە جێگرەوەی ئەو گەنجینە کۆنەی فڕۆکە ئەمەریکییانەی کە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو شای ئێران لە ئەمەریکای کڕی بەر لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران.

ئێران هێشتا سەرچاوەی سەرەکیی هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتانی کەنداو. پێدانی «سیخۆی سو-٣٥» بە ئێران، باڵانسی هێزی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی ئێران دەگۆڕێت و ئەمەش وڵاتانی کەنداو ناچار دەکات کە پلانەکانی ئاسایشی نیشتمانییان دەستکاری بکەن. بەڵام ئەگەر ئەو مامەڵەیەش سەر نەگرێت، ئاڕاستەی هاوکاریی ستراتیژی لە گەشەکردندایە، لەوانە ڕاهێنانی سەربازیی دوولایەنەی نێوان ئێران و ڕووسیا و چەند لایەنەی نێوان ئێران، ڕووسیا و چین کە پێنج ساڵێک دەبێت دەستی پێ کردووە.

کۆتاییەکانی ٢٠١٩ کاتێک ئێران، ڕووسیا و چین یەکەمین ڕاهێنانی سەربازیی سێقۆڵییان ئەنجام دا، ئەدمیراڵ غولامڕەزا تەهانی؛ جێگری سەرۆکی هێزی دەریایی ئێران، بە کەناڵی پرێس تی ڤیی دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاند کە ئەو ڕاهێنانە سەربازییانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە پەیوەندیی نێوان ئەو سێ وڵاتە گەیشتوونەتە ئاستێکی مانادار و ئەمەش یەکەمین جارە کە ئێران بەو ئاستە مانۆڕی سەربازیی هاوبەش لەگەڵ دوو زلهێزی دەریاییدا ئەنجام بدات.

کاری پێکەوەیی نێوان ئەو لایەنانە تا ئێستاش بەردەوامە. کۆتاییەکانی ٢٠٢٣ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا؛ سێرگی لاڤرۆڤ ڕایگەیاند کە بەرەوپێشچوونی هاوکارییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا گەیشتووە بە «هاوکاریی ستراتیژیی گشتگیر». لە سەرەتای ساڵەوە ئاژانسی هەواڵی دەوڵەتی ڕووسیا (TASS) ڕایگەیاند کە بەڵگەنامە و نووسراوەکان لە کۆتاییدان و کە تیایدا ڕێزگرتنی دوولایەنە بۆ سەروەریی هەردوو وڵات جەختی لێ کراوەتەوە.

لەگەڵ زیادبوون و بەهێزبوونی پەیوەندییە دیپلۆماسی و سەربازییەکانیشدا، سەرەڕای

ئەو گێڕانەوە میدیاییانەی کە لەگەڵ خۆیان هێناویانە، چوونەناوەوەی ئێران وەک تازەترین ئەندامی بریکس (BRICS) جێگای سەرسوڕمان نییە. تا ئێستا ئیمارات چووەتە ناو گرووپەکەوە، سعودیەش بانگهێشت کراوە، ئەگەرچی تا ئێستا بە فەرمی نەبووەتە ئەندامی گرووپەکە. لەگەڵ گرتنەدەستی سەرۆکایەتیی گرووپەکەشەوە لە مانگی جەنیوەریی ئەمساڵدا، جێگای بایەخی چاودێریکردنە کە ئایا ڕووسیا لە ڕێگای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی بەرگرییەوە هەوڵ دەدات دڵی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا ڕابکێشێت.

## فراوانکردنی ئامادەیی سەربازی و واگنەر

ئامانجی گەورەی ستراتیژی ڕۆژئاوا ئەوەیە کە ڕووسیا لە دووریی دەریای ناوەڕاست بهێڵێتەوە. ئەو پێگەیە هەلی ئەوە دەخاتە بەردەستی ڕووسیا کە فشاری دیپلۆماسی و ئابووری لە سەر یەکێتیی ئەورووپا دروست بکات و لە باشووری ناتۆشەوە هێزی سەربازیی خۆی بخاتە ڕوو.

گەرچی کەشتیگەلی ڕووسی لە دەریای ڕەشدا گورزی گورچکبڕی بەر کەوت، هێشتا هێزی دەریایی ڕووسی تا ڕادەیەکی باش بە کارایی ماوەتەوە و دەتوانێت بە مووشەکی کالیبەری هێرشبەری زەمینی ئامانجەکانی ناتۆ بە درێژایی دەریای ناوەڕاست بپێکن. ئەگەر ڕووسیا بتوانێت پێگەی خۆی لە دەریای ناوەڕاستدا بەهێزتر بکات، ئەوا کاریگەریی لە سەر بەهێزبوونی لە شەڕی ئۆکرایینیش دەبێت، بەڵام ئەگەر ڕۆژئاواش بەردەوام بێت لە سەر هاوکارییەکانی بۆ ئۆکراین، ئەوا ڕووسیا چاوی لە هەلێکی باشترە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا، بەو پێیەی مۆسکۆ هەست بە گرنگیی ناوچەکە دەکات و بەردەوام دەبێت لە کێبڕکێ لە سەر هەژموونی خۆی تێیدا.

ڕووسیا سەرەڕای ئەوەی واز لە بنکە هەمیشەییەکانی لە سووریا، لە سەروو هەموویانەوە بنکەی تەرتووس و بنکەی حومەیمیم ناهێنێت، بەڵکوو بەردەوام چاوی لەوەیە کە دەستی بگات بە بنکەیەکی دەریایی لە لیبیا کە ئەمەش لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا یەکێک بووە لە ئامانجە گرنگەکانی ڕووسیا لە چوارچێوەی چالاکییەکانیدا

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ڕاپۆرتەکانی کۆتایی ٢٠٢٣ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕووسیا خەریکی دەستەبەرکردنی مافی لەنگەنگرتنە لە یەکێک لە بەندەرەکانی ڕۆژهەڵاتی لیبیا، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە تەبرق (Tobruk)، ئەمەش دوای ئەوەی لە ٢٨ی سێپتەمبەردا پۆتین چاوی کەوت بە خەلیفە حەفتەر؛ فەرماندەی سەربازیی ڕۆژهەڵاتی لیبیا.




ئەگەرچی وا دەرناکەوێت کە ئەم پلانانە گەیشتبنە یەکلاکردنەوەی کۆتایی، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ڕووسیا خەریکی فراوانکردنی هەژموونی سەربازیی خۆیەتی لە لیبیا. تەبرق بەندەرێکی قووڵی ئاوییە کە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی گەورەی دەبێت لە سەر بەهێزکردنی توانا لۆجستییەکانی ڕووسیا، بە تایبەتی لە بەرامبەر بەندەری تەرتووسدا کە ئاوەکەی ئەوەندە قووڵ نییە. لە لایەکی ترەوە ڕووسیا بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەندەرێکی دەریایی لە سوودان لە سەر دەریای سوور، بەو هیوایەی بتوانێت بە بەردەوامی دەستی بگات بە کەنداوی سوێس، زەریای هیندی و نیوەدوورگەی عەرەبی.

بەشێکی زۆر لەو هەوڵانەی کە ڕووسیا داویەتی بۆ فراوانکردنی هەژموونی سەربازیی

خۆی، بە سەرپەرشتیی یان بە هاوکاریی کۆمپانییە سەربازییە بە ناو ناحکومییەکانی وەک واگنەر بووە. ئەم گرووپە لە ڕاستیدا ئامرازێکی بەکەڵکی دەستی کرملین بووە. ئەو گرووپەی کە دوای هەوڵی ناکامی هاوپەیمانەکەی پۆتین، یەڤگینی پریگۆژین بۆ کودەتا و دواتر مردنی لە تێکشانی فڕۆکەکەیدا لە مانگی ئابدا، ناوەکەی گۆڕا. دواتر وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا بەشێکی زۆر لەو ڕێککەوتنە ئەمنی، نەوتی، دەرهێنانی ئاڵتوون و مەلەفی پەیوەندییانەی خستە ژێر دەستی خۆیەوە کە گرووپەکە سەرپەرشتیی دەکرد و لەگەڵ سەرکردەکانی ئەفەریقادا هەیبوو. واگنەر لە ئەفەریقا ماوەیەک لەمەوبەر ناوەکەی گۆڕا بە تیپەکانی ئەفەریقا (Africa Corps). کرۆکی باسەکە ئەوەیە کە کرملین پێویستی بە هێزێکی شێوە سەربازی هەیە بۆ ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی، ئیتر بە ناوی واگنەرەوە بێت یان هەر ناوێکی تر.

**ڕوانینێکی دووربینانە لە بارەی ڕووسیاوە**

هەندێک پێیان وایە پاشەکشەی بازرگانیی چەکی ڕووسی و ئەو سزایانەی کە بەسەر کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەکی ڕووسیدا سەپێنراون، ئەگەر بەردەوام بن؛ وا دیارە سەر دەکێشن بۆ پاشەکشەی توانا سەربازییەکانی ڕووسیا و دۆڕانی لە شەڕی ئۆکراین، بەمەش پێوست بە دڵەڕاوکێ ناکات لەمەڕ هەژموونی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە کورتبینانە و فریودەرانەیە.

ڕووسیا بەردەوام دەبێت لە کێبڕکێ لە سەر هەژموونی خۆی لە ناوچەکەدا لە ڕێی هەوڵدان بە گەیشتن بە بەندەرە دەریاییە ستراتیژییەکان و بەکارهێنانی گرووپە شێوە سەربازی و بریکارەکانیەوە، ئەمەش ئەوانەیە کە ڕووسیا دەتوانێت دەرەقەتیان بێت لە ئەنجامی نەبوونی فشاری ڕۆژئاوادا بۆ ڕێگریکردن لەم چالاکییانە.

لە ناوخۆی ڕووسیادا جەنگی ئۆکراین تەنها وەکوو بابەتی سەرەکیی سەربازی و سیاسەتی دەرەوە تەماشا ناکرێت، بەڵکوو بابەتێکی سەرەکیی گەشەکردنی ئابوورییشە. بودجەی ٢٠٢٤ی ڕووسیا ئەوە پیشان دەدات کە پاش چەندین دەیە بۆ یەکەم جار خەرجییە سەربازی و بەرگرییەکان زیاترن لە خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان.

لە ڕاستیدا جەنگ بووەتە هۆی بەسەربازکردنی کۆمەڵگەی ڕووسی. دوای دەستپێکی



شەڕی ئۆکراین، لە کاتی پێویستیدا، بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارەی کە بە هۆی زۆربوونی ژمارەی ئەفسەرانی پێشووی جەنگەوە دروست بووە، بەشێکیانی لە دەرەوە خستە سەر کار، بە تایبەت لە ڕێگەی گرووپە شێوە سەربازییەکانی وەکوو واگنەرەوە. ئەم کارەش دوای دەستبەسەراگرتنی گرووپەکە لە لایەن وەزیری بەرگرییەوە زۆر ئاسانتر بووە.

لێرەوەش کاتێک باس دێتە سەر پەیوەندییە بەرگریکارییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە سەر داڕێژەرانی سیاسەت لە ڕۆژئاوا پێویستە بە چاوێکی دووربینانەوە تەماشا بکەن کە هەم ئامانجە ستراتیژییەکانی پۆتین و هەم دەرهاویشتەکانی جەنگی ئۆکراینیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەنجامەکانی، بەهەند وەربگرێت.

لە هەمووی گرنگتر، ئەگەر وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوودڵی بنوێنێت و هاوکارییەکانی بۆ ئۆکراین دوا بخات، ڕووسیا بە زوویی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی خۆی قورستر دەکات. ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا لاوازتر دەبێت و نەیارەکانیشی چاوقایمتر دەبن.

# بەڕێوەبردنی تەنگژەکان

## ڕووسیا لە نێوان گەمارۆکانی ڕۆژئاوا و ئاڵنگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئامادەکردن و وەرگێڕان: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد

ئەم خوێندنەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت تیشك خستنە سەرئەوهۆکارانەی کە لە سزا ئابوورییە سەپێنراوەکاندا دەرکەوتوون و کاریگەرییان لە سەر ئەم ستراتیژە جێهێشتووە، لێرەدا باس لە گۆڕانکارییە ئابووریی و سیاسییەکانی ڕووسیا دەکەین، کە چۆن ئامانجەکانی لە ژێر ڕۆشنایی ئەم گۆڕانکارییانەدا دادەڕێژرێت، هەمان کات پێداچوونەوەیەك بە پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و وڵاتە گەورەکانی ناوچەکە دەکات.

دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕووسیا خۆی لە بەردەم دارشتنی سیاسەتێکی نوێی دەرەکیدا بینییەوە، ئەویش لە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتیدا کە ئەمەریکا تێایدا باڵادەست بوو، بەم پێیە ڕووسیا ناچاربوو خۆی لەگەڵ و اقیعێکی نوێدا بگونجێنێت کە بە هەژموونی ئەمەریکا و فشارە ئابوورییە ناوخۆییەکانی ڕسکابوو. هەربۆیە ئاڕاستە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لەم سەردەمەدا لە سەر ئەم خاڵانە کۆ ببووەوە:

## قۆناغی یەکەم: ئاڕاستەی یۆرۆئەتڵەسی

ڕووسیا سەرنجی لە سەر نزیکبوونەوە بوو لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لەگەڵ گرووپی ناتۆ، چونکە ئەم دیدگایە باشترین ئامراز بوو بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی ئابووریی درێژخایەن، هەر بۆیە دانی بەوەدا نا کە بووەتە زلهێزێکی نێودەوڵەتی و لەم چوارچێوەیەشدا سیاسەتێکی نائایدیۆلۆژیی گرتە بەر کە لەگەڵ واقیعی نێودەوڵەتیی نوێدا یەک دەگرێتەوە. ڕووسیا خۆی لە پەرەسەندن لەگەڵ ئەمەریکا بەدوور گرت و سەرنجی خستە سەر هاوکاریی سەربازی و چەکداماڵینی یەکلایەنە، ئەم سەردەمە شایەتی هاوکاری لە بوارەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بوو وەک سەپاندنی سزا بەسەر یوگۆسلاڤیا.


## قۆناغی دووەم: سیمای ئۆراسیایی

ڕووسیا سیمای ئۆراسیای خۆی و دیدگای نوێی بۆ خۆی وەک وڵاتێکی ئۆراسیایی دووپات کردەوە، ئەمەش وای کرد سیاسەتی خۆی بەرەو ئەم جیهانە ئاڕاستە بکات. ڕووسیا کاری کردووە بۆ بەرزکردنەوەی یەکگرتن لەگەڵ وڵاتانی نزیک لە دەرەوە و وڵاتانی ئۆراسیا، وەک: ئێران، تورکیا، چین، هیندستان و ئۆکراین، هەر بۆیە ڕووسیا بڕیاری دا بە شێوەیەکی تاکلایەنە ڕێککەوتننامەی سەربازی و چەك لە ئەورووپا ببەستێت، هاوکات جەختی لە سەر پێویستیی کاراکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کۆمۆنوێڵس و ڕێکخستنی سیاسەتێکی دۆستانە لەگەڵ ڕووسیادا دەکردەوە، پاشان لە ڕێگەی کاریگەری لە سەر کەرتی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی خاکەکەیەوە دەستی بە گوشارخستنە سەر وڵاتانی کۆمۆنوێڵس کرد. ئەم گۆڕانکارییە ستراتیژییانە چوارچێوەیەکی گرنگیان بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ڕووسیا لە قۆناغی دوای جەنگی سارددا پێک هێنا، بەو پێیەی یەکگرتن و فرەچەشنییەکەی لە کارلێککردن لەگەڵ دەوروبەری ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا دەرکەوت.

لەگەڵ ئەوەدا، سزا ئابوورییەکان چەکێکی کاریگەرن لە ململانێی مەزنەوڵاتاندا، ئەویش وەک پەرچەکردارێک لە بەرامبەر پێشێلکاریی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکاندا، یاخود فشار خستنەسەر ئەو حکومەتانەی کە سزاکانیان کردووەتە ئامانج بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییە ئابوورییەکانیان، لە نموونەی: (وەستاندنی پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکانیان،

یان دانانی سنوورێک بۆ پێشێلکارییەکان مافی مرۆڤ...، وێڕای ئەوە چەندین جۆری سزای ئابووری هەیە، لەوانە: سەپاندنی قەدەغەکردنی تەواوەتیی پەیوەندییە بازرگانییە دوولایەنەکان یان ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەندێک کاڵا، یان قەدەغەکردنی کڕینی چەک و یاساغکردنی فڕین، یاخود بلۆککردنی سەروەت و سامانی دارایی و کەمکردنەوەی یارمەتییە دەرەکییەکان... هتد). بەڵام سەرەڕای زیادبوون و فراوانبوونی شێوە و قەبارەی گەمارۆدانەکان، زۆرێک لەو وڵاتانەی کراونەتە ئامانج توانیویانە ڕێژەی گەشەسەندنێکی ئەرێنی بەدەست بهێنن، ئەمەش مشتومڕی لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی دروست کردووە. شیکارییە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە تا چەند گەمارۆی ئابووری و ناکۆکیی بازرگانی و تەکنەلۆژی کاریگەرن لە دروستکردنی ئاڵنگارییە ئابووری و سیاسییەکان، بە تایبەت بۆ هێزێکی جەمسەری و ئاڵۆزی وەک ڕووسیا، بەو پێیەی توانییان ڕووبەڕووی بارودۆخی ئابووریی سەخت ببنەوە و ئەو بارە ناهەموارە بۆ گۆڕانێکی هەستپێکراو لە گەشە و بەرەوپێشچوون چنگ بخەن.

وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دوای سەرهەڵدانی شەڕی ئۆکراین، سزای پەرەسەندنیان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە و کەرتە گرنگەکانی دارایی و بانکی، بازرگانی، وزە، گواستنەوە، تەکنەلۆژیا و بەرگرییان کردووەتە ئامانج، هەروەها توانای دەستڕاگەیشتن بە یەدەگی دراو و دۆلار شێوێنرا و سامانی زۆرێک لە بازرگانان و دەوڵەمەندانی ڕووسیای بەست، هەروەها ئازادیی بەشێک لە بانک و کۆمپانیاکانی ڕووسی بۆ چوونە ناو بازاڕەکانی سەرمایەی سنووردار کرد، قەدەغەکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ بانکە ناوەندییەکانی ڕووسیا و دەرکردنی هەندێک لە بانکەکانی ڕووسیا لە سیستمی جیهانیی «SWIFT». بەم پێیە ڕووسیا بووەتە ئەو وڵاتەی کە زۆرترین زیانی بەردەم سزاکانی لە جیهاندا هەیە، هەر بۆیە پێشبینی دەکرا شەڕی ئۆکراین و دواتر سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر مۆسکۆدا فشارەکان گەلێک زیاتر بن، بەڵام لە دوای ئەو دابەزینە بەرچاوەی لە ساڵی ٢٠٢٢دا تۆمار کرا، ڕێژەی گەشەی ئابووریی ڕووسیا سەرلەنوێ بەرز بووەتەوە، کە لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دەرکەوتووە.





## خشتەی گەشەسەندنی ئابووری ڕووسیا لە قۆناغی سەپاندنی سزای ئابووریدا

لەم ژمارەیەدا ڕێژەی گەشەی ئابووریی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٢٣دا گەیشتە ٣.١٪، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٢دا بە ڕێژەی ١.٢٪ کەم بووەتەوە، دواتر تا ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ١.٣٪ خاو بووەوە، ئەمەش ڕەنگە بەو مانایە بێت کە ئەو گەشەکردنەی لە ساڵی ٢٠٢٣دا تۆمار کراوە پاڵنەر بووە، جگە لەوەش لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٤دا سندووقی دراوی نێودەوڵەتی چاوەڕوانییەکانی بۆ خێرایی گەشەی ئابووری لە ڕووسیا بۆ زیاتر لە دوو هێندە بەرز کردەوە، واتە لە ١.١٪ لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بۆ ٢.٦٪. بەم پێیە گەشەی ئابووریی ڕووسیا بەم هۆکارانە ڕوون دەکرێتەوە:

١- فرەچەشنیی جێگرەوەکان: ئەو وڵاتانەی دەکەونە بەر سزا ئابوورییەکان، بەدوای ئەڵتەرناتیڤی نوێدا دەگەڕێن، بۆ وێنە ڕووسیا هەوڵی دا بەدوای شوێنی جێگرەوەدا بگەڕێت بۆ هەناردەکردن جیا لە یەکێتیی ئەورووپا. هەناردەی مۆسکۆ بۆ وڵاتانی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٢٣دا بە ڕێژەی ٦٨٪ کەمی کردووە و گەیشتووەتە ٨٤.٩ ملیار دۆلار، هاوردەکردنی بە ڕێژەی ١٢.٣٪ کەمی کردووە و گەیشتووەتە ٧٨.٥ ملیار دۆلار، ئەمە بەراورد بە زیادبوونی هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی ئاسیا (بە تایبەت چین و هیندستان) لە هەمان ساڵدا بە ڕێژەی ٥.٦٪ بۆ ٣٠٦.٦ ملیار دۆلار، هەروەها هاوردەکردن بە ڕێژەی نزیکەی ٢٩.٢٪ بۆ ١٨٧.٥ ملیار دۆلار. ئەمەش وای کرد ڕووسیا بتوانێت زیادەی بازرگانیی خۆی بپارێزێت، کە لە ساڵی ٢٠٢٣دا گەیشتە ١٤٠ ملیار دۆلار. هەناردەکردن نزیکەی ٤٢٥.١ ملیار دۆلار و هاوردە نزیکەی ٢٨٥.١ ملیار دۆلار بووە.

٢- گۆڕانکاری لە نەخشەی بازرگانیی وزەی ڕووسیا: لە بەر ڕۆشنایی هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ پشتبەستن بە دراوە نیشتمانییەکان لە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی تردا، هەمان کات فرۆشتنی بەرهەمە وزەییەکان بە نرخێکی کەمتر لە نرخی جیهانیی خۆیان و داشکاندنی ٣٠٪ لە سەر نەوت و غازی سروشتی بە بەراورد بە بازاڕی جیهانی، لە ئەنجامدا هەناردەی نەوتی ڕووسیا بۆ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە ٣,٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ ٠,٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠٢٣ دابەزیوە، بە بەراورد بە زیادبوونی هەناردەکردنی ڕووسیا بۆ چین و هیندستان لە ١,٦ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و ٠,١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ ٢،٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و ١،٩ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠٢٣دا، وەک لەم ژمارەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:




**خشتەی هەناردەکردنی نەوتی ڕووسیا لە قۆناغی سزادانی ئابووریدا**

لەم بارەیەوە ئەلێکساندەر نۆڤاک جێگری سەرۆکوەزیرانی ڕووسیا، لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ ڕایگەیاند کە پشکی ئەورووپا لە هەناردەکردنی نەوتی خاوی ڕووسیا بۆ نێوان ٤ بۆ ٥٪ دابەزیوە بە بەراورد بە ئاستی ئۆکراین پێش جەنگ کە ٤٠ بۆ ٥٠٪ بووە.

٣- دەربازبوون لە سزاکان: وڵاتانی سزادراو هەمیشە بەدوای ڕێگەیەکی نافەرمیدا بۆ خۆدزینەوە یان دەربازبوون، ئەویش لە ڕێگەی پەنابردن بۆ تۆڕی کۆمپانیا و ناوەندە

ساختەکانی دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان، یاخود دروستکردنی کەناڵ و دامەزراوەی جێگرەوە بۆ مامەڵەی دارایی و ئابوورییەکان، لە نموونەی کردنەوەی هەژماری بانکیی ساختە لە پێناو دەستگەیشتن بە بازارە نێودەوڵەتییەکان. لەم ڕووەوە مۆسکۆ سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی «بەلەمێکی سێبەر» لە تانکەر و کۆمپانیاکانی دڵنیایی دژەڕۆژئاوا بۆ دەربازبوون لە سزاکان.

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڕەپانێک بۆ ململانێی پۆتین لەگەڵ ئەمەریکادا

فرۆشتنی چەک و چالاکی و پەیوەندیی نیمچەسەربازیی ڕووسیا لە سەرانسەری ناوچەکەدا، بناغەی فراوانکردنی کاریگەری و پێشخستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی دژ بە ڕۆژئاوایە، لە کاتێکدا ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوام لە پەرەسەندندان، تەنانەت پێگەی داهاتووی ئەمەریکا وابەستەی ڕۆڵی ئایندەی ڕووسیایە لە ناوچەکەدا، بە تایبەت کە مۆسکۆ پەیوەندییە بەرگرییەکان بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت کێبڕکێی درێژخایەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات.

پێش شەڕی ئۆکراین، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا دووەم پێناو و بازاڕی بایەخداری چەک بوون، لە کاتێکدا ڕووسیا وەک یەکێک لە گەورەترین هەناردەکارانی چەکە لە جیهاندا و لە دوای ئەمەریکا لە پلەی دووەمدایە، بەڵام لە پاش شەڕی ئۆکراین، ڕووسیا لە ڕێگەی پەیوەندییە بەرگرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بەرەوپێش دەبات، ئەویش لە ڕێگەی فرۆشتنی چەک و مەشقی سەربازیی هاوبەش و گەیشتن بە بنکە سەربازییەکان و بەکارهێنانی هێزی نیمچەسەربازی لە نموونەی «گرووپی ڤاگنەر».


ئەو زانیارییانەی کە لە دامەزراوەی نێودەوڵەتیی توێژینەوەی ئاشتیی ستۆکهۆڵم (SIPRI)ەوە دەست کەوتوون، دەریدەخەن کە پشکی ڕووسیا لە هەناردەکردنی چەکی جیهانی پێش لەشکرکێشیی بۆ سەر ئۆکراین دابەزیوە. بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕەوتە ئەوەیە کە هیندستان کە گەورەترین کڕیاری چەکی ڕووسییە، هاوردەکردنی ئەو چەکانەی بە شێوەیەکی بەرچاو کەم کردووەتەوە.

ڕووسیا بەردەوام بووە لە گرنگیدان بە فرۆشتنی چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە

جۆرێک لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢١، دەزگای فیدراڵیی ڕووسیا بۆ هاوکاریی سەربازی-تەکنیکی، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە داوە هەناردەی سەربازی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا نزیکەی «شەش» ملیار دۆلار بووە، واتە لە نێوان ٤٠ بۆ ٥٠ ٪ی کۆی هەناردەکردنی سەربازی، هەمان کات ڕووسیا کاراترین دابینکەری چەک بوو لە جەزائیر تا ساڵی ٢٠٢١، بە تایبەتی لە دابینکردنی چەند سیستمێکی پێشکەوتوو وەک فڕۆکەی جەنگی، لەنێویاندا «سیخۆ/ ٥٧».

دوای لەشکرکێشیی ئۆکراین، ڕاپۆرتەکان بە پشتبەستن بە بەرپرسانی حکومەتی ئەمەریکا ڕایانگەیاندبوو کە دابینکردنی چەکی ڕووسیا بە هۆی کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردنەوە سنووردار بوو. لە ڕاستیدا بەرپرسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرەتای داگیرکردنی ئۆکراین بە شێوەیەکی تایبەت نیگەرانیی خۆیان دەربڕی کە ڕووسیا ناتوانێت گرێبەستە هەبووەکان جێبەجێ بکات. دوای دوو ساڵ ئەم ترسانە پشتڕاست کرانەوە، دوای ئەوەی دامەزراوە سەربازییەکەی ڕووسیا شکستێکی چەقێنەری بە دەستی ئۆکراینییەکان وەرگرت، ئەمەش پیشەسازیی چەکی ڕووسیای ناچار کرد سەرنجی تەواوی خۆی بەرەو پاراستن و بنیاتنانەوەی هێزەکانی لە ئۆکراین بگۆڕێت.

کارابوونی جموجووڵی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەیشتە ئاستێک ڤلادمێر پۆتین سەردانی فەرمیی هەردوو وڵاتی سعودیە و ئیمارات بکات و لەوێدا ڕایبگەیەنێت کە ئیمارات هاوبەشی سەرەکیی بازرگانیی ڕووسیایە لە جیهانی عەرەبیدا. بە پێی هەندێک ڕاپۆرت، بابەتەکانی گفتوگۆی ئەو کۆبوونەوانە بریتی بوون لە بازرگانیکردن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو. هەروەها لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣، ڕۆژنامەی «وۆڵ ستریت جۆرناڵ» بڵاوی کردەوە کە عەبدولفەتاح سیسی؛ سەرۆکی میسر، ڕەزامەندیی دەربڕیوە بە ڕادەستکردنی نزیکەی ١٥٠ بزوێنەر. ئەم ڕاپۆرتە دوای ئەوە هات کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا باس لە ڕێککەوتنێکی دیکەی نێوان ڕووسیا و میسر بۆ ناردنی ٤٠ هەزار مووشەک بۆ ڕووسیا کرا، ئەگەرچی ڕێککەوتنێک کە دوای گوشارەکانی ئەمەریکا بۆ سەر میسر کۆتایی هات.





## خشتەی کاریگەرییەکانی ڕووسیا لە هەناردەکردنی چەك بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەم وێنە گشتییە ئەوە پیشان دەدات، کە لە کاتێکدا ڕەنگە توانای ڕووسیا بۆ هەناردەکردنی چەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە درێژخایەندا سنووردار بێت، بەڵام مۆسکۆ هێشتا گرنگی بە ناوچەکە دەدات کە وەک ئەکتەرێکی گرنگ سەیری دەکات لە هاوسەنگکردنی کێبڕکێی زلهێزانی ناوچەکە، هەر بۆیە پێدەچێت فرۆشتنی چەک هێمایەک بێت لە سیاسەتی دەرەوەی مۆسکۆ لەم کێبڕکێیەدا، وەک لەم نەخشەیەدا هێمای بۆ کراوە.

## فراوانکردنی ئامادەیی سەربازی و «گرووپی ڤاگنەر»

ئامانجێکی ستراتیژی سەرەکیی ڕۆژئاوا بریتییە لە دوورخستنەوەی ڕووسیا لە دەریای ناوەڕاست، ئەم هەڵوێستە ڕێگە بە ڕووسیا دەدات کە فشاری دیپلۆماتی و ئابووری بخاتە سەر یەکێتیی ئەورووپا و هێزی سەربازیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفەریقا نمایش بکات. هاوکات ئەگەر ڕووسیا پێگەی خۆی لە دەریای ناوەڕاست زیاتر بەهێز بکات، کاریگەریی لە سەر توانای شەڕی ئۆکراین دەبێت، بەڵام لە کاتێکدا ڕۆژئاوا ئامادە نییە یارمەتیی ئۆکراین بدات، ڕەنگە ڕووسەکان دەرفەتی زیاتر لە باکووری ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببینن. بەم پێیە ڕووسیا نەک هەر بنکە هەمیشەییەکانی خۆی لە سووریا بە تایبەت لە تەرتووس و حمەیمیم دەپارێزێت، بەڵکوو بەردەوامە لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بنکەیەکی دەریایی لە لیبیا، وەک ئەوەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٣دا، ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕووسیا پلانەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافی جێگیربوونە لە بنکەیەکی دەریایی لە ڕۆژهەڵاتی لیبیا.




## خشتەی هێزەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

پێناچێت ئەم پلانانە کۆتایی پێ هاتبێت، بەڵام دیارە مۆسکۆ کار دەکات بۆ فراوانکردنی کاریگەرییە سەربازییەکانی لە لیبیا. تۆبروک بەندەرێکی قووڵی ئاوە و توانا لۆجستییەکانی ڕووسیا زیاد دەکات، بە تایبەت کە بەندەری تارتۆس لە سەر ئاوە قووڵەکانە. هەروەها ڕووسیا بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە بنکەیەکی دەریایی لە سوودان لە سەر دەریای سوور، بە ئامانجی گەیشتن بە کەناڵی سوێس و زەریای هیندستان و نیمچەدوورگەی عەرەبی.

بەشێکی زۆری هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ فراوانکردنی کاریگەرییە سەربازییەکانی، لە لایەن کۆمپانیا سەربازییە تایبەتەکانەوە سەرکردایەتی کراوە، وەک گرووپی ڤاگنەر. ئەم گرووپە ئامرازێکی بەسوود بووە بۆ کرێملین. بە فەرمی ناوەکەی گۆڕدرا دوای ئەوەی هاوپەیمانی پۆتین (یڤگنی پریگۆژین) سەرکردایەتیی یاخیبوونێکی شکستخواردووی کرد و دواتر لە مانگی ئابی ٢٠٢٣ لە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکدا گیانی لەدەست دا. دواتر وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا دەستی بەسەر زۆرێک لە گرێبەستە ئەمنییەکان و کانگاکانی نەوت و زێڕی گرووپەکەدا گرت، هەر بۆیە کرێملین پێویستی بە هێزێکی نیمچەسەربازی هەیە بۆ بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی، جا چ وەک «گرووپی ڤاگنەر»، یان بە هەر ناوێکی تر.

## ڕێکارێکی ستراتیژیی دوورمەودای ڕووسیا

لە ئەگەری بەردەوامبوونی دابەزینی ئاستی بازرگانیی چەک لە ڕووسیا و ئەو سزایانەی کە بەسەر کۆمەڵگە سەربازی و پیشەسازییەکانیدا سەپێنراون، ئەگەرچی کاریگەریی لە سەر دابەزینی ئاستی توانا سەربازییەکانی ڕووسیا و فراوانبوونی زیانەکانی لە ئۆکرایندا دەکات، بەڵام نیگەرانییەکی ئەوتۆ لە بەرەوپێشچوونی کاریگەرییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست ناکات، چونکە ڕووسیا بەردەوامە لە کێبڕکێ بۆ کاریگەری لە ناوچەکەدا بە بەرزکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە بەندەرەکانی ستراتیژی و بەکارهێنانی گرووپ و بریکارەکانی نیمچەسەربازی، ئەمانە ڕووسیا لە نەبوونی فشاری ڕۆژئاوا بۆ ڕاگرتنی ئەو چالاکییانە کارا دەکات. هەر چەندە شەڕی ئۆکراین نەک تەنها نوێنەرایەتیی سیاسەتی سەربازی و دەرەوە دەکات، هەمان کات بزوێنەری سەرەکیی گەشەی ئابوورییشە. بودجەی ساڵی ٢٠٢٤ی ڕووسیا دەریدەخات کە بۆ یەکەم جار لە ماوەی دەیان ساڵدا خەرجیی سەربازی و بەرگریی لە خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر بووە.

بەم شێوەیە کاتێک باس لە پەیوەندییە بەرگرییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکرێت، پێویستە ڕۆژئاوا ئامانجە ستراتیژییەکانی پۆتین و کاریگەرییەکانی شەڕی ئۆکراین لەبەرچاو بگرن، بەبێ گوێدانە دەرئەنجامەکانی. لەوەش گرنگتر، ئەگەر کۆنگرێسی ئەمەریکا بەردەوام بێت لە دوودڵی و دواخستنی هاوکارییەکان بۆ ئۆکراین، ڕەنگە بەم زووانە ڕووسیا تەرازووەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بگۆڕێت. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، پێگەی ئەمەریکا لە جیهاندا کەم دەبێتەوە، نەیارانی زیاتر بوێرتر دەکات.

## ئێران، داینەمۆی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی ڕووسیا

مێژووی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی ڕووسیا و ئێران بۆ چەندین سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بە جۆرێک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات بە هاوکاریی ئابووری و کولتووری شێوەی گرتبوو، تەنانەت ئێران بەشێک بوو لە ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسیا کە درێژ بووەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست. لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەویدا، پەرەسەندنێکی فراوان لە هاوکاریی نێو بوارەکانی ئابووری، پیشەسازی

و بازرگانیدا بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران بە قۆناغی جۆراوجۆردا هەڵبەزودابەزی کردووە. لە سەردەمی ڤلادیمێر پۆتیندا پەیوەندییە دووقۆڵییەکان گەشەسەندنی ئەرێنییان بەخۆوە بینیوە و هەردوو وڵات لە چەندین بواردا هاوکارییان کردووە، بە تایبەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە سەربازییەکاندا ئاڵوگۆڕی کارای شارەزایی سەربازی و تەکنەلۆژی لە نێوایاندا هەبووە، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٥دا ڕووسیا و ئێران ڕێککەوتنی هاوکاریی سەربازییان ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە دابینکردنی سیستمی بەرگریی ئاسمانیی (ئێس ٣٠٠) ڕووسیی پێشکەوتوو. ئەم ڕێککەوتنە بەشدارییەکی مەزنی لە بەرزکردنەوەی تواناکانی بەرگریی ئێران و باشترکردنی هاوسەنگیی ستراتیژی لە ناوچەکەدا کرد. پاشان لە چوارچێوەی تەنگەژەکانی سووریادا، ڕووسیا و ئێران لە دیارترین لایەنگرانی حکومەتی سووریا بوون و چالاکانە بەشداریی شەڕی دژی گرووپە توندڕەوەکانیان کرد.

توانای ڕووسیا بۆ بنیاتنانی هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی خاوەن مێژووی ڕکابەری و دوژمنایەتی، نیشانەی لێهاتوویی دیپلۆماتیی ڤلادمێر پۆتینە لە تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە. لە کاتێکدا ئەم پەرەسەندنانە یارمەتیدەر بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕووسیا لە ناوچەکەدا و ڕەخساندنی جۆرێک سەقامگیری و گێڕانەوەی هاوسەنگی، بەڵام مەترسییەکانی دەوروبەری کردەوەی هاوسەنگکردنی ڕووسیا لە ناوچەکەدا دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین زیاتر بوون و مۆسکۆ تا دێت وابەستەی پشتیوانیی تاران بووە بە تایبەت لە بواری سەربازیدا.

زیاتر لەوە، لە چوارچێوەی جموجوولەکانی ڕووسیا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا، بە تایبەت ئێران، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢دا «جۆن کیربی»ی بەرپرسی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، ئاماژەی بەوە دا کە «ڕووسیا ئاستێکی بێوێنە لە پشتیوانیی سەربازی و تەکنیکی پێشکەش بە ئێران دەکات کە خەریکە پەیوەندییەکانیان دەگۆڕێت»، ئەمە لە کاتێکدا دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی «هێرشبەری شەهد» لە لایەن ئێرانەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، هەر بۆیە جگە لە ئێران وڵاتێکی تر نەیتوانیوە بە ئاشکرا هاوکاریی ڕووسیا بکات لە کوشتنی هاوڵاتییانی ئۆکراینی. جیا لەوە،

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا بریکاری وەزیری بەرگریی ئێران بە ئاژانسی هەواڵی ‹‹تەسنیم››ی ڕاگەیاندووە ئێران ڕێکخستنەکانی گەیاندنی فڕۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەرەکانی ‹‹سوخۆی سوو-٣٥››ی دروستکراوی ڕووسیا بۆ ئێران کۆتایی پێ هێناوە.

هەر چەندە ڕووسیا تا ئێستا ڕێککەوتنەکەیان پشتڕاست نەکردووەتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، توانای تاران بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییە هێرشبەرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات و هەمان کات مەترسییەکی گەورە لە سەر دەوڵەتانی کەنداو دروست دەکات و هاوسەنگیی سەربازی لە ناو ناوچەکەدا بە قازانجی ئێران دەگۆڕێت، ئەمەش وای کردووە دەوڵەتانی کەنداو پلانی ئەمنی خۆیان بگۆڕن. بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەکرێت، پێشتر ڕەوتێکی هاوکاریی ستراتیژی سەری هەڵداوە، لەوانە لە ڕێگەی مانۆڕی دوولایەنەی ڕووسیا-ئێران و مانۆڕی فرەلایەنەی ڕووسیا، چینی و ئێرانی، بە شێوەیەک کە مێژووەکەی لانی کەم بۆ پێنج ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بە تایبەت کاتێک هەریەک لە ڕووسیا، چین و ئێران یەکەمین مانۆڕی سەربازیی سێقۆڵییان ئەنجام دا. فەریق غوڵامرەزا تاهانی بە پرێس تیڤیی دەوڵەتی ئێرانی ڕاگەیاند ئەو مانۆڕانە نیشانەی ئەوەن کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم سێ وڵاتە گەیشتووەتە «ئاستێکی بەسوود»، هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣دا ‹‹سێرگی لاڤرۆڤ›› وەزیری دەرەوەی ڕووسیا پێشکەوتنەکانی لە پەیماننامەی ڕووسیا و ئێران سەبارەت بە ‹‹هاوبەشیی ستراتیژی هەمەلایەنە›› ڕاگەیاند.

لە ساڵی ٢٠٢٤دا، هاوکارییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران پەرەسەندنی زیاتر بەخۆوە دیوە، بە تایبەت دوای ئامادەکردنی ڕێککەوتنێکی نوێ کە بە قۆناغەکانی کۆتاییدا تێدەپەڕێت و چاوەڕوان دەکرێت لە میانی کۆبوونەوەی لوتکەی سەرۆکەکانی دوو وڵاتدا واژۆ بکرێت. بڕیارە ئەم ڕێککەوتنە هەموو پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئێران بگرێتەوە، هاوکات سروشتێکی هەمەلایەنە و ستراتیژی هاوبەشی نێوان دوو وڵات دامەزراندووە. هەر بۆیە ‹‹ماریا زاخارۆڤا›› وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند ڕەشنووسی ئەم ڕێککەوتنە لە قۆناغی کۆتایی هەماهەنگیدایە. ئەو ڕێککەوتنەی کە بۆ واژۆکردن ئامادە کراوە، هەموو لایەنەکانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەگرێتەوە و پێشبینی دەکرێت هاوکارییەکان لە بوارەکانی ئابووری و سەربازی و سیاسیدا بەرز بکاتەوە.

نوێکردنەوەی ئەم ڕێککەوتنە دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠١ و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی نێودەوڵەتی دێت، هەر بۆیە چاوەڕوان دەکرێت واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتنە بەشێک بێت لە هەوڵەکانی هەردوو وڵات بۆ بەرزکردنەوەی هاوکاریی هاوبەش و بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان، هەمان کات ڕێککەوتنێکی لەو چەشنە دەتوانێت چەند خاڵێکی هاوکاری و لێکتێگەیشتن لەخۆ بگرێت، لەوانەیە:

**یەکەم**: هاوکاریی ئابووری: بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، وەبەرهێنانی هاوبەش لە کەرتە ئابوورییە جیاوازەکاندا، ئەمەش پەیوەندیی ئابووریی نێوان هەردوو وڵات بەهێز دەکات.

**دووەم**: هاوکاریی سەربازی: فراوانکردنی هاوکارییە سەربازییەکانی نێوان ڕووسیا و ئێران لە بوارەکانی وەک ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیای سەربازی، ڕاهێنانی سەربازی و بەرزکردنەوەی تواناکانی سیستمی بەرگری.

**سێیەم**: هەماهەنگیی سیاسی: بەهێزکردنی هەماهەنگیی سیاسیی نێوان هەردوو وڵات لە سەر پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، وەک قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

**چوارەم**: وزە: بەهێزکردنی هاوکاری لە بواری وزەدا، جا چ لە بواری گەڕان و دەرهێنانی نەوت و گاز، یان پەرەپێدانی پڕۆژەی وزەی نوێبووەوە.

چوارەم: ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری: بەرزکردنەوەی ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری لە نێوان هەردوو وڵات بە ڕێکخستنی بۆنەی ڕۆشنبیری و هونەری، هەروەها ئاڵوگۆڕی خوێندکار و پڕۆژەی ئەکادیمی.

**پێنجەم**: هاوکاری لە بواری تەندروستی و زانست، بەرزکردنەوەی هاوکاری لە بواری توێژینەوەی زانستی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لە بواری پزیشکی و زانستیدا.

**شەشەم**: چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، هاوکاریکردن لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە ناوچەییەکان و داوای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن لە نێوان لایەنە جیاوازەکاندا.

ڕەنگە کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە لە سەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئیسرائیل ئاڵۆز

بێت. بەو پێیەی هاوکارییە سەربازییەکانی ڕووسیا و ئێران گرژییەکان لەگەڵ ئیسرائیل زیاتر بکەن، بە تایبەتی ئەگەر نیگەرانیی ئەوە هەبێت کە تەکنەلۆژیای سەربازیی ڕووسیا لەگەڵ ئێران دژ بە ئیسرائیل بەکار بهێنرێت، ئەگەرچی ڕووسیا دەتوانێت ڕۆڵێکی دیپلۆماتی بگێڕێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان و پاراستنی پەیوەندییەکانی ئێستا لەگەڵ هەمووان.

هەڵوێستی ڕووسیا سەبارەت بە قەیرانی سووریا لە نێوان یەکلاکردنەوە و پەرەسەندن

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی ڕووسیا سەبارەت بە قەیرانی سووریا، بۆمان دەردەکەوێت کە نوێنەرایەتیی یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات. گرنگیی ئەم تەنگەژەیە لە کاریگەرییەکانیدایە لە سەر هاوسەنگیی ناوچەکە و بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕووسیا، بەو پێیەی ڕووسیا بایەخێکی زۆری داوە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ئەمنی و ئابوورییەکانی ناوچەکە.

ڕۆڵی ڕووسیا وەک ناوبژیوانێک لە یەکلاکردنەوەدا، یەکێکە لە لایەنە بەرجەستەکراوەکانی هەڵوێستی ڕووسیا، بە تایبەت کە هەوڵی دا ڕێگەچارەی دیپلۆماتی بەدەست بهێنێت بە بەشداریکردن لە دانوستانەکانی جنێڤ و ئاستانە، تاکوو سەقامگیریی سووریا و یەکپارچەیی خاکی سووریا گەرەنتی بکات. ئەم ڕۆڵە دیپلۆماتییە بە پێزانینی نێودەوڵەتی پێشوازیی لێ کرا، چونکە دەستپێشخەری و پێشنیارەکانی ڕووسیا بۆ چارەسەرکردن پێشکەش کرا. هەر بۆیە دەستتێوەردانی سەربازیی ڕووسیا لە سووریادا تەنها پەرەسەندنی ئاستی سەربازی نەبوو، بەڵکوو کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر هاوسەنگیی هێز هەبوو. ڕووسیا پشتی بە پاڵپشتیی ڕژێمی سووریا بەست بۆ بەرزکردنەوەی نفووزی خۆی لە ناوچەکە و پتەوکردنی پێگەی خۆی وەک یاریزانێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا کاریگەریی ئەم دەستێوەردانانە تەنها لە لایەنی سەربازیدا سنووردار نەبوو، بەڵکوو بۆ کاریگەریی سیاسی و دیپلۆماتی درێژ بووەوە.

لەم ڕوانگەیەوە هاوسەنگیی ڕووسیا لە نێوان بەرژەوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا وەها لێك درایەوە کە سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر بە قەیرانی سووریا، هەوڵێک بۆ گەیشتن

بە هاوسەنگییەکی جێگیر لە نێوان بەرژەوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیدا نیشان دەدات. لە کاتێکدا کار دەکات بۆ پشتیوانیکردن لە یەکلاییکردنەوەی سیاسی، بەڵام ئامادە بوو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان پەرە پێ بدات ئەگەر گرژییە ناوچەییەکان پەرە بسێنن. ئەم هاوسەنگییە ڕەنگدانەوەی ستراتیژی بەدیهێنانی دەستکەوتی دیپلۆماتی و ئابوورییە، هاوکات گرنگیدان بە پاراستنی نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا. لەم گۆشەنیگایانەوە ڕووسیا ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبێتەوە لە درێژەدان بە ڕۆڵی خۆی لە یەکلاییکردنەوەی سووریادا، لەوانەش کێبڕکێ لەگەڵ یاریزانانی دیکەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرگا بە ڕووی دەرفەتی نوێشدا دەکاتەوە بۆ ڕووسیا، جا چ لە بەهێزکردنی سەربازییەکەیدا بێت، یان لە بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆی وەک نێوەندگیرییەکی دیپلۆماتی.

## کێبڕکێی ئەمەریکی -ڕووسی لە ژێر ڕۆشنایی قەیرانی سووریادا، ئامانج و دەرکەوتەکان

لە چوارچێوەی قەیرانی سووریادا، ڕوونە کە کێبڕکێیەکی توند لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیادا هەیە. توێژەران پێیان وایە ئەوەی لە سووریا و هەندێک وڵاتی عەرەبیدا ڕوو دەدات، دووبارە دابەشکردنەوەی ناوچەکەیە لە ژێر کاریگەریی «پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ» کە بە «پرۆژەی سایکس پیکۆی نوێ» ناسراوە. بە پێی دیدگای ئەمەریکا، ئامانجی دابەشکردنی ناوچەکەیە لە سەر بنەمای ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و تائیفی؛ بەسەر میرنشین و دەوڵەتە جەنگاوەرییەکان. ئەم پرۆژەیە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئاسایشی ئیسرائیل و پارچەپارچەکردنی ناسنامەی عەرەبی.

پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کە بۆ ماوەیەک بە هۆی نەبوونی مەرجی گونجاوەوە ڕاگیرابوو، لە چوارچێوەی ئەوەی بە «بەهاری عەرەبی» ناسراوە، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنی ڕووداوەکانی سووریا لە لایەن ئەمەریکاوە کارا کرایەوە. ئامانجی دابەشکردنی سووریایە بۆ چوار قەوارە یان دەوڵەتی بچووک، هەر بۆیە ئەمەریکا بەشدارییەکی بەرفراوان دەکات لە پاڵپشتیکردنی ئۆپۆزسیۆنی میانڕەوی سووریا، دەسەڵاتدارانی سووریا پەراوێز دەخات و هەوڵ دەدات گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی ڕژێمی سووریادا بەدەست بهێنێت کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل و بێلایەنکردنی ئێران و

تێکدانی نفووزی خۆی لە ناوچەکەدا. لێرەشەوە ڕکابەریی ئەمەریکا و ڕووسیا ڕێگریکردنە لە دەستگەیشتنی گرووپە تیرۆریستییەکان، هەروەها ڕەنگدانەوەی ململانێی سیاسی و ئابووریی نێوان ئەو دوو زلهێزە. لەم چوارچێوەیەشدا ئەمەریکا خواستی ئەوەی هەیە کە ناوچەکە لەقاڵب بداتەوە و بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئاڕاستەی بکات، لە کاتێکدا ڕووسیا؛ سووریا بە بەشێک لە نفووزی ناوچەیی خۆی دەزانێت و هەوڵ دەدات سەقامگیریی ڕژێمی سووریا بپارێزێت. بە شێوەیەکی گشتی قەیرانی سووریا وەک شانۆیەکی ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەردەکەوێت، هەر لایەنێک هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی ستراتیژی و دیاریکردنی ناوچەکانی نفووزی خۆی لەم ناوچە ناجێگیرەدا دەدات.

## ئایندەی ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تێگەیشتن لە داهاتووی ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە شیکردنەوەی وردی گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە بەردەوامەکان هەیە، بە تایبەت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک گۆڕەپانی ئاڵنگاریی ئەمنی و ئابووری دەمێنێتەوە. لە داهاتوودا ڕەنگە ڕووسیا سەرنجی لە سەر بەرزکردنەوەی هاوکاریی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت و وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی هاوبەشدا بکات، لە هەمان کاتدا ڕەنگە ڕووسیا وەک ناوبژیوانێکی نێودەوڵەتی بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردن لە چارەسەری سیاسی بۆ ململانێکانی ناوچەکە.

لە ئاستی ئەمنیدا، ڕەنگە ڕۆڵی ڕووسیا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەرەوپێشبردنی سەقامگیریی ناوچەکە زیاتر بێت، بە تایبەت کە ڕووسیا چاوی لە بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی بەرگری و سەربازی لەگەڵ وڵاتانی هاوبەشی ناوچەکەیە بۆ بەرزکردنەوەی توانا و کاریگەرییەکانی. ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی گۆڕەپانی ناوچەکە، ڕووسیا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە لە هەوڵێکدا بۆ پاراستنی سەقامگیری و کاریگەریی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە نموونەی ئەم ئاڵنگاریانە بریتین لە:

یەکەم: هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکان: بە واتای هاوسەنگی لە نێوان پەیوەندییەکان لەگەڵ یاریزانە جیاوازەکانی ناوچەکە، لەوانەش وڵاتانی عەرەبی، ئیسرائیل، تورکیا، بەبێ ئەوەی تێوە گلێنێن لە ململانێ ناوچەییەکان.

دووەم: مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان: چۆنیەتیی کارلێککردن لەگەڵ گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی پێکهاتەکانی حوکمڕانی لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا، بە گرنگیدان بە پشتیوانیکردن لە سەقامگیریی ناوچەکە.

سێیەم: ڕاگرتنی هاوسەنگیی ناوچەیی: چۆنیەتیی بەدیهێنانی هاوسەنگی لە بەرامبەر کێبڕکێی ناوچەیی، بە تایبەتی لەگەڵ زلهێزە گەورەکانی تری ناوچەیی.

چوارەم: ئاڵنگاریی ئەمنیی ناوچەیی: چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە ئەمنییە بەردەوامەکان، لەوانەش توندڕەویی ئایینی و تیرۆر.

پێنجەم: کاریگەریی ئابووری: چۆنێتیی بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بەرزکردنەوەی هاوکارییە ئابوورییەکان و گەیشتن بە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە بەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکانی بازاڕەکانی وزەی جیهانی، ئامانجە ستراتیژی و ئەمنییەکانی ڕووسیا لە دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاستدا بەرجەستە دەکرێن و پێگە ستراتیژییەکان لە دەریادا بەهێز بکەن، بە تایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی هەنگاوەکانی ئەمەریکا و ناتۆ لە دوای قەیرانی ئۆکراین.

ڕووسەکان مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی هاوسەنگیی هێزی نێودەوڵەتی دەکەن، لەگەڵ زیادبوونی تواناکانی ڕووسیا، هەروەها تواناکانی ئەمەریکا بەرەو دابەزین دەچن، ئەمەش وا دەکات سیستمی نێودەوڵەتی چاوی لە فرەلایەنی بێت. گەشەسەندنی خێرای ڕووسیا لە دوو دەیەی ڕابردوودا ئەوە دەردەخات کە بووەتە هێزێکی کاریگەر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و قەیرانی ئۆکراین دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتنی ئاشکرا کردووە.

زیاتر لەوە، ئامانجی ڕووسیا کەمکردنەوەی هەڕەشەکانە لە سەر سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەی، ئەمەش وای لێ دەکات هاوبەشییەکی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دابمەزرێنێت، ئەمەش بەشدارە لە گەیشتن بە سەقامگیریی ناوخۆیی بۆ ڕووسیا و پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەرەوپێش دەبات. بە تایبەت کە ڕووسیا سەرنجی لە سەر شکستە سەربازییەکانی ئەمەریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کاتێکدا بۆ گەیشتن بە ئاسایشی ناوچەکە ڕووسیا بەرەو دووپاتکردنەوەی بوونی خۆی

لە ناوچەکەدا هەنگاو دەنێت. پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران و بەکارهێنانیان وەک کارتی فشار دژ ئەمەریکا دەزانێت. هەمان کات ئامانجی ڕووسیا ماندووکردنی توانا ستراتیژییەکانی ئەمەریکایە لە ڕێگەی تێوەگلانی لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی بە قۆستنەوەی شکستە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک دۆخی عێراق. لەم دەرفەتەدا هەوڵ دەدەن دەستکەوت و کاریگەریی خۆیان لە ناوچەکەدا زیاد بکەن، لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنیان بۆ وڵاتانی هاوپەیمان، وەک ئێران و سووریا و بەرەوپێشبردنی نزیکبوونەوە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە.

ڕووسیا پێی وایە لە ڕێگەی کارلێکی بەهێزەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێت کاریگەریی نێودەوڵەتیی خۆی بنیات بنێتەوە، هەروەها ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییانە ببنەوە کە لە لایەن زلهێزەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمەریکاوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. قەیرانی ئۆکراین دەریدەخات کە ڕووسیا لە هەوڵی وەرگرتنەوەی نفووزی نێودەوڵەتیی خۆیدایە و ڕەتی دەکاتەوە لە سێبەری زلهێزەکانی ڕۆژئاوادا بێت. هەروەها ئامانجی ڕووسیا بریتییە لە دووبارە پێناسەکردنەوەی دیمەنی نێودەوڵەتی و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز، بەو پێیەی ڕووسیا هەڵوێستێکی هاوئاهەنگی لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکەدا دەگرێتە بەر. هەمان کات هەوڵ دەدات پێگەی خۆی وەک زلهێزێکی جیهانیی کاریگەر بەدەست بهێنێت و هەوڵ دەدات بە بەشداریی چالاکانەی خۆی سیستمی نێودەوڵەتی پێناسە بکاتەوە. هەر بۆیە ڕووسەکان بە گەیشتن بە هاوبەشی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، پێیان وایە کە دەتوانن کاریگەریی خۆیان بەرز بکەنەوە و دەستکەوتی ستراتیژی لە درێژخایەندا بەدەست بهێنن. هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی؛ ئامرازێکە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاسایشی ناوچەکە و گەیشتن بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بە تایبەتی لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئاستەنگە ئەمنی و ئابوورییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبنەوە.

لە چوارچێوەی گەیشتن بە ئامانجەکانیدا، ڕووسیا هەوڵ دەدات هاوپەیمانی و هاوبەشی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێک بهێنێت، لەوانەش وڵاتانی گرنگی ستراتیژی وەک ئێران و سووریا. ئەم هاوبەشییانە لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش لە بواری ئاسایش و وزە و بازرگانیدا دامەزراوە، بەم پێیە ڕێبازی ڕووسیا بەرامبەر

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڕاستەیەکی ستراتیژیی فرەڕەهەندە، بەو پێیەی ڕووسەکان هەوڵی گەیشتن بە ئامانجە ئابووری و سەربازی و سیاسییەکانیان دەدەن لەم ناوچەیەدا. ئەم ئامانجانە لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییە جیهانییەکان و ئاڵنگاریی نوێدا دێن کە ڕووبەڕووی سیستمی نێودەوڵەتی دەبێتەوە، لە کاتێکدا ئەم ئامانجانە وەک بەشێک لە ستراتیژێکی بەرفراوانتر دەردەکەون کە کرێملین بۆ پێناسەکردنی ڕۆڵی ڕووسیا لە داڕشتنی داهاتووی ڕێکخستنی نێودەوڵەتی و بەهێزکردنی پێگەی جیهانیی ئەو وڵاتە دەیگرێتەبەر.

## ڕۆڵی ڕووسیا لە چارەسەرکردنی ململانێی فەڵەستین و ئیسرائیل، دەرفەت و ئاڵنگارییەکان

لەگەڵ پەرەسەندنی توندوتیژیی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل بۆ ئاستێکی بێوێنە، قسەکردن لە سەر پێویستیی دەستتێوەردانی بەکۆمەڵ و کردەوەی هاوبەش بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر دەبێت و پێشنیار کراوە بۆ ئەم مەبەستە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ببەسترێت. فیدراسیۆنی ڕووسیا پاڵپشتێکی بەهێزی ئەم ڕێبازەیە، هەمیشە جەخت لە سەر گرنگیی گرتنەبەری ڕێبازێکی فرەلایەنە بۆ ئاستەنگەکانی نیشتەجێبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکاتەوە. مێژوو نیشان دەدات کە هەوڵەکان بۆ قۆرخکردنی ڕۆڵی نێوەندگیری سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا لە چارەسەرکردنی ململانێکان، بەڵکوو بووە هۆی توندبوونەوەیان.

ئەرکی سەرەکی لە ئێستادا ئەوەیە کە بە خێرایی شەڕ و پێکدادانەکان لە غەززە بوەستێنرێت، دڵنیا بن لە پاراستنی خەڵکی سڤیل، دڵنیا بن لەوەی کە هاوکارییە مرۆییە پێویستەکان بگاتە ئەوانەی پێویستیان پێیەتی و ئازادکردنی بارمتەکان، بە پێچەوانەوە هەڕەشەکانی توندڕەوی و زیادبوونی چالاکیی تیرۆریستی دەمێننەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە فیدراسیۆنی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستپێشخەرییەکی بۆ بەستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشکەش کرد و بە بڕیارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کرا. ئەم بڕیارە پشتگیریی لە بیرۆکەی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی بەکۆمەڵ لە مۆسکۆ بۆ تاوتوێکردنی

نیشتەجێبوونی عەرەبی و ئیسرائیل پشتڕاست کردەوە. ئەزموونی هاوکاری کە لە چوارچێوەی پرۆسەی مەدریددا بەدەست هاتووە کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ دەستی پێ کردووە، دەتوانرێت بقۆزرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی ئەرێنی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵنگارییە ناوچەییدا.

فیدراسیۆنی ڕووسیا وەک یاریزانێکی دیاری دیپلۆماتی لە هەوڵەکانی یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین سەرلەنوێ سەر هەڵدەداتەوە، بەو پێیەی ڕەشنووسی بڕیارنامەیەکی پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە ئامانج لێی وەستاندنی شەڕی غەززە و بەدیهێنانی ئاگربەستی نێوان لایەنە ناکۆکەکان بوو. لە ڕەشنووسی بڕیارنامەکەدا داوای ئازادکردنی بارمتەکان کراوە، ئاسانکاری بۆ هاتنی هاوکارییە مرۆییەکان، ئەم پێشنیازە لە چوارچێوەی پەرەسەندنی هێرشەکانی ئیسرائیل و پەرەسەندنی توندی ململانێکان هاتە ئاراوە، ئەمەش وا دەکات هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ یەکلاییکردنەوە پێویست بێت.

لە ڕێگەی ئەم دەستپێشخەرییەوە دیپلۆماتکارانی ڕووسیا هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێودەوڵەتیدا بۆ ڕاگرتنی شەڕو پێکدادانەکان، هەمان کات بەدیهێنانی چارەسەرێکی خێرا بۆ قەیرانی مرۆیی لە غەززە، بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایش نەیتوانی ئەم ڕەشنووسی بڕیارنامەیەی ڕووسیا پەسەند بکات، دوای ئەوەی نەیتوانی کەمترین ژمارەی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێت کە ژمارەیان نۆ دەنگ بوو لە ئەنجوومەنی ١٥ ئەندامدا. جگە لەوەش، بزووتنەوەی حەماس هەڵوێستی ڤلادیمێر پۆتین سەرۆکی ڕووسیای بەرز نرخاند، کە ڕەتکردنەوەی دەستدرێژی و گەمارۆدانی سەر غەززەی دەربڕی، هەروەها پێشوازیی لە هەوڵەکانی ڕووسیا کرد بۆ ڕاگرتنی دوژمنایەتییەکان، جەختی لە سەر گرنگیی ڕاگرتنی خوێنڕشتن و گرنگیدان بە گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە کردەوە.

ئەم دەستپێشخەرییە نوێیە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی ڕووسیایە بۆ بەشداریکردنی کاریگەرانە لە بەدیهێنانی ئاشتی لە ناوچەکەدا، هەروەها بەرجەستەی پابەندبوونی خۆیەتی بە بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی ململانێکانی ناوچەکە و گەیشتن بە سەقامگیری و کاریگەرییەکانی دەستپێشخەرییەکەی ڕووسیا و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل

و فەڵەستین. هەر بۆیە دوای خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکەی ڕووسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و بەدیهێنانی ئاگربەست لە ململانێی ئیسرائیل و فەڵەستین، جیهان بەهیوای تێگەیشتن لە کاردانەوەی ئەم دەستپێشخەرییە و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی قەیرانەکانە. ڕۆڵی ڕووسیا لەم چوارچێوەیەدا جێی بایەخە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم ناوچەکە و شکستی سیاسەتە کلاسیکییەکانی ئەمەریکا بۆ گەیشتن بە ئاشتی و سەقامگیری، بەم پێیە کاریگەرییەکانی دەستپێشخەرییەکە و وەستاندنی توندوتیژی و بەدەستهێنانی ئاگربەست دەبێتە هۆی:

یەکەم: گەیشتن بە وەستانی دەستبەجێی شەڕ و پێکدادانەکان: بە واتای پاراستنی خەڵکی سڤیل و کەمکردنەوەی گیانلەدەستدان، کە بە پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بەهرەمەندە.

دووەم: گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان: دەستپێشخەرییەکە بەشدارە لە کردنەوەی ڕێڕەوی مرۆیی بۆ گەیاندنی هاوکاری و فریاگوزاری بەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی لە غەززە، بەمەش بارودۆخە دڵتەزێنە مرۆییەکان کەم دەبێتەوە.

سێیەم: دروستکردنی دەرفەت بۆ گفتوگۆ: هەروەها دەستپێشخەرییەکە هەنگاوێکە بە ئاڕاستەی دروستکردنی هەلومەرجێک بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتیی نێوان فەڵەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان، لەگەڵ گرنگیدان بە تاوتوێکردنی پرسەکانی دۆخی کۆتایی. لێرەدا ڕێگاکانی چارەسەرکردن دەبنە هۆیەک بۆ:

یەکەم: پاڵنەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ پابەندبوون بە ئاگربەست: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکەی ڕووسیا بکات و فشار بکات بۆ دڵنیابوون لە پابەندبوونی لایەنەکان بۆ گەیشتن بە ئاگربەستێکی دەستبەجێ و پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ.

دووەم: دانوستان بۆ چارەسەری هەمیشەیی: پێویستە لایەنە ناکۆکەکان بە جددی بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستان بۆ گەڕان بەدوای چارەسەری هەمیشەیی ململانێکان، بە بەشداریی وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

سێیەم: هاندانی نزیکبوونەوەی سیاسی: ڕووسیا دەتوانێت هانی نزیکبوونەوەی

سیاسیی نێوان فەڵەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان بدات و گفتوگۆی بنیاتنەر بەرەوپێش ببات، بۆ ئەوەی زیاتر پەرەسەندن نەبێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆڵ و دەرفەتەکانی بەردەم ڕووسیا بریتین لە:

یەکەم: نێوەندگیریی دیپلۆماتی: ڕووسیا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە لە نێوەندگیری لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا و دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە گەیشتن بە خاڵی یەکلاکەرەوە.

دووەم: بەکارهێنانی کاریگەریی ئابووری: ڕووسیا توانای ئەوەی هەیە هاندەرە ئابوورییەکان پێشکەش بە لایەنە بەرژەوەندخوازەکان بکات، ئەمەش چانسی چارەسەری بەردەوام زیاتر دەکات.

سێیەم: جەختکردنەوە لە سەر دادپەروەری: ڕووسیا دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە دووپاتکردنەوەی مافەکانی فەڵەستینییەکان و پێشخستنی چەمکی دادپەروەری و یەکلاییکردنەوەی هەمەلایەنە.

## دەرەنجام

یەکەم: خوێندنەوە بۆ ستراتیژی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ٢٠٢٤، لە سەر بنەمای تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکانی ناوچەکە دامەزراوە. توێژینەوەکە ئاماژە بە پەرەسەندنی ستراتیژی ڕووسیا دەکات لە ئاراستەیەکی یۆرۆئەتڵەسییەوە بۆ جەختکردنەوە لە سەر ناسنامەی ئۆراسیا، لەگەڵ جەختکردنەوە لە سەر یەککگرتن و هەمەچەشنی لە وەڵامدانەوەیدا بۆ گۆڕانی ئاڵنگارییەکان.

دووەم: دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕووسیا ناچار بوو سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەگەڵ باڵادەستیی ئەمەریکادا بگونجێنێت. گرنگیدان بە یەککگرتنی ئابووری و هاوپەیمانییە ناوچەییەکان، تیشک دەخاتە سەر وەڵامێک بۆ فشارە نێودەوڵەتییەکان و ئاستەنگە ناوخۆییەکان.

سێیەم: لەگەڵ پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست و گرنگیدان بە هاوبەشی لەگەڵ وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا و چین، گرنگیی پەیوەندییە ناوچەییەکان لە داڕشتنی ستراتیژی ڕووسیا لە ناوچەکەدا ڕوون دەبێتەوە.

چوارەم: ڕووسیا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پشتی بە گرتنەبەری چەندین ڕێبازی ستراتیژی بەستووە، لە پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماتییەکانەوە تا دەستتێوەردانی سەربازی، کە ئەمەش هێز و توانای خۆی نیشان دەدات لە گونجاندنی ستراتیژییەکانی بە پێی گۆڕانی بارودۆخەکان، هەروەها ئامادەیی خۆی بۆ گرتنەبەری ڕێگەی گونجاو بۆ پاراستنی خۆی و بەرژەوەندییەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ناوچەکەدا.

پێنجەم: شیکردنەوەی ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەریی فاکتەرە ئابووری و وزەییەکان دەردەخات، هەروەها گرنگیی ئابوورییەکی گەورە و سامانی سروشتیی مەزن لە ڕێنماییکردنی کارلێکی ڕووسیا لەگەڵ ناوچەکەدا نیشان دەدات، بە تایبەتی سەبارەت بە پیشەسازیی هەناردەکردنی نەوت. هاوکاریی ڕووسیا لەگەڵ وڵاتانی ئۆراسیاش، ڕەنگدانەوەی گۆڕانی ئابووری و گەڕان بەدوای یەکگرتن لە بوارەکانی وزە و ئابووریدا دەردەخات.

## سەرچاوەکان


١- بسنت جمال (باحثة متخصصة في الاقتصاد الدولي)، إدارة البدائل، كيف ينمو اقتصادا روسيا والصين «إيجابيا» بالرغم من عقوبات الغرب؟ المسقبل للأبحاث و الدراسات المتقدمة، ٢٩ آيار ٢٠٢٤، https://shorturl.at/HL٠UI

٢- ديميتري بريجع: قراءة في الإستراتيجية الروسية للشرق الأوسط لعام ٢٠٢٤، CAES مركز الدراسات العربية الأوراسية، ٢٤ يناير ٢٠٢٤، https://shorturl.at/HL٠UI

٣- آنا بورشچێڤسكايا: كيف أصبح الشرق الأوسط ساحة لصراع بوتين على السلطة مع الولايات المتحدة، المعهد الواشنطن، ٨ آذار ٢٠٢٤، https://shorturl.at/S٢Q١p

راپۆرتی ئایندەیی

ئایندەناسی

# ڕۆڵی کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا لە پڕۆسەی بەرهەمهێنان لە عێراقدا

ئامادەکردن: ئایندەناسی

پیشەسازیی نەوت لە ڕووسیا؛ یەکێکە لە گەورەترین پڕۆسەکانی بەرهەمهێنانی پەترۆڵ لە جیهاندا، بەوپێیەی ڕووسیا خاوەنی زۆرترین یەدەگی غازی سروشتی و گەورەترین لایەنی هەناردەکارە، هەمان کات خاوەندارێتیی دووەم گەورەترین یەدەگی خەڵووزدەکات، لە کاتێکدا هەشتەم گەورەترین یەدەگی نەوتی لە سەر ئاستی جیهان هەیە، هەربۆیە یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی پەترۆڵ و بووەتە سێیەم گەورەترین بەکارهێنەری وزە لە سەرئاستی گشتیدا.

ڕووسیا لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا، بە تێکرای ڕۆژانە ١٠,٨٣ ملیۆن بەرمیل (١,٧٢٢,٠٠٠ م٣) نەوتی خاوی بەرهەم هێناوە، واتە لە ١٢٪ی نەوتی جیهانی بەرهەم هێناوە، بەم پێیە پشکێکی کارای لە نێو پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی جیهانی هەبووە. ئەگەرچی پێشتر و لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٦دا بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و کۆندێنساتی ڕووسیا گەیشتە بەرزترین ئاست کە ٩,٧ ملیۆن بەرمیل (١,٥٤٠,٠٠٠ م٣)ە لە ڕۆژێکدا، لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە ٣,٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا تێپەڕی (٥١٠,٠٠٠ م٣/ڕۆژ). تێکرای خواستی ناوخۆیی لە ساڵی ٢٠٠٥دا؛ ٢.٦ ملیۆن بەرمیل بووە لە ڕۆژێکدا (٤١٠ هەزار م٣/ڕۆژ). تاکوو ئەم قۆناغەش، ڕووسیا وڵاتێکی سەرەکی بوو لە گواستنەوەی نەوت لە کازاخستانەوە بۆ بازاڕە جیهانییەکان.

لە هەمان کاتدا، ڕووسیا خاوەنی گەورەترین یەدەگی بەرچاو و سەلمێنراوی غازی سروشتییە لە جیهاندا، کە بە پێی ئاماری ڕێکخراوی «ئۆپیک» ڕێژەکانی بریتین لە: (سی ئای ئەی: ٤٧.٦ تریلیۆن مەتر سێجا، ئیدارەی زانیاریی وزەی ئەمەریکا: ٤٧,٨ ترلیۆن مەتر سێجا، ئۆپیک: ٤٨,٧ ترلیۆن مەتر سێجا، بەڵام کۆمپانیای «بی پی» تا ١ی تەمموزی ٢٠١٤ تەنها ٣١.٣ ترلیۆن مەتر سێجای بە ڕووسیا داوە، لەم ڕیزبەندییەدا ڕووسیا لە دوای ئێرانەوە لە پلەی دووەمدایە کە تێکرا (٣٣.١ بۆ ٣٣.٨ ترلیۆن مەتر سێجا)ی بە پێی هەمان سەرچاوە وەدەست خستووە.

جگە لەوەی کە ڕووسیا گەورەترین یەدەگی سەلمێنراوی گازی سروشتیی لە جیهاندا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی خەمڵاندنەکانی «لێکۆڵینەوەی جیۆلۆجیی ئەمەریکا»، پێدەچێت گەورەترین یەدەگی غازی سروشتیی نەدۆزراو لە جیهاندا هەبێت کە تێکڕاکەی بە ئەگەری ٦.٧ ترلیۆن مەتر سێجا خەمڵێنراوە، جگە لەوە دەزگاکە مەزەندەی ئەوەی کردووە کە نەوتی نەدۆزراو و دەستلێنەدراوی ڕووسیا بگاتە ٢٢ ملیار بەرمیل، بەم پێیە دەبێتە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی خاو لە جیهاندا دوای عێراق.

لەم بارەدا پیشەسازیی نەوتی ڕووسیا پرۆسەیەکی گەورەی بەرهەمهێنان و

بەکاربردنە، تەواوی دەزگا و دامەزراوە پەترۆڵییەکانی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە وڵاتەکە پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە، هەر بۆیە پرۆسەی گەشەکردن و بەهێزبوونی ئابووریی وڵاتەکەیان بە گەشەسەندنی خواستی ناوخۆیی و جۆرەکانی سەرچاوەی وزە لە (نەوت، گاز، ئەتۆمی، خەڵووز، وزەی ئاو، کارەبا) بەستووەتەوە، لە نێو ئەو پرۆسەیەشدا سەرجەم بۆرییە نەوتییە گەورەکان (جگە لە کۆنسۆرتیۆمی بۆرییەکانی کاسپیان) لە لایەن کۆمپانیای «Transnef»ی سەر بە دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن، هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی گرنگترین و کاریگەرترین کۆمپانیاکانی نەوت و غازی ڕووسیا ئاڕاستە دەکرێن کە لە نێو ڕیزبەندییەکانی دامەزراوە پەترۆڵییەکانی وڵاتەکەدا پێک هاتوون لە: گازپرۆم(Gazprom) ناسراو بە قۆرخکاری غازی سروشتیی نێودەوڵەتی، گەورەترین کۆمپانیای گەڕان و بەرهەمهێنانی غازە لە جیهاندا، لوکۆیل (Lukoil)، ڕۆسنەفت ( (Rosneft(کۆمپانیای دەوڵەتی ڕووسی بۆ گەڕان بەدوای نەوت و گاز)، سورگوتنێفتیگاس Surgutneftegas))، تاتنێفت (Tatneft)، نۆرسگاس Northgas))، ترانسنێفت (Transnef) (ئەم کۆمپانیایە سەر بە دەوڵەتە و قۆرخکاری لە سەر بۆرییەکانی ڕووسیا هەیە)، باشنەفت (Bashneft) (کۆمپانیای پاڵاوتنی نەوتی ڕووسی و یەکێک لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی بەرهەمە نەوتییەکانی وڵاتەکە)، ئیتێرا (Itera)، نۆڤاتێک (Novatek)، ڕوسنەفتیگاز Rusneftegaz)).

کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی ڕووسیا لە کاراترین ئەو دامەزراوە پەترۆڵییانەن کە لە ئاستێکی فراوان و کاریگەردا سەرقاڵی پرۆسەکانی (پشکنین، دۆزینەوە، دەرهێنان، پاڵاوتە و بەرهەمهێنانن)، لەم ڕووەوە بوونەتە پێشەنگی ئەو مەزنەکۆمپانیایانەی کە بە شێوەیەکی چڕ لە نێو ڕووبەرێکی بەرفراوانی کێڵگە نەوتی و غازییەکانی جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی مانۆڕ دەکەن، لەم نێوەندەدا عێراق بووتە کێڵگە و مەکۆی هەڵسووڕانی ئاشکرای بەرژەوەندییە جیۆئیکۆنۆمییەکانی کۆمپانیاکانی ڕووسیا، بە جۆرێک لە ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی «نرخەکانی پەترۆڵ بۆ نەوت و هەواڵەکانی وزەی جیهانی» تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ڕووسیا گەورەترین دۆزەرەوەی نەوتی عێراقی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوو کۆنترۆڵ

کردووە، هەمان کات ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە خەمڵاندنە سەرەتاییەکان پێیان وایە کە کێڵگەی نەوتی «ئێریدو»ی عێراق لە نێوان (٧-١٠) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەیە، زیاتر لەوە پێی وایە کێڵگەی «ئێریدو» کە بەشێکە لە ناوچەی گەڕان و پەرەپێدانی بلۆکی ١٠ی عێراق، گەورەترین دۆزراوی بەرهەمی نەوتە لە عێراق لە ماوەی ٢٠ ساڵدا کە سەرجەمی لە ژێر چنگی ڕووسیادایە، شانبەشانی هاوپەیمانی سەرەکی و جیۆپۆلەتیکی خۆی کە چینە. ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئامانجی مۆسکۆ و پەکین کە ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتنەکانی وزە لە عێراق دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی بەغدا لە ناوەندە نوێیەکەی ئێران و سعودیە نزیکتر بمێنێتەوە و نیشانەیەک بێت بۆ کۆتاییهێنان بە هەژموونی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان کات ماڵپەڕی «OilPrice.com» ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ کۆمپانیای ئینپێکس (Inpex)، کە کۆمپانیای گەورەی نەوتی ژاپۆنی هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمەریکایە، بۆ فرۆشتنی پشکەکانی لە سەددا ٤٠ی لە ناوچەی بلۆکی ١٠ کە دۆزینەوەی گەورەی ئێریدۆی تێدایە و ڕووسیا خاوەندارێتیی دەکات، ڕێگەکە ڕوون دەکاتەوە بۆ کۆمپانیای لوکۆیل کە کۆنترۆڵی بێڕکابەری تەواوی ئەو کێڵگە دەوڵەمەندە بکات.

لەم ڕووەوە ماڵپەڕی «ئەلجەزیرە نێت» ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووسیا ڕۆژانە زیاتر لە ١٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش وای کردووە یەکێک بێت لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی نەوت لە جیهاندا. ئەورووپا نزیکەی ٢٥٪ی پێویستی نەوتی و ٤٠٪ی پێویستیی غازی سروشتی لە ڕووسیا هاوردە دەکات. هەمان کات کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراقی (سۆمۆ) لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا ڕایگەیاندووە کە بەرزترین ڕێژەی هەناردەکردنی لە ماوەی (٢٠٢٠-٢٠٢٢) بەدەست هێناوە، تەنانەت بە ڕێژەی ٣ ملیۆن و ٣١٤ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە بە بەراورد بە ڕابردوو ١١٢ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیادی کردووە، بەم پێیە کۆی گشتیی وەبەرهێنانەکانی ڕووسیا لە کەرتی وزە لە عێراقدا ١٣ ملیار دۆلار بووە. بە پێی چاوپێکەوتنێکی پێشووی ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵوێزی ڕووسیا لە بەغدا، جەختی

لەوە کردەوە کە کۆمپانیا نەوتییەکانی ڕووسیا، وەک: زارۆبێژنەفت، ئەسترۆترانسکاز، تاتنەفت، سوێژنەگاز و ئاریێل نەفتگاس خزمەتگوزاری، هەنگاوی کاریگەر دەنێن بۆ دەستپێکردنەوەی کارەکانیان و چوونە ناو بازاڕی نەوت و غازی عێراق.

ڕووسیا خاوەنی چەندین کۆمپانیای نەوتییە لە عێراق، لەوانەش کۆمپانیای گازپرۆم، هەروەها پرۆژەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و لە کێڵگەی بەدرە لە پارێزگای واست هەیە. یەدەگی کێڵگەی بەدرە یەکسانە بە ٣ ملیار بەرمیل نەوت، لە کاتێکدا کۆمپانیاکە پشکی ٤٠٪ی کێڵگەی نەوتی بەدرە کە لەگەڵ ٣ کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی بوارەکە لە چوارچێوەی خولی دووەمی مۆڵەتدان و پشکی ٣٠٪ی کۆمپانیاکە کۆمپانیای کۆریی «KOGAS»، کۆمپانیای تورکیی «s‹(TBO) TBO›› ڕێژەکەی گەیشتە ١٠٪، هەروەها کۆمپانیای لوکۆیل خاوەنی ٧٥٪ی پرۆژەی ڕۆژئاوای «قورنە دوو››ە، لەکاتێکدا کۆمپانیای نەوتی باکووری عێراق خاوەنی (٢٥٪)ە.



لە لایەکی ترەوە ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی «OilPrice.com»، کە بەناوی سیمۆن واتکنز (Simon Watkins) بڵاو بووتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کۆمپانیای لوکۆیل ٦٠٪ی پشکەکانی لە تەواوی بلۆکی ١٠دا هەیە، هەمان کات کۆمپانیای نەوتی «زیقار» کە سەر بە دەوڵەتە لە عێراقە و لە لایەن کۆمپانیای «DQOC» بە فەرمی پەسەندی پەرەپێدانی یەدەگەکانی بلۆکی ١٠ی کردووە، بە تایبەت لەو ناوچانەی بلۆکی ١٠، کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی عێراق، نزیکەی ١٢٠کم لە ڕۆژئاوای ڕێڕەوی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوت لە بەسرە دوورە و تەنها لە باشووری کێڵگە نەوتییە زەبەلاحەکانی ناو شاری ناسریە و دەوروبەری. گرێبەستی بلۆکی ١٠ کە لە ساڵی ٢٠١٢ لە خولی چوارەمی پەرلەمانی عێراقدا بە کۆمپانیای لوکۆیل و ئینپێکس درابوو، ڕێژەیەکی تا ڕادەیەک بەرزی پاداشت بۆ هەر بەرمیلێک دەدات کە ٥.٩٩ دۆلاری ئەمەریکییە، ئەمانە لە کاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢١، دوای هەندێک تاقیکردنەوەی سەرەتایی، وەزارەتی نەوتی عێراق ڕایگەیاند پێشبینی دەکات تا ساڵی ٢٠٢٧ لوتکەی بەرهەمهێنانی لانی کەم ٢٥٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە کێڵگەی ئێریدۆوە بە سەرپەرشتیی ڕووسیا بەرهەم بهێنن، واتە لە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانەکەدا لانی کەم ١٠٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاتر بەرهەم دێنن لە ژمارەکانی پێشوو، ئەمەش بەندە بەوەوە کە ئایا خەمڵاندنی یەدەگی نوێ ڕاستە یان نا، هەر چەندە بە لەبەرچاوگرتنی دواکەوتنی گەشەپێدان لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە، ئەو ڕێکەوتەی کە بەدەست دەهێنرێت تاکوو کۆتایی ساڵی ٢٠٢٩ خەمڵێنراوە.

لە چوارچێوەی کاریگەریی کۆمپانیا پەترۆڵییەکانی ڕووسیا لە عێراقدا، «زانکۆی جۆپکینی حکومیی ڕووسیا بۆ نەوت و غاز» لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە ساڵی ٢٠٢١دا، بەر لە کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق، لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا، ڕاپۆرتێکی دامەزراوەی «واشنتن بلاس» باسی لەوە کردووە کە ڕووسیا و چین لە دارشتنی پلانێکی درێژخایەندان لە عێراق، تەنانەت جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەو کاتەی ئەمەریکا (دانا سترۆل) وتوویەتی: «بۆ ئەمەریکا ڕوونە کە هەندێک وڵات لە نەوتی عێراقیان دەیانەوێت، بگرە پارێزگاریی لێ بکەن، کە ڕەنگە بتوانن زیاتر

لە ئەمەریکاوە بەدەست بهێنن بە تاقیکردنەوە و هاوکاریی قووڵتر لەگەڵ یەکدا، بە تایبەت چینیی و ڕووسەکان». ئەم بۆچوونە بەو واتایە بوو کە نەک تەنها عێراق، بەڵکوو زۆربەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە نێویاندا سعودیە و ئیمارات، لە نێو ئەو ئامانجە ڕووسییەدا بن.

ڕاپۆرتەکە بۆ عێراق جێبایەخ بوو، بە تایبەت لە دەستبەسەرداگرتنی کاریگەرییەکانی ڕووسیا لە پیشەسازیی نەوت و گاز لە هەرێمی نیمچەسەربەخۆی کوردستانی پڕ لە کێشە لە باکووری عێراقدا، ئەویش پاش کۆنترۆڵی ڕووسیا بەسەر کێڵەگە نەوتییەکانی کوردستانی عێراقدا لە ڕێگەی پرۆکسی کۆمپانیاکانی سەر بە دەوڵەتەوە، لە نموونەی ڕۆسنەفت. دوابەدوای ئەمەش، ڕووسیا دەستکاریی بلۆکەکانی ناوچەکەی کرد و تەنانەت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕووبەڕووی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد بووەوە، لەکاتێکدا هێشتا ڕووسیا پلانی ئەوەی هەیە کە کار بۆ هێنانەناوەوەی کاریگەرانەی هەرێمی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی دەکات، هەر بۆیە لە ئێستادا ڕووسیا و چین هەنگاو دەنێرن بۆ دەستەبەرکردنی باڵادەستیی خۆیان بەسەر تەواوی عێراقدا.

### پاڵنەرەکانی بەرزبوونەوەی تواناکانی بەرهەمهێنان لە عێراقدا بە پاڵپشتیی ڕووسیا

بە پێی ڕاپۆرتێکی سیمۆن واتکنز (Simon Watkins)، لە کتێبی «نەزمی نوێی بازاڕی نەوتی جیهانی»دا هێما بۆ ئەوە کراوە کە ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٧دا کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستانی عێراقی بە «چوار» هۆکاری بنچینەیی کۆنترۆڵ کردووە، ئەوانیش:

**یەکەم:** هەرێمی کوردستانی عێراق یەدەگی بەرچاوی نەوت و غازی هەیە.

**دووەم:** کێشە و ئاریشە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کە لە دەرەوەی بەغداد بەڕێوە دەبرێت، ڕێگە بە ڕووسیا دەدات ڕۆڵی نێوەندگیر لە نێوان هەردوو بەشەکەی وڵاتەکەدا بگێڕێت، ئەمەش کاریگەری لە سەر هەردوو لا بە ڕووسیا دەبەخشێت.

**سێیەم:** دواتر ئەم هەنگاوانە بەکار بهێنرێن بۆ درێژکردنەوەی دەستی ڕووسیا بەسەر باشووری عێراقیشدا کە یەدەگی نەوت و غازی زیاتری هەیە.

**چوارەم:** نێوەندگیرییەکان ڕێگە بە ڕووسیا دەدات کە ڕێگری لە هەر هەوڵێکی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بکات بۆ دەستپێکردنی بنیاتنانەوەی کاریگەرییەکانیان لە وڵاتەکەدا. ئەم خاڵە کۆتاییە دوای دەستپێکردنەوەی ڕێککەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران (سپۆنسەری سەرەکیی ناوچەی عێراق) و سعودیە بە نێوەندگیریی چین، دەنگدانەوەی زیاتری بەدەست هێنا، بە تایبەتی سەرچاوەیەک کە لە نزیکەوە کار لەگەڵ ئاسایشی وزەی یەکێتیی ئەورووپا دەکات، لەو کاتەدا بە ماڵپەڕی «OilPrice.com»ی ڕاگەیاندووە، ئێران لە لایەن بەرپرسێکی پلە باڵای کرێملینەوە پێی گوتراوە کە:«بە دوورخستنەوەی ڕۆژئاوا لە ڕێککەوتنەکانی وزە لە عێراق -و نزیکتر لە میحوەرە نوێیەکەی ئێران -سعودیە- کۆتاییهاتنی هەژموونی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە لاپەڕەی یەکلاکەرەوە لە کۆتایهێنان بە ڕۆژئاوا».

هەر چەندە ڕاپۆرتەکەی «زانکۆی جۆپکینی حکومیی ڕووسیا بۆ نەوت و غاز» پێی وایە لەگەڵ ئەوەی داهاتووی دابینکردنی نەوتی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی ناجێگیردایە، بەڵام ڕووسیا بە توندی دەچێتە دوا قۆناغەکانی پلانە جیۆئیکۆمۆنییەکانی لە عێراق. تاقیکردنەوەکانی ڕووسیا بۆ هەردوو لایەن ئەوەیە کە دواجار ڕووسیا کاریگەریی لە سەر زیادبوونی گەورەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییە زەبەلاحەکەی ڕۆژئاوای «قورنە ٢ی عێراق» دەبێت. ئەم کێڵگەیە لەگەڵ کۆمپانیای سوپەرزەبەلاحی ڕومایلا کە لە لایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە خاوەندارێتی دەکرێت، دەبێتە پایەیەکی بەهێز لە هاوبەشییەکانی ڕووسیا بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی نەوت بۆ نزیکەی ٧ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا تاکوو ساڵی ٢٠٢٧، بە تایبەت کە تەواوی کێڵگەی نەوتی قورنەی ڕۆژئاوا؛ ٦٥ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژئاوای بەندەری بەسرە لە باشووری وڵاتەکەیەوە دوورە. کۆی گشتیی یەدەگی نەوتی وەرگیراو بە ٤٣ ملیار بەرمیل مەزەندە کراوە، ئەمەش وای کردووە ببێتە یەکێک لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی جیهان. ڕۆژئاوای قورنە ٢ یەدەگی نەوتی وەرگیراوی بە نزیکەی ١٣ ملیار بەرمیل خەملاندووە و وەک زۆربەی کێڵگە گەورەکانی عێراق، ئێران و سعودیە، سوودمەند دەبن لە کەمترین تێچوو لە سەر ئاستی جیهاندا کە تەنها ١-٢ دۆلاری

ئەمەریکی بۆ هەر بەرمیل دەکات.

ڕاپۆرتێکی ماڵپەری «ئەلجەزیرە نێت» پێی وایە پلانی پەرەپێدانی سەرەتایی بۆ کێڵگەی ڕۆژئاوای قورنە ٢ بریتی بووە لە بەرهەمهێنانی ١.٨ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەڵام ئەمە لە ساڵی ٢٠١٣دا هەموار کرایەوە بۆ پلانێکی سێ قۆناغی کە تێیدا لوتکەی بەرهەمهێنان ١.٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دەبێت. قۆناغی یەکەم نزیکەی ١٢٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات بۆ بەرهەمهێنانی سەرەتای ٣٠,٠٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا، قۆناغی دووەم ٤٠٠,٠٠٠ بەرمیل تری لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات لە گەشەسەندنی تەواوی پێکهاتەی گشتیی بەرهەمهێنان.

### قۆناغبەندیی بەرهەمهێنانی پەترۆڵی عێراق لە لایەن ڕووسیاوە

ئاسایشی وزەی ڕووسی لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣دا ئاماژەی بەوە داوە لە نێو قۆناغبەندیی بەرهەمهێنانی پەترۆڵ لە عێراقدا، ڕووسیا ڕووبەڕووی چەند گیروگرفتێک بووەتەوە، چونکە بڕی بەرهەم و پرۆسەی بەرهەمهێنان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو (٢٠١٩-٢٠٢٣) ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەتەوە و کەمتر جووڵەی کردووە. سەرەتای کێشەکە ئەوە بوو کە نەوتی کۆمپانیاکانی ڕووسیا لە عێراق، بە تایبەت لە لایەن کۆمپانیای لوکۆیل، ئاماژەیان بەوە دابوو ئاستی ئەو پاداشتەی کە بۆ هەر بەرمیلێکی تەواو وەریدەگرن زۆر نزمە. بۆ هەر بەرمیلێک کە وەرگیراوەتەوە، ١,١٥ دۆلاری ئەمەریکی دەدرا -کەمترین ڕێژەیە کە لەو کاتەدا بە هەر کۆمپانیایەکی نەوتی نێودەوڵەتی (IOC) لە عێراقدا دەدرا، ئەویش بەراورد بەو ٥,٥٠ دۆلاری ئەمەریکییەی کە دەدرا بە گازپرۆم نێفت بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی بەدرا کە ڕێژەکەی گەلێک بچووکتر بوو. خراپترکردنی دۆخەکە بۆ لوکۆیل لەو کاتەدا ئەوە بوو کە پێشتر لانی کەم ٨ ملیار دۆلاری ئەمەریکیی لە پەرەپێدانی قورنە ٢ی ڕۆژئاوا خەرج کردبوو و ئاڵۆزترکردنی ئەم گازندانەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە وەزارەتی نەوتی عێراق هێشتا نزیکەی ٦ ملیار دۆلاری ئەمەریکی وەک پاداشت قەرزاری بەرمیلە وەرگیراوەکانە.

جیا لەوە، ماڵپەڕی «OilPrice.com»ی ڕایگەیاندووە کۆمپانیای لوکۆیل دڵنیا کراوەتەوە کە وەزارەتی نەوتی عێراق بە خێرایی ئەو ٦ ملیار دۆلارە ئەمەریکییە دەدات کە قەرزاری کۆمپانیاکە بووە، جگە لەوەش وەزارەتی نەوت ڕەزامەند بووە لە سەر درێژکردنەوەی ماوەی گرێبەستی کۆمپانیای لوکۆیل لە ٢٠ ساڵەوە بۆ ٢٥ ساڵ، بەمەش تێکڕای تێچووی ساڵانەی کۆمپانیا ڕووسییەکەی کەم کردەوە. هەروەها ڕێککەوتن کرا کە کۆمپانیای لوکۆیل لانی کەم یەک ملیار و نیو دۆلاری ئەمەریکی لە قورنە ٢ی ڕۆژئاوا وەبەرهێنان بکات، بە ئامانجی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان لە ئاستی ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، نزیکتر لە ئامانجی لوتکەی بەرهەمهێنانی ١.٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

لە ڕاپۆرتێکی ساڵانەی خەمڵاندن کە لە لایەن کۆمپانیای لۆکۆیل هاتووە، بەشێک لە مانۆڕەکانی ڕووسیا بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان لە قورنە ٢ی ڕۆژئاوا بەئاکام نەگەیشتووە، زیاتر لەوە لوکۆیل ئەو کاتە دەیزانی کە توانای بەرهەمهێنانی لانی کەم ٦٣٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەیە، ئەگەرچی پێشتر کۆمپانیای نەوتی ڕووسی لە مانگەکانی ئاب و ئەیلوولی ٢٠١٧دا لە ماوەی درێژخایەندا ٦٥٠ هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا بەرهەم هێنابوو و تەنانەت دڵنیاییان دابووە حکومەتی عێراق کە بەرهەمهێنانی ٦٣٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بە شێوەیەکی بەردەوام بەبێ هیچ کێشەیەک دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت. بەڵام لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٧، وەزارەتی نەوتی عێراق بۆی دەرکەوت کە کۆمپانیای لوکۆیل دەستی بەسەر ئەواندا گرتووە. هەڕەشەی ڕاگرتنی هەموو پارەکانی بە هۆی لوکۆیل کرد تا دەستی کرد بە زیادکردنی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی بەردەوام تا ئاستی ٦٣٥ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە تاقیکردنەوەکانی بەرهەمهێنانی خۆی دەریانخستبوو کە بە تەواوی دەتوانرێت ئەم ئاستە لە گرێبەستێکی ماوە درێژ تاکوو ٢٠٣٥ بە ڕێژەیەکی بەرز بەدەست بهێنرێت. لە بەرامبەردا و دوای کشانەوەی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە عێراق، بەڕێوەبەرایەتیی باڵای کۆمپانیای لوکۆیل پێیان وا بوو کە کاتی گونجاوە هەوڵ بدرێتەوە وەزارەتی نەوت ناچار بکات ڕێز لە بەڵێنەکانی پێشووی خۆی بگرێت بۆ زیادکردنی قەرەبووی هەر بەرمیلێک لە کێڵگەی قورنە ٢ی ڕۆژئاوا. لوکۆیل ئاماژەی

بەوەش کرد ئەو داهاتەی ساڵانە لە سەددا ١٨,٥ی ئەو کێڵگەیە بەدەست ناهێنێت کە چاوەڕێی دەکرد، تەنها نزیکەی لە سەددا ١٠ی لە ڕاستیدا سەلمێنراوە، هەر بۆیە هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە وەزارەتی نەوت پێویستی بە باشترکردنی پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عێراق هەیە، ئەگەرنا کۆمپانیاکە لە پرۆژەکە دەردەچێت. جێگای سەرسوڕمانە بۆ ڕووسەکان وەڵامی وەزارەتی نەوت ئەوە بوو کە بڵێت باشە ئەگەر لۆکۆیل بیەوێت بڕوات، بەڵام پێش ئەوەی ئەو کارە بکات قەرەبوو دەداتەوە لە بری ئەو وەبەرهێنانە پێشوەختەی کە لە ساڵی ٢٠١٧ بەڵێنی پێ دابوو و لە ساڵی ٢٠١٩دا جارێکی دیکە بەڵێنی دابوو، وەک خۆی ئەو ئامانجە هەستیارانەی بەرهەمهێنانی نەوتی بەدی نەهێنابوو کە لە سەری ڕێک کەوتبوو.

## کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسیا و گەشەپێدانی کێڵگەی نەوتی ناسرییە

سیمۆن واتکنز (Simon Watkins) لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ ماڵپەڕی «OilPrice.com»، ئاماژەی بەوە دا کە کۆمپانیای زەبەلاحی غازی ڕووسی گازپرۆم گرێبەستی پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی ناسرییە لە ناوچەی ستراتیژی باشووری ڕۆژهەڵاتی عێراق کە نزیکە لە تێرمیناڵی سەرەکیی هەناردەکردنی فاو لە بەسرە پێ بەخشراوە، لە نزیکەی هەمان کاتدا ڕاگەیەنرا کە کۆمپانیای ئەندازیاری و بیناسازیی نەوتی چین (CPECC) و پترۆچینا تا کۆتایی چارەکی یەکەمی ئەمساڵ پرۆژەی غازی «حەلفایا» تەواو دەکەن. کێڵگەی «حەلفایا» ١٧٥ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کێڵگەی نەوتی ناسرییە دوورە و لەگەڵ بەسرە لە باشوورەوە سێگۆشەی کاریگەری نەوت و سەرچاوەکانی وزە پێک دەهێنن، کە چەندین گەشەپێدانی گەورەی نەوت و گاز لە ڕێگەی ڕووسیا و چینەوە لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەمە وەک ناوەندێکی لۆجستییە بۆ سەرجەم پرۆژەکانی نەوت و غازی چین و ڕووسیا لە عێراق، کە بێگومان کاریگەریی لە سەر بنیاتنانی چەندین پرۆژەی نانەوتیی پەیوەست بە «ڕێککەوتنی چوارچێوەی عێراق-چین» دەبێت.

بە پێی ڕاپۆرتێکی فەرمیی «کۆمپانیای سۆمۆ»، کێڵگە نەوتییە زەبەلاحەکەی ناسرییە بە ٤,٣٦ ملیار بەرمیل یەدەگ (تەنها لەو شوێنەی تاکوو ٢٠٢٤ کاری تێدا دەکرێت) مەزەندە دەکرێت، بەڵام لە دوای دۆزینەوەی چەند چیاوگێکی تر لە پارێزگای زیقار لە

لایەن کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٥، کارێکی کەم بۆ پەرەپێدانی نەوتەکە کراوە. بە شێوەیەکی تاقیکاری لە ساڵی ٢٠٠٩دا هاتە سەر کار و لە پلانی خێرای ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠)ی عێراقدا هاتە ناوەوە کە ئامانجی بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی بوو بۆ نزیکەی ٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، هەر بۆیە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا ئەم پرۆژەیە پێشکەشی کۆمپانیای «ENI»، نیپۆن ئۆیل، شیڤرۆن و رێپسۆڵ کرا، کە تێیدا پێشنیاری پەرەپێدانی کردبوو لە سەر بنەمای گرێبەستی بیناسازی و ئەندازیاری (EPC) لەگەڵ کۆمپانیایەک کە پێک هاتووە لە نەوتی نیپۆن، ئینپێکس و کۆمپانیای «JGC» کە بڕیارە گرێبەستەکە بباتەوە، چونکە رووسیا پشتیوانی دەکات، پاشان پلانی گەشەپێدان لە کێڵگەی ناسریە فراوانتر کرا وەک بەشێک لەو پرۆژەیەی ناو نرا «پرۆژەی یەکگرتووی ناسریە (NIP) کە پاڵاوگەیەکی ٣٠٠,٠٠٠ بەرمیل لە رۆژێکدا لەخۆ دەگرێت. ئەمەش بەشێک بوو لە پلانی عێراق لەو کاتەدا بۆ زیادکردنی توانای پاڵاوتنی لە سەرانسەری باشوور بە زیاتر لە ٧٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا تا (لەو کاتەدا) کۆتایی ساڵی ٢٠١٥. گرێبەستەکان بە شێوەیەکی بەرایی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی نەوت (IOC) کار بۆ جێبەجێکردنی کرا، کە بە نزیکەی ٥٠ ملیار دۆلاری ئەمەریکی وەبەرهێنان بۆ ئەم جۆرە پێشهاتانە لە کەربەلا، کەرکووک، میسان، موسڵ و ناسریە تەرخان کراوە. دیسانەوە ئەم پلانانە تووشی دواکەوتن و گۆڕانکاری بوون. دواتر گرێبەستێك بە مەبەستی گەشەپێدان گەشەپێدان کە لە مانگی شوباتی ٢٠٢٤ لەگەڵ کۆمپانیای گازپرۆم لە کێڵگەکانی ناسریە هاتە کایەوە، بەڵام پلانەکانی پێشووی پاڵاوگەکە لەخۆ ناگرێت، ئەمەش رێگە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ کۆمپانیایەکی چینی بۆ وەرگرتنی پرۆژەی پاڵاوگەکە وەک سەرچاوەیەکی باڵا کە لە نزیکەوە کار لەگەڵ وەزارەتی نەوتی ئێرانیش دەکات.

## پشتێنەی رووسی-چینی و هەوڵەکان بۆ جڵەوکردنی رۆڵی ئەمەریکا لە عێراق

یەکێن لە مێژە گەشەسەندنی پارێزگای زیقار وەک کلیلی ستراتیژی و ناوەندێک بۆ گەشەسەندی رۆڵی خۆی لە عێراقدا دەبینێت، وەک چۆن لەگەڵ ئێرانی دراوسێدا کردوویەتی، ئەگەرچی لە دۆسیەی تاراندا ئەم هەنگاوە لە رێگەی «رێککەوتنی

هەمەلایەنەی ئێران و چین بۆ ماوەی ٢٥ ساڵە›› بەدی هاتووە کە ئامانج لێی داڕشتنەوەی بازاڕی نوێی نەوتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بێگومان ئەم ستراتیژە بێ پشتیوانیی ڕووسیا و عێراق ئاستەم دەبێت، هەر بۆیە چین هەمان جۆری ڕێکخستن بۆ عێراق بەکار دەهێنێت، وەک لە «ڕێککەوتنی چوارچێوەی عێراق-چین››ی ساڵی ٢٠٢١دا کە تا ڕادەیەک لە سەر بنەمایەکی هاوبەش و یەکسان داڕێژراوە، ئەمەش لە بەرامبەردا درێژکراوەی قەبارە و پانتایی ڕێککەوتنی «نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان›› بوو کە لە مانگی ئەیلوولی ٢٠١٩ لە لایەن بەغداد و پەکین واژۆ کرا و ڕێگەی بە کۆمپانیا چینییەکان دا وەبەرهێنان لە پرۆژەکانی ژێرخانی عێراق لە بەرامبەر نەوتدا بکەن.

ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق ئاماژە بەوە دەکەن کە لە بنەڕەتدا چین بەنیازی ئەوە بوو ڕاستەوخۆ دەستی بگات بە دەستەبەرکردنی ئەو سامانانەی کە لە باشووری عێراق لە لایەن ڕووسیاوە کۆنترۆڵ کراوە، تا ئەندازەیەک درێژ بووەتەوە بۆ هەرێمی کوردستانیش، ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکەوە بەدی هاتووە، ئەوانیش:

یەکەم: لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١دا کۆمپانیای «ژێنهوا ئۆیل›› کە لقێکی کۆمپانیای «نۆرینکۆ››ی نوێنەری نەوتی دەوڵەتی چین، ڕێک کەوتن لە سەر دابینکردنی نەوتی پێشوەختە بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە بڕی ٢ ملیار دۆلاری ئەمەریکی، جارێکی دیکە جەختکردنەوە لە سەر ئەوەی کە چالاکییەکانی چین لە بواری غازیشدا ببنە بەشێک لە پلانە بەرفراوانەکانیان و کار بۆ کەمکردنەوەی دەستی ڕۆژئاوا بکەن.

دووەم: فراوانکردنی بنیاتنانی پەکین لە پرۆژەکانی نەوت و گاز لە سەرانسەری باشووری وڵاتەکەدا، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی بوارەکانی (گەڕان، پەرەپێدان، پاراستن، ئاسایش و... هتد) لە لایەن کۆمپانیا چینییەکانەوە.

سێیەم: وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی ٢٥ ساڵەی پێشووتر لەگەڵ ئێران -کە لە ڕێگەی بریکارە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانییەوە دەسەڵاتێکی گەورەی بەسەر عێراقدا هەیە، چین پێشتر دەستی کردبوو بە دروستکردنی پەیوەندییە لۆجستیکییە گەورەکان کە عێراقی بە پاڵپشتیی ئێران دەخزاندە بەرەی چینی-ڕووسی.

ئەم پەیوەندییە لۆجستییانە نەک هەر سوودیان بە چین گەیاند بە یارمەتیدانی

بنیاتنانی کۆیەکی یەککگرتوو لە سەرانسەری سەرچاوە بەرفراوانەکانی نەوت و گاز لە ئێران و عێراق، بەڵکوو چەندین پێگەی پێ بەخشی بۆ ئامادەییەکی ئەمنیی بەردەوام لە سەرانسەری هەردوو وڵاتدا، چونکە کۆمپانیا نەوتییەکان بە پێی ناوەرۆکی رێککەوتنەکان گەیشتبوونە ئەوەی جووڵەی سیاسی و سەربازی و ئەمنی بە پێویست دەزانن بۆ پاراستنی سەروەت و سامانە بەنرخەکانیان لە سەر زەوی لە هەر وڵاتێکدا کە کاری تێدا بکەن، هەر بۆیە چین و ڕووسیا چەندین کارمەندیان بەو پاساوە لە سەرانسەری دامەزراوە سەرەکییەکانی نەوت و گاز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو کردووتەوە. ماڵپەڕی «OilPrice.co» باس لەوە دەکات دوابەدوای ڕێککەوتنی نەوتی ژنهوا لە باشووری عێراق، بەغدا نزیکەی یەک ترلیۆن دینار (٧٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی)ی ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ پرۆژەکانی ژێرخانی شاری ئەلزوبەیر لە ناوەندی نەوتی بەسرە لە باشووری عێراق. ڕاگەیاندنی ئەلزوبەیر لە دەوروبەری هەمان کاتدا بوو کە لە لایەن بەغداوە گرێبەستێکی گەورەی دیکەی بە کۆمپانیایەکی دیکەی چینی بەخشی بۆ دروستکردنی فڕۆکەخانەی مەدەنی بۆ جێگرتنەوەی بنکەی سەربازی لە پارێزگای زیقار بە هاوکاریی ڕووسیا کە دەوڵەمەندە بە نەوت، لە کاتێکدا ناوچەی زیقار دوو لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لەخۆ دەگرێت، یەکێکیان ناسریە و ئەوی دیکەیان «غەرەف»ە، هەر بۆیە چینییەکان ڕایانگەیاند کە بەنیازن تا ساڵی ٢٠٢٤ فڕۆکەخانەیەک لەو ناوچەیە بکەنەوە، ئەوەش کارئاسانی دەکات بۆ دروستکردنی چەندین بینای گەورە کە ئەو ڕێگایانەی فڕۆکەخانەکە بە ناوەندی شارۆچکەی شارەکەوە دەبەستنەوە و بە جیا بە ناوچە نەوتییە سەرەکییەکانی دیکەی باشووری عێراقەوە گرێیان دەدات. لە گفتوگۆکانی دواتردا کە لە «ڕێککەوتنی چوارچێوەی عێراق و چین»ی ساڵی ٢٠٢١دا بەشدار بوون، بە کۆی دەنگ لە لایەن هەردوو لایەنەوە بڕیار درا کە فڕۆکەخانەکە دواتر فراوانتر بکرێت و ببێتە فڕۆکەخانەیەکی مەدەنی و سەربازیی دوو بەکارهێنان.

ئەم ستراتیژە ڕاستەوخۆیەی چین کەوتە ژێر کاریگەریی ئەمەریکاوە، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە پێشتر کاریگەریی چین و ڕووسیا لەو ئاستەدا

نەبوون کە لە ساڵی ٢٠٢٤ بەدەستیان هێناوە، سەرەڕای ئەوەش زۆر بە ڕوونی بۆ چین دەرکەوتووە کە دەستبەسەرداگرتنی کەرتی نەوتی باشووری عێراق بە هەمان شێوەی ڕووسیا لە باکووردا بە باشی لەگەڵ ئەمەریکادا ناچێتە سەر، بە تایبەت کە ئەم هەوڵانە بڕیار بوو لە لایەن بەرگریی چینەوە سەرکردایەتی بکرێن، کۆمپانیای نۆرینکۆی لق لە سەر نەوتی ژێنهوا ئۆیل بێننە عێراق، بۆ بەرگرتن لە مەترسییەکانی ئەمەریکاش، جگە لە بەکارهێنانی کارتی ڕووسیا و هەوڵدان بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی هاوبەشی ڕووسی-چینی، جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ «ڕێبازی کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی هیندستان».

## کاریگەریی قەیرانی ئۆکراین و سزا ڕۆژئاواییەکانی سەر ڕووسیا

لەشکرکێشیی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراین زۆرینەی هاوکێشەکانی گۆڕی، لەوانە هاوکێشە ئابوورییەکان و ئەو کاریگەرییانەی پەیوەندییان بە نرخی نەوتەوە هەبوو کە گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک نەگەیشتبوونە ئەو بەربەستەی کە هەر بەرمیلێک ١٤٠ دۆلار بوو، لەم نێوەندەدا سەرنجەکان ڕوویان لە عێراق کرد و ئەگەری ئەوە هەبوو کە ڕۆژئاواییەکان ئەو سزایانەی بەسەر مۆسکۆدا سەپاندیان، کاریگەریی دەبێت لە سەر ئەو کۆمپانیا ڕووسییانەی کە لە بواری نەوت و وزەی عێراق کار دەکەن، بە تایبەتی کە زۆرێک لەو کۆمپانیایانە گرێبەستی درێژخایەنیان لەگەڵ بەغداد هەیە.

ئەو سزایانەی گازپرۆمیان کردووەتە ئامانج، لە لایەن دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاوە سەپێنراون، چونکە سپۆنسەری فەرمیی بۆریی غازی «نۆرد ستریم دوو»ە کە بە هۆی سزاکانی ئەمەریکاوە کارکردنی وەستاوە و درێژییەکەی ١٢٣٠ کیلۆمەترە، بە دەریای باڵتیکدا تێدەپەڕێت. سەرەڕای ئەمەش، کۆمپانیاکە لە ساڵی (٢٠١٩)ەوە (واتە ئەو ساڵەی کە سزا بەسەر کۆمپانیاکەدا سەپێنرا) لە عێراقدا بەبێ بەربەست کار دەکات.

هەروەها کۆمپانیای ڕۆسنەفتی ڕووسی کە گرێبەستی لە هەرێمی کوردستان هەیە و

پشکی گەورەی لە نەوتدا هەیە، ئەگەرچی لە باشووری عێراقدا گرێبەستی نییە، بەڵام یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی لە ساڵی ٢٠٢٠دا سزای ئەمەریکای بەسەردا سەپێنرا و وەک چۆن سزاکان ئامانجیان... سەرۆکی کۆمپانیاکە دیدیۆ کاسیمیرۆ، کۆمپانیاکە تۆمەتبار کرد بە هاوکاریکردنی ڕژێمی ڤەنزوێلا، بەتایبەت لە بواری بە قاچاخیکردن لە فرۆشتن و گواستنەوەی نەوتی خاوی ڤەنزوێلا و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ڤەنزوێلی (PDVSA).

ماڵپەڕی سزاکانی «ئەلجەزیرە نێت» باس لەوە دەکات کە ئەمەریکا دوو کۆمپانیای ڕووسیی لەو سێ کۆمپانیایەی کە لە عێراق کار دەکەن خستووەتە بەر سزاکانی، بەڵام ئەمە کاریگەریی لە سەر کەرتی نەوت نەبووە لە ئەگەری ئەوەی کۆمپانیا ڕووسییەکان نەتوانن کارەکان لە عێراق تەواو بکەن و بکشێنەوە، لەم بارەدا حکومەتی عێراق بە دوو ئاراستەدا دەڕوات: یەکەمیان لە لایەن پسپۆڕی نەوتەوە دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی جێگەی هەوڵە نیشتمانییەکە بگرێتەوە، وەک ئەوەی لە کێڵگەی «مەجنوون» ڕووی دا کاتێک کۆمپانیای «شێڵ» کشایەوە، بەڵام ڕێبازی دووەم ئاسانتر بوو کە بریتییە لە هەڵبژاردنی کۆمپانیایەکی تر لە شوێنی خۆی.

سەبارەت بە کاردانەوەکانی سزاکانی ئەمەریکا لە سەر کۆمپانیاکانی ڕووسیا و نرخی نەوت، ڕاپۆرتەکە ڕایگەیاندووە عێراق زیانی پێ ناگات بە هۆی سەپاندنی سزاکانی ئەمەریکا بەسەر کۆمپانیا ڕووسییەکاندا لە ڕووی کارکردن لە ناوخۆی وڵاتدا، بەڵام ڕەنگە ئەو سزایانە بەشدار بن لە بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێک نەوت و بەم جۆرە کەرتی نەوتی عێراق سوودمەند دەبێت، چونکە داهاتی نەوت؛ ٩٠٪ی داهاتی گشتیی دەوڵەت پێک دەهێنێت.

# سەرچاوەکان


1- *Simon Watkins: Russia Takes Control of Iraq's Biggest Oil Discovery for 20 Years, Nov 28, 2023, https://shorturl.at/6pnvA*

2- *The Real Reason Russia Is Ramping Up Oil Production In Iraq, OilPrice.com, Aug 15, 2023, https://shorturl.at/oYbiP*

3- *Simon Watkins: Russia's Gazprom Awarded Iraq's Huge Nasiriyah Oil Development, OilPrice.com, Feb 12, https://oilprice.com/Energy/Energy-General/Russias-Gazprom-Awarded-Iraqs-Huge-Nasiriyah-Oil-Development.html*

4- *ZeroHedge: Diesel Prices Set to Surge in 2024, OilPrice.com, Feb 09, 2024, https://oilprice.com/Energy/Gas-Prices/Diesel-Prices-Set-to-Surge-in-2024.html.*

٥- صلاح حسن بابان: شركات النفط الروسية في العراق.. ما مدى تأثير أزمة أوكرانيا وعقوبات الغرب على بغداد؟ الجزيره نيت، ١٣ – ٣- ٢٠٢٢،

*https://shorturl.at/6DoNK*

٦-هل تهدد العقوبات حضور الشركات الروسية في العراق؟، ٨-٤-٢٠٢٤،

*https://shorturl.at/Vlbtk*

٧-أحمد بدر: ٧ شركات صينية تسيطر على تراخيص النفط والغاز في العراق (تحديث)، الطاقة، ١٣ آيار ٢٠٢٤،

*https://shorturl.at/xYvYx*

کتێبی ئایـندەیی

ئایندەناسی

### گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

# بونیادنانی کۆشکی لمی

ئامادەکردن: ئایندەناسی






کتێبی «گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: بونیادنانی کۆشکی لمی»، لە لایەن نیکۆ پۆپسکۆ (Nicu Popescu) و ستانیسلاو سکریرۆ (Stanislav Secrieru) ئامادە کراوە. پۆپسکۆ؛ نووسەر و دیپلۆماتکاری مەلدۆڤیایی، خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و لە ساڵانی ٢٠٠٥ تاوەکوو ٢٠٠٧ توێژەری ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی سیاسەتی ئەورووپا(CEPS) لە برۆکسێل بووە. خاوەنی سێ کتێب و ٦٠ توێژینەوەی زانستی و سیاسییە. توێژینەوەکانی لە فایننشاڵ تایمز، نیویۆرک تایمز، گاردیەن، فارین پەڵسی، لۆمۆند، لۆسۆئار و ئوراکتیڤ بڵاو بووەتەوە. سکریرۆ؛ شرۆڤەکار و لێکۆڵەری دامەزراوەی لێکۆڵینەوە ئەمنییەکانی یەکێتیی ئەورووپا و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەنیستیتۆی نیشتمانیی زانستی سیاسی و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی لە ڕۆمانیایە.

ئەم کتێبە هەڵسەنگاندنێک بۆ نفووز و کاریگەرییەکانی ڕووسیا دەخاتە ڕوو و دەستکەوتە سیاسی، دیپلۆماسی و بازرگانییە بەدەستهاتووەکانی دەرئەنجامی بڕیارەکەی پۆتین بۆ دەستتێوەردامی سەربازی لە سووریا لە سێپتەمبەری ٢٠١٥ هەڵدەسەنگێنێت. بڕیارێک کە بە «هەڵسانەوە»ی دووبارەی ڕووسیا لە سیاسەتی جیهانی و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێک دەدرێتەوە.

کتێبەکە لە ١٢ بابەت پێک هاتووە، کە زیاتر لە سەر گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ باکووری ئەفەریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چڕ بووەتەوە، بە تایبەتی لە پاش بەهاری عەرەبی، ڕووسیا ئامادەییەکی هەمەلایەنەی لە ناوچەکەدا هەبووە و بە بەشداریی ڕاستەخۆی سەربازی لە سووریا گەیشتە لوتکە. ڕووسیا لە کرداردا هۆشمەندانە یاریی بە کاردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و توانیویەتی بەسەر گۆشەگیربوونە سەپێنراوە دیپلۆماسییەکی زاڵ بێت.

بابەتی یەکەم: بە ناونیشانی «یەکێتیی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: لێکدانەوەیەکی گشتی»، سۆڤیەتی وەکوو زلهێزێکی خۆدوورگر دەزانێت کە بە پێچەوانەوەی ویستی خۆی چووەتە نێو شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شکستی

خواردووە. بوونی دووبارەی ڕووسیا لە ناوچەکە تەنیا بە لایەنی سەربازی و ئایدۆلۆژییەوە ناوەستێت، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتەری سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەخۆ دەگرێت و پشت بە ستراتیژی نوێ دەبەستێت. بۆ نموونە؛ سەرەڕای ستراتیژی یەکێتیی سۆڤیەت لە بواری دەستتێوەردانی سەربازی لە ئەفغانستان کە زیان و قوربانیی زۆری بەدواوە بوو، ستراتیژی سەربازیی نوێی ڕووسیا لە سەر بنەمای تێچوونی کەمتر و بەکارهێنانی هێز بە وەکالەتەکان (پرۆکسی) وەستاوە.

بابەتی دووەم: بە ناونیشانی «چ شتێک سیاسەتی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاراستە دەکات؟»، لێکدانەوە بۆ دۆخی ڕووسیا لە پاش سەرکەوتنی لە سووریا دەکات بۆ ئەوەی چوارچێوەکانی پەیوەندیی ئەمەریکا و ڕووسیا و کێشە و ناکۆکییەکانیان ڕوون بکاتەوە، هەروەها سنووردارییەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستنیشان بکات.

بابەتی سێیەم: «دیپلۆماسیی وزەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، ئەم بابەتە تایبەتە بە بابەتەکانی وەک ئۆپێک و وزەی ناوەکیی ڕووسیا لە پەیوەندی بە ئەمەریکا و ئەورووپاوە. دیپلۆماسیی هۆشمەندانەی وزەی ڕووسیا لە زەمینەی هاوکارییە نزیکەکان لەگەڵ وڵاتانی هەناردەکەری نەوت، لە کرداردا بازاڕەکانی وزەی لە دەست وڵاتانی عەرەبی دەرهێناوە. هەروەها داهێنانە سیاسییەکان وای کردووە کە ڕووسیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دژبەیەکی وەک سعودیە و ئێران، ئیسرائیل و ئێران، قەتەر و سعودیە و...؛ بە باشی بەڕێوە ببات.

بابەتی چوارەم: پەیوەندیی بە یەکێک لە حەزە گرنگەکانی ڕووسیاوە وەک زلهێزێک هەیە کە بریتییە لە هەناردەکردنی چەک و تەقەمەنی. ئەم بابەتە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئایا پێکهەڵپژانەکانی سووریا، یارمەتیی ڕووسیای داوە بۆ هەناردەکردنی چەک و تەقەمەنی؟

بابەتی پێنجەم: شیکارێکی سیاسییە سەبارەت بە بوونی ڕووسیا لە سووریا و ئامانجەکانی لەم لایەنەوە، جێپێی سەربازی لە سووریا بە پێی پێشینە مێژووییەکان و دواتر کاریگەریی ئامادەبوونی سەربازیی ڕووسیا لە سەر ئایندەی هێزە چەکدارەکانی ڕووسیا.

بابەتی شەشەم: لێکدانەوەی خۆپارێزیی ڕووسیا لە شەڕی داعش و دابەشکاریی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا و سەرزەنشتی ڕۆژئاوا بۆ ڕووسیا دەگرێتەوە. دەرکەوتنی داعش هەلێکی زێڕینی بە ڕووسیا بەخشی بۆ ئەوەی لە ڕای گشتیی جیهاندا خۆی وەک پێشڕەوی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تیرۆریزمدا نیشان بدات.

بابەتی حەوتەم: ڕووسیا و بەرەی خۆڕاگری کە ئێران لەم گرووپەدا جێی دەبێتەوە، هۆکارەکانی نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوە لە نێوان ئەم بەرەیە و ڕووسیا کە دەوڵەتەکانی پەراوێزی کەنداو و ئیسرائیل کاریگەرن لەم ڕووەوە. وڵامی ئەو پرسیارەی کە ڕووسیا چۆن دەتوانێت هاوسەنگییەک لە نێو ئەم پەیوەندییە دژەیەکانە دروست بکات.

بابەتی هەشتەم: ڕۆڵ و پێگەی ڕووسیا لە باکووری ئەفەریقا؛ بابەتێکی دیکەی گرنگی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ڕووسیایە. پەیوەندیی ڕووسیا لەگەڵ میسر وەک هاوپەیمانێتییەکی نوێی نێوان سیسی و پۆتین خوێندنەوەی بۆ کراوە و پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ جەزائیر کە لە گەشەسەندنی بەردەوامدایە، لە پەیوەندییەکی هەناردەکردنی چەک و تەقەمەنی زیاترە. گەرموگوڕیی ڕووسیا لەگەڵ مەراکش و سەرکەوتنەکانی لە تونس؛ دەرخەری پێشکەوتنە سیاسی، دیپلۆماسی، سەربازی و ئابوورییەکانی ڕووسیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفەریقا.

بابەتی نۆیەم: تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداو؛ یەکێکی تر لە گرنگترین بابەتەکانی ئەم کتێبە پێک دەهێنێت کە وەرچەرخانی سیاسەتەکانی ڕووسیا لە ئاست وڵاتانی هاوکاریی کەنداو و بە تایبەتی سعودیە، قەتەر و ئیمارات ڕوون دەکاتەوە.

بابەتی دەیەم: پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا؛ بابەتێکی تری پەیوەست بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی ڕووسیایە کە هەوڵی داوە ئارێشە و سنووردارییەکانی پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵات و لایەنە شاراوە و ئاڵۆزەکانی ڕوون بکاتەوە و وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە چ شتێک لە هەناوی پەیوەندییەکانی نێوانیان هەیە.

بابەتی یانزەیەم: پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و ئیسرائیل لە دۆستییەکی ڕێتێنەچوو تاوەکوو هاوکارییەکی چاوەڕواننەکراوی نێوانیان لەخۆ دەگرێت.

نزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە سووریا، لەو هۆکارانەیە کە توانبیت کیشە بۆ پەیوەندییەکانیان دروست بکات.

بابەتی دوانزەیەم: ئەنجامگیریی بابەتەکانە و لە کۆتاییدا ئامادەکارانی کتێبەکە لەو بڕوایەدان کە گەڕانەوەی ڕووسیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵسانەوەیەکە لە کۆتاییدا بووەتە هۆی زەلکاوی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەشێکی زۆری ویستی ڕووسیا بۆ نفووزی دووبارە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ژێر کاریگەریی ئەو گۆشەگیرییە بووە کە ڕووسیا لە پاش داگیرکردنی کەریمە لە ئاستی سیاسەتە جیهانییەکاندا تووشی بوو. ئەم گۆشەگیرییە لە پاش هێرشی ڕووسیا بۆ ئۆکراین فراوانتر بوو، بەڵام هێشتا ئەو بەشە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا کە تا ڕادەیەک لەنێو نەچووە، پەیوەندییەکانیەتی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئێران زیاتر لە ڕابردوو بە لای ڕووسیادا سووڕاوەتەوە و عەرەبستان، ئیسرائیل و تورکیا لەو هێزانەن کە ڕووسیایان پشتگوێ نەخستووە.

ئەم کتێبە ئەوە دەردەخات کە چۆن پۆتین بە گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانیی لەو گۆشەگیرییەی کە ڕۆژئاوا لە پاش شەڕی کەریمە لە ٢٠١٤ و شەری دژ بە ئۆکراین بەسەر ڕووسیادا سەپاندبووی، ڕزگاری ببێت. بە پێچەوانەی سەردەمی سۆڤیەت، دەستتێوەردانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەمڕۆ؛ نائایدۆلۆژیک، پراگماتیک و سازگارە. ڕووسیا تەنیا هێزێکە کە لە تەواوی پێکهەڵپژانەکانی ناوچەکەدا لەگەڵ هەموو لایەنەکان گفتوگۆ دەکات، ئەم وڵاتە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئێران و هەموو وڵاتە گەورە سوننەمەزهەبەکان و هەروەها ئیسرائیلدا هەیە.

ڕووسیا توانیی ئێران و حزبوڵا لە ئەنجامدانی کردەوەی تایبەت دژ بە ئیسرائیل پاشگەز بکاتەوە و لەگەڵ عەرەبستان لە ساڵی ٢٠١٦ هاوپەیمانێتییەکیان بۆ سنووردارکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و ڕاگرتنی بەهای نەوت پێک هێنا. بۆیە زۆرێک لە وڵاتان و گرووپەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا وەک دەلاڵێکی ڕاستگۆ لە ڕووسیا دەڕوانن. دەرچوونی ڕێژەیی ئەمەریکا لە سووریا، هەلی گەورەی خستە بەردەم ڕووسیا و بە بڕوای بەشێک لە چاودێران ڕووسیا لە سووریا براوەیە، هەر چەندە ئەمە لێکدانەوەیەکی دوورمەودا نییە.

فەرهەنگی ئایندەناسی

# ئایندەناسی



# کۆمەڵەی ڤاگنەر

**ئامادەکردن: د. جەلیل عومەر عەلی**




سەرکردەی سەربازی ڤاگنەر، یێڤگێنی ڤیکتەرەڤیچ پریگۆژن، لە (٢٠٢٣/٦/٢٤) هەڵگەڕانەوەی خۆی لە هێزەکانی ڕووسیا ڕاگەیاند، ڕاستەوخۆ وەزیری بەرگری و سەرۆکئەرکانی ڕووسیا داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کرد و لە هەمان کاتدا هێرشی توندیشی کردە سەری. هێزەکانی ڤاگنەر بەرەو مۆسکۆ کشان. لێرەوە ڤلادیمیر پۆتین سەرۆکی ڕووسیا وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و وتی کە ئەمە خیانەت و خنجەرلێدانە لە پشتەوە. لە هەمان ڕۆژدا بە ناوبژیوانیی سەرۆکی بیلاڕووسیا هەڵگەڕانەوەکە وەستا، بەو مەرجەی سەرۆکی ڤاگنەر لەو وڵاتە نیشتەجێ ببێت، بەمەش هەمووان سەرسام بوون بە خێرایی هەڵگەڕانەوەی هێزەکانی ڤاگنەر و کۆتاییهاتنی.

ناوی «ڤاگنەر» بۆ یەکەم جار لە بەهاری ساڵی ٢٠١٤، لە ساتەوەختی پێکدادانەکانی خۆرهەڵاتی ئۆکراین دەرکەوت کاتێ جوداخوازەکانی ئۆکراین کە سەر بە ڕووسیا بوون،

لە دۆنباس داوای سەربەخۆییان دەکرد، پاشان ناوبانگیان بە هەموو جیهاندا بڵاوەی کرد دوابەدوای بەشداریکردنیان لە کردەوە سەربازی و ڕاهێنان و چاودێرییەکان لە سووریا لە ساڵی ٢٠١٥ بەدواوە.

کۆمپانیا ئاسایشی و سەربازییە تایبەتەکان لە ڕووسیا، پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەو دەیان هەزار سەربازەی کە بێکار بوون دامەزران وەک ئامرازێک بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی پاشاگەردانی و ناسەقامگیری. هەر بۆیە کۆمەڵەی ڤاگنەریش بریتییە لە کۆمپانیایەکی ئاسایشی ڕووسیی نیمچەحکومی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و ملیاردێری ڕووسی «یەفغینی بریغیجینی» کە بە چێشتلێنەری سەرۆکی ڕووسی ناسراوە؛ خاوەندارێتیی دەکرد، لە بەر ئەوەی چێشتخانەیەکی هەبوو خواردنی بۆ سەرۆکی ڕووسیا ئامادە دەکرد. کۆمپانیاکە گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا هەیە بۆ ڕاهێنانی ئەندامەکانی و پڕچەکردنی، لە بەرامبەردا وەک میلیشیا کاری نایاسایی و قێزەون بۆ وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا دەکات، سەرەڕای کارە ئابوورییەکانی، ئەمەش هاوشێوەی کۆمپانیای «بلاکۆتەری ئەمەریکی»یە کە لە عێراقدا ناوبانگێکی خراپیان هەبوو پاش ساڵی ٢٠٠٣.

هێزەکانی ڤاگنەر لە دەرەوەی هەر لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیەکی یاسایی دەجووڵێنەوە و ئەرکیان کوشتن و لەناوبردن و دەستگیرکردن و ئەشکەنجەدانە بەبێ لێپرسینەوەی یاسایی، لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا کارەکانیان لە دەرەوەی خاکی ڕووسیایە و لە ناوخۆدا نییە. بەڵام ڕووسیا لە پاش هەڵگیرسانی جەنگ لەگەڵ ئۆکراین لە (٢٠٢٢/٢/٢٤)، بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتی بە هێزەکانی ڤاگنەر بەستووە. سەرۆکی ڕووسیا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی لە (٢٠٢٣/٦/٢٧)دا وتی: «دەوڵەت بڕی (٦٨,٢٦٢) ملیار ڕۆبڵ (نزیکەی یەک ملیار دۆلار) وەک مووچە و پاداشت تەنها لە نێوان مانگەکانی (ئایاری ٢٠٢٢-ئایاری ٢٠٢٣)ی پێ داون». لێرەوە سەرکردەی ڤاگنەر هەستی بە بەهێزی و لەخۆباییبوون کرد و پێی وا بوو هەر چیی بوێت دەتوانێت بیکات و گەلی ڕووسیش لەگەڵیدان. هێزەکانی لە دەوڵەتەکانی سووریا و لیبیا و مالی و ئەفەریقای ناوەڕاست بڵاوەی پێ کراوە.

لەگەڵ ئەوەی ناسنامە و ژمارەی ئەندامانی ڤاگنەر و تواناکانیان بە تەواوی نازانرێت، بەڵام هەندێک لە بەدواداچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەیان لە نێوان (٣،٦٠٠-٥٠٠٠) سەربازە و زۆرینەیان بە ڕەچەڵەک ڕووسیین و کەمینەیەکیان لە ئۆکرانی و ئەرمینی

و مۆڵداڤی و جۆرجی و ڕووسیای سپین.

هەر لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەر لایەنێک یان ڕۆژنامەنووسێک بەشوێن ڕاستیی ژمارە و توانا و پەیوەندییەکانی ڤاگنەردا بگەڕێت، ڕووبەڕووی مەترسیی زۆر دەبێتەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەنووس «مەکسیم بورودین» کە لە سەر چالاکییەکانی کۆمەڵەی ڤاگنەر لە سووریا دەینووسی، کۆتایی بە ژیانی هات بە هۆی کەوتنەخوارەوەی لە باڵکۆنی ماڵەکەی لە مانگی ئەپریلی ٢٠١٨، وە لە هەمان ساڵدا سێ ڕژنامەنووسی ڕووسیی تر بە گوللە کۆتایی بە ژیانیان هێنرا پاش ئەوەی ویستیان فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لە سەر چالاکییەکانی ڤاگنەر لە دەوڵەتی ئەفەریقای ناوەڕاست ئامادە بکەن.

پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و خانەنشینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و پیاوانی ئاسایش، ڕوویان کردە دامەزراندنی کۆمپانیا ئاسایشی و سەربازییەکان، نزیکەی (٢٠٠٠٠) کۆمپانیای پاراستنی تایبەت لە ڕووسیا هەیە، لەگەڵ (٤٠٠٠) کۆمپانیای ئاسایشی تایبەت، هەروەها (١٠-٢٠) کۆمپانیای سەربازیی تایبەت. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵەی ڤاگنەر بریتییە لە:

١. کۆمپانیایەکە بۆ کۆکردنەوەی بەکرێگیراوەکان (المرتزقە) لە کۆنەسەبازەکان و خانەنشینکراوەکانی هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی ڕووسیا پێک هاتووە، سەرەڕای جەنگاوەرە هاوسۆزەکانی ڕووسیا لە دەوڵەتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو یاخود سرپیا.

٢. یاخود کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاریی سەربازیی تایبەتە لە سەر شێوازی «بلاکۆتەر»ی ئەمەریکی کە بە شێوەی نافەرمی کار دەکات و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ڕووسیا.

لە کاتێکدا هەندێک لە بۆچوونەکان دەڵێن: ڤاگنەر ناچێتە ژێر ناونیشانی کۆمەڵەی «بەکرێگیراوان» یاخود کۆمەڵەی کۆمپانیا سەربازییە تایبەتەکان، هەروەک چۆن هەندێک پێناسەیان دەکات بەوەی کە ئامرازێکی جیۆسیاسییە، کرملین بەکاریان دەهێنێت وەک ئامرازێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا.

ئەم ناڕوونی و لێڵییە لە سەر کۆمەڵەی ڤاگنەر وا دەکات سیاسەتی ڕووسیا خۆی بدزێتەوە لە هەر ڕۆڵێکی فەرمی لە ناوچەکانی ململانێی گەرم لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان، بەم شێوەیەش دان نانێت بە ژمارەی کوژراوان و خۆی لە بەرپرسیارێتی دەدزێتەوە کاتێک کۆمەڵەکە تاوانی جەنگ ئەنجام دەدەن.

ڕسلان لیفییف نووسەری ڕووسی و دامەزرێنەری کۆمەڵەی «Conflict Intelligence» کە کۆمەڵەیەکی بەدواداچوونی سەربەخۆیە، دەڵێت: «ڕووکارەکانی ئەم ململانێیە پێمان دەڵێت کە بەکرێگیراوانی سوپای ڤاگنەر دەستپێشخەرن لە چوونیان بۆ شەڕەکان...» ئەمەش ئەو ستراتیژەیە کە وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا دەیگرێتە بەر بە ناردنی بەکرێگیراوان بۆ ناوچە زۆر مەترسیدارەکان، بەمەش دوور دەکەوێتەوە لە زیان لە ڕیزی سەبازەکانی و پارێزگارییش لە وێنەی سەرکەوتنی کردەوە سەربازییەکان دەکات.

دەتوانین بڵێین ڤاگنەر لە ژێر چەتری دەوڵەتی ڕووسیا کار دەکات، بە تایبەت لە ژێر چاودێریی دەزگای هەواڵگریی سەربازیدایە، بەڵام پانتاییەکی دیاریکراوی هەیە لە سەربەخۆیی کارکردن، وەک ئەوەی لە هێرشی ڤاگنەر بۆ سەر کارگەی غازی کۆنۆکۆ لە پارێزگای دێرزور لە سووریا لە (٢٠١٨/٢/٧) ڕووی دا کە ئەو ناوچەیەش لە ژێر کۆنترۆڵی هێزە کوردییەکاندا بوو بە چاودێریی ئەمەریکا. کاتێک واشنتن ڕووسیای لە هێرشەکە ئاگادار کردەوە و داوای کشانەوەیانی کرد، مۆسکۆ بێئاگایی خۆی لەو هێرشانە ڕاگەیاند.

## سەرچاوەکان

- احمد مولانا، شركة فاغنر الروسية النشأة والدور و التأثير، دراسات سياسية، ٢٠٢١. على الرابط:
*https://www.researchgate.net/publication/349297885_shrkt_faghnr_alrwsyt_alnshat_waldwr_waltathyr*


- بدون اسم الكاتب، ما واء تمرد قوات فاغنر الروسية، جريدة الراية، على الربط:
*https://www.hizb-ut-tahrir.org/PDF/EN/en_w_pdf/2023_07_01_Jawab.pdf*

- فوزي خلف الله و رياحي الطاهر، خصخصة الحرب في ليبيا دراسة نموزج «شركة فاغنر الروسية»، مجلة الفكر القانوني و السياسي، المجلد السادس، العدد (٢)، ٢٠٢٢.

- فاغنر «ميليشيا الجيش الروسي في سوريا، مركز الخطابس للدراسات، على الرابط:
*https://alkhattabirw.com/wp-content/uploads/2021/12/%D9%81%D8%A7%D8%BA%D9%86%D8%B1.pdf*

CFS
Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

































CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی



CFS

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢١) ساڵی پێنجەم، ئابی ٢٠٢٤